تصوير ابو عبد الرحمن الكردي



ئایا بە دوای کارێکدا دەگەڕێیت؟

نوسینی : د. محمد العريفي

وەرگێڕانی : م. مجید حمید مجید / کفری

پێداچوونەوەی : صلاح الدین عبدالکریم

چاپی یەکـــەم

١٤٢٩کۆچی
٢٠٠٨زاینی

ئایا بە دوای کارێکدا دەگەڕێیت ؟

نوسینی: د. محمد العريفي

وەرگێڕانی:- باوكي يوسف

م.مجيد حميد مجيد/كفري

پێداچونەوەی: صلاح الدين عبدالكريم

چاپی یەکەم

١٤٢٩ك/ ٢٠٠٨ز

ناوی کتێب: ئایا بەدوای کارێکدا دەگەڕێیت؟

ناوی نووسەر: د. محمد العريفي

ناوی وەرگێڕ: باوکي يوسف م/ مجيد حميد مجيد (٠٧٧٠١٩٩٢٣٩٢).

پێداچوونەوەی: صلاح الدين عبد الكريم .

ژمارەی سپاردن: ژمارە (١٤١٠) پێ دراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە .

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم _ (١٤٢٩ هـ / ٢٠٠٨) .

بنکەی بڵاوکردنەوە : کتێبخانەی سیما / چەمچەماڵ (٠٧٧٠١٢٢٣٦٠٨٩) .

چاپخانە : سیما / سلێمانی .

دیزاینی بەرگ: کۆمپیوتەری جیهان/ چەمچەماڵ.

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ باللهِ من شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ [سورة آل عمران ١٠٢] .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ [سورة النساء : ١] .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ [سورة الأحزاب : ٧٠ ــ ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری میهرەبان و درووود و سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ... لەپاشاندا ...

بەڵێ .. زۆربەی خەڵکی سوورن لەسەر کارکردن .. وەپێشبڕکێی بۆ دەکەن.. هەر کاتێك لە جێگایەك بانگەواز بکەن بۆ ئەوەی کە کرێکاریان دەوێ یان فەرمانبەریان دەوێ .. ئەوا دەبینین بە هەزاران کەس پێشبڕکێی بۆ دەکەن .. بەڵام دەزانی شوێنکارێکی بەتاڵ هەیە .. کارێکی خودایيە .. خوای گەورە بۆ هەموو جیهانی خستووەتە ڕوو .. وە کەس ناتوانیت ئەو کارە بە دەس بهێنێ تەنها کەسانێك نەبێت کە خوا خۆشیانی دەوێت .. پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت :- (إذا أراد الله بعبد خيرا استعمله، قالوا يا رسول الله ﷺ وكيف يستعمله؟ قال؟ يوفقه لعمل صالح قبل موته)[1].

واتە: ئەگەر خوای گەورە چاکەی بۆ بەندەیەکی ویست ئەوا پێش مردنی کارێکی پێ دەسپێرێ.. کابرایەك پرسی:- چ کارێکی پێ دەسپێرێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :- خوای گەورە یارمەتی و ئاسانکاری بۆ دەکات بۆ کاری چاکە و بەو شێوەیە گیانی دەکێشێ . بۆیە پیاو چاکان غەمبار دەبوون کاتێك لە دەستیان دەرچووبایە .. تەماشاکە خۆشەویستمان ﷺ باسی ڕۆژی قیامەت بۆ هاوەڵانی ﷺ دەکات وە هەواڵیان دەداتێ کەوا حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتەکەی دەچنە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە و سزادان .. هاوەڵان ﷺ سەرسام دەبن بۆ ئەو ڕێزە گەورەیە .. بە بێ دواکەتن و بە پەلە

(١) (ظلال الجنة: رقم: ٣٩٧) .

(عکاشەی کوڕی محصنﷺ) خۆی دەهاوێژێتە ناو ئەو مەسەلەیەوە و ئەو هەلە لە دەستی خۆی نادات و پێش ئەوەی لە دەستی دەربچێت بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێت:- ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ داوا لە خوا بکە کە من ببمە یەکێك لەوان .. خۆشەویستﷺ فەرمووی:- تۆ یەکێکی لەوان .. وە عکاشەﷺ ئەو پلەیە دەباتەوە.. ئەمجار دەرگاکە دادەخرێت .. وە بە یەکێکی تر لە پاش ئەو دەڵێت ﷺ:- عکاشەﷺ پێشت کەوت .. بەڵێ ئەوان لە پێشبڕکێدا دەژیان لە هەموو دەرگایەك لە دەرگاکانی چاکە .. کەچی تۆ خۆت دەبینی کە هەرگیز لە گۆڕەپانی کرداری چاکەدا پێشبڕکێ ناکەیت لەگەڵ پیاو چاکاندا .. بۆیە لێپێچینەوە لەگەڵ خۆتدا بکە .. ڕەنگە تاوانەکانت هۆیەك بن .. وە ئەو کەسانە بهێنە یادی خۆت .. کە خوای گەورە خۆشیانی ناوێت و لە چاکەدا کاریان پێ ڕاناسپێرێ.. خوای گەورە دەربارەی دوو ڕووەکان دەفەرموێت:-

﴿وَلَوْ أَرَادُواْ الْخُرُوجَ لأَعَدُّواْ لَهُ عُدَّةً وَلَـكِن كَرِهَ اللّهُ انبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُواْ مَعَ الْقَاعِدِينَ﴾ [التوبة: ٤٦] ·

واتە:- ئەگەر ئەو دووڕووانە بیانویستایە دەرچن (بۆ غەزا) ئەوە خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، بەڵام خوا چالاکی نواندن و دەرچوونی ئەوانی نەویست (چونکە دڵ و دەروون نەخۆش بوون)، لەبەر ئەوە سستی کردن و لەشی قورس کردن پێیان وترا: دانیشن بۆ خۆتان لەگەڵ پیر و منداڵ و پەککەوتەکاندا ·

بۆیە من لێرەدا هەوڵم داوە و کۆمەڵە کارێکم خستووەتە ڕوو کە پاداشتێکی گەورەیان هەیە .. وە لەم چەند لاپەڕەیەدا بڵاوم کردووەتەوە وە هەرچی شتێکی تیادا ڕاست بوو ئەوا لەیارمەتی و ئاسانکاری و چاکە و ڕێزی خوداوەیە، وە هەر هەڵەیەکی تیادا بوو ئەوە لە من و لە شەیتانەوەیە وە من تەوبە لەو هەڵانە دەکەم

و داوای لێخۆشبوونی لـێ دەکـەم .. وە چـاوەڕوانی ئاگادارکردنـەوە و ئامۆژگـاری ئێوەم و سوپاسی ئەو کەسە دەکەم کە ڕێنمویی و ئامۆژگاریم دەکات و دوعـای بـۆ دەکەم

داوا لە خوا دەکەم کە موسڵمانان سوودی لێ وەربگرن ...آمین........

نوسيني // محمد بن عبدالرحمن العريفي

****

... لە ئێوارە شەوێكی زستاندا زەنگی تەلەفونەكە لێیدا .. كە هەڵمگرد زانیم (عبدالله) یە .. بەڵێ .. عبدالله ساڵی پێشوو كۆلێژی تەواو كرد و لەو كاتەوە چیتر پەیوەندیمان نەماوە .. هەر كە دەنگی ئەوم بیست .. یەكسەر وێنەی هاتەوە یادم كە هەردەم روویەكی گەشاوەی هەبوو، گەنجێكی بە شان و شەوكەت بوو .. سڵاوی خوات لێ بێت ئەی عبدالله .. چۆنیّ .. دەنگ و باست چۆنە .. ئەی .. لەم كاتەدا بە دەنگێكی لاوازەوە قسەكانی منی بڕی:– ئەی مامۆستا ئێستا كەوتمە یادت؟ گوتم:– بەڵێ .. چۆن لە بیرت دەكەم .. زۆر لەگەڵ قسەكانی مندا تێكەڵ نەبوو وە هیچ وەڵامێكی ئەوتۆی نەبوو .. بەڵام بە دەنگێكی لاوازەوە فەرمووی:– دەمەوێت سەردانم بكەیت لە ماڵەكەی خۆم .. چونكە زۆر پێویستە .. ئاە بە داخەوە من ناتوانم سەردانت بكەم وە پرسیار مەكە بۆچی چونكە ئەگەر هاتیت خۆت هۆیەكەی دەزانیت .. ئەم قسانەی بە دەنگێكی نزمی خەماوییەوە گوت .. بەڵام قسەكانی بە شێوەیەكی دڵنیایی یەوە دەكرد .. رێگەی ماڵی خۆیانی پێ گوتم .. لە دەرگام دا .. برا بچووكەكەی دەرگای كردەوە .. عبدالله لە كوێیە؟ عبدالله لە ژووری مێوانە فەرموو .. كوڕە بچووكەكە پێشم كەوت .. وە دەرگای ژووری میوانی كردەوە و كاتێك چوومە ژوورەوە سەرسام بووم.. ئەوە چی دەبینم!!!؟ عبدالله لەسەر كەروێتەیەكی سپییە .. بە تەنیشتییەوە گۆچانێكی داناوە .. ئامێرێكی لە پێدایە كە یارمەتی دەدات بۆ رێكردن .. كۆمەڵێك دەرمانی بە تەنیشتەوەیە .. بەڵام خۆی وەكو لاشەیەك فڕێدراوەتەوە سەر جێگەكەی .. پێی گوتم:– سڵاوت لێ بێ.. هەوڵی دا هەستێتە سەر پێ بە مەبەستی بە خێر هاتنم .. سڵاوی خوات لێ بێ مامۆستا .. سڵاوی خوات لێ بێ .. بە راستی ماندوومان كردی.. نەخێر بە هیچ شێوەیەك ماندوو نەبووم .. ببورە نەمزانیوە

جەنابت نەخۆشیت ... بەڵام چیت بەسەر هاتووە؟ چی روویداوە؟ ئایە تۆ کۆلیژت تەواو نەکرد؟... ئەی بە منت نەگوت کە دەتەوێت ژن بهێنی؟.. چی دەکەم و چی دەکەم.... بەڵێ گوتم بەلام چەند رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو روویدا... کاتێ کۆلێژم تەواو کرد ..خۆت دەزانی کە لە پێش چەند مانگێك بوو ...وە ئەوەی کە تووشی گەنجانی تر دەبێ لە خۆشی کردن بۆ تەواو کردنی کۆلێژ تووشی منیش بوو .. ئەمجار ژیانێکی نوێ دەستی پێ کرد ... لاپەرەیەکی نوێم بۆ دوارۆژێکی پرشنگداری خۆم کردەوە وە هەردەم خەریکی بیرکردنەوە بووم کە داخۆ ژیانی داهاتوم چەند خۆش دەبێت ... رۆژگار زۆر بە پەلە دەڕۆیشت ... هیچ شتێك ژیانی نوێی لێ تێك نەدەدام جگە لەسەر ئێشەیەکی کەم نەبێت کە هەندێ جار تووشم دەبوو ... لە پاش تێپەڕبوونی رۆژگار هەستم کرد سەرئێشەکەم زیاد دەکات بەلام چەند دەرمانێکی ئارام بەخش بەس بوو بۆ ئەوەی کە ئازارەکەم نەهێڵێ .... رۆژگار تێدەپەڕێت و سەرئێشەکەم بەردەوامە بەلام راهاتبووم لە سەری وە زۆر جار لە یادم نەدەما هەرچەندە زۆر ئازاری هەبوو .. ئەم سەرئێشەیە رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات و زیاد دەکات ئەمجار هەستم کرد کە چاوەکانم بەرەو کز بوون دەڕۆن ... تاکو ئەوەی شەوێك زۆر ئازاری دام ... بۆیە رۆیشتم بۆ بەشی فریاکەوتن لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان .. وە دەردی خۆم بۆ پزیشکی پسپۆر گێڕایەوە .. چەند شیکاری وچەند تیشکێکی(أشعەی) پێویستی بۆ کردم ئەمجار گوتی:- پێویستمان بە چەند تیشکێکی ورد هەیە کە بەشەکانی سەر بە وردی تیادا بەدی دەکرێت ... وە ئێستا ئەو جۆرە تیشکەمان لە نەخۆشخانەدا نییە بۆیە بڕۆ بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەت تاکو ئەو تیشکەت بۆ دەکەن ئەمجار بگەڕێرەوە بۆ لام .. بەلام هەوڵ بدە بە پەلە ئەو کارانە ئەنجام بدەی... لە نەخۆشخانە

دەرچووم هەندێ جار ترس دایدەگرتم ... هەندێ جار سەرسام دەبووم... ئەم پزیشکە بۆ بەم شێوەیە ماندووم دەکات؟ باشتر وابوو کە هەندێ دەرمانی ئارام بەخشم پێ بدات بۆ سەرئێشەکەم ..یان چەند دڵۆپێك بۆ چاوەکانم... وە کارەکە تەواو دەبێت.. ئەمجار لەگەڵ خۆمدا قسەم دەکرد .. ئایە پزیشکەکە و تیشکەکە فەرامۆش بکەم؟ .. وە خۆم بە پێنج ریال دەوا بکڕم و سەرئێشەکەم چاك دەبێتەوە و ئەمجار بڕۆمەوە بۆ ماڵ و بنوم ... ؟ یاخود بڕۆم تیشکەکە بگرم کە ئەو داوای کردووە و ببینم کارەکە لە کوێوە سەری دەردەچێت... لەگەڵ ئەم هەموو بیرۆکانەدا ڕۆیشتم بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکە و تیشکەکەم گرد و ئەمجار گەڕامەوە بۆ لای پزیشکەکە .. کە بە دەستمەوە ئەو لاپەڕانە هەڵدەگرم کە هیچ لەو هەموو هێمایانە تێناگەم ....فەرمووو دکتۆر ئەوە ئەو تیشکانەیە کە داوات کردبوو... پزیشکەکە چاوێلکەیەکی ئەستووری خستە سەر چاوی .. ئەمجار ئەو پەڕانەی ئەم دیوو ئەو دیوو دەکرد .. ڕەنگی گۆڕا ... گوێم لێ بوو گوتی :- لا حول ولا قوة الا بالله .. ئەمجار چاوی بەرز کردەوەو گوتی:- فەرموو .. دانیشە... گوتم :- موژدەم بدەرێ ... خەیرە انشاء الله ؟!! ... گوتی :- خەیرە... انشاء الله خەیرە .. ئەمجار بێدەنگ بوو ... چاوەکانی بۆ من بەرز نەدەکردەوە ... تەلەفونەکەی هەڵگرد .. دەستی کرد بە پەیوەندی کرد بە کۆمەڵێك پزیشکی پسپۆڕ و گەورەوە و داوای لەوان کرد کە ئامادە بن ... لە پاش چەند خولەکێك شەش حەوت پزیشك ئامادە بوون .. هەموویان دەستیان کرد بە تێڕوانینی پەڕەکان و ئەنجامی شیکارییەکان .. دەیانڕوانیە تیشکەکە.. وە بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد .. جار بە جاریش تەماشایەکی منیان دەکرد.. یەك کاتژمێر بەم شێوەیە ڕۆیشت .. وە من لە بارودۆخێکی خراپدام ... ئەمجار

یادەوەرییەکانم بە خەیاڵمدا دەهات ... ڕۆژگاری خۆم دەکەوتەوە یاد .. بەڵکو بیرم لە داهاتووی خۆم دەکردەوە.. خۆزگە بمزانیبایە بۆ گفتوگۆ دەکەن؟ ئەم پزیشکە بۆ ئەو هەموو بایەخەی بە من داوە ... ئەمجار دڵی خۆم دەدایەوە دەمگوت:- ئەوە پزیشك هەروایە هەموو کاتێك کێشەی بچووك گەورە دەکەنەوە هەر یەکێك لەوان دەیانەوێت بارزووی خۆیم پێ نیشان بدات ... شیکاری...تیشك... کۆبونەوە ... وە ئەم هەموو کێشەیە چارەسەرەکەی ئاسانە یەك حەپ یان دوو حەپ لە جۆری (بندول) لەگەڵ دڵۆپێکی چاو و هەموو کێشەکە تەواو دەبێت ... چاوم بڕیبووە پزیشکەکان بە وردی چاودێری ئەوانم دەکرد بۆ ئەوەی هیچ نەبێت شتێك بزانم ....بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو چاودێرییەم کەچی هیچ تێنەگەیشتم .. ئەمجار گفتوگۆکەیان کەم بووە وە بێدەنگییەك سەری کێشا بەسەر هەموویاندا .. یەکێکیان لە عیادەکە دەرچوو .. یەکێکی تر شوێنی کەوت.. ئەمجار سێیەم ... تاکو کار گەیشتە ئەوەی تەنها دووانیان مایەوە ... یەکێکیان پێی گوتم:- گوێ بگرە عبدالله .. تۆ لەوە گەورەتری کە پێت بڵێین باوکت بهێنە.. گوتم:- خەیر انشاء الله دکتۆر .. مەبەستت چییە؟ بە دڵنیایی یەوە گوتی:- ئەو راپۆرت و تیشکانە نیشانی دەدەن کە (وەرەم) شێرپەنجەیەك لە سەرتدایە قەبارەکەی بە شێوەیەکی ترسناك روو لە زیاد بوون دەکات ... ئێستا فشاری خستووەتە سەر دەمارەکانی چاوت لە ناوەوە.. لە هەر ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو فشارە زیاد بکات و دەمارەکانی چاوت لە ناوەوە بتەقێنێت تۆیش تووشی کوێربوون ببیت .. ئەمجار مێشکت لە ناوەوە تووشی خوێن بەربوون دەبێت .. ئەمجار دەمریت.. پزیشکەکە بێ دەنگ بوو .. بەڵێ بێ دەنگ بوو ... بەڵام دوایین وشەی لە گوێمدا دووبارە دەبووەوە .. دەمریت ... دەمریت ... ئەی

هاوااار .. ئەم وشەیە چەند سەختە ... چەند کاریگەری هەیە لەسەر ناخی مرۆڤـــ... دەمـرم .. بەڵێ دەمـرم... بەڵام ئەی گەنجێتییەکەم؟... ئەی مووچەکەم؟.. ئەی کارەکەم؟... دایکم ؟... باوکم؟... دەمرم؟... !! بە هەموو دەنگم هاوارم کرد ... ئەی دکتۆر ... چی؟؟ چۆن؟ کەی.؟؟ وەرەم؟ کەی تـوش بوومە؟ هۆیەکەی چییە؟ من لەم تەمەنەدام؟ پەنا بە خـوا، وەرەم؟ شێرپەنجە؟ لا حـول ولا قـوة الا بـالله ... گـوتی:- بـەڵێ وەرەم.. وە دەبێـت بـە زووتـرین کـات چارەسـەری بکـەین... هـەر خولـەکێك... وە هـەر چرکەیەك.. کـە دەڕوات .. لـە بەرژەوەندی تۆ نییە .. هەر ئەم شەو دەبێت بتخەینـە نەخۆشخانەوە... وە هـەر تـەحلیلێکی پێویـست هـەبێت تـەواوی دەکـەین ... وە بـۆ سـبەینێ انـشاء الله نەشتەرگەری سەرت دەکەین و وەرەمەکە دەردەهێنین ... پزیشکەکە ئـەم چـەند وشەیەی زۆر بە دڵنیایی و ساردەوە گوت .. گوتی ..(لە کاتێکدا کە چاوێلکەکەی خۆی دەسڕی و بە چاوەکانی لـە پـەڕەکانی بـەر دەسـتی دەڕوانـی) ... بـەڵام مـن تەنها بە گوێم گوێبیستی ئـەو نـەبووم بەڵکو وا هەستم دەکـرد کـە هـەموو لاشـەم ببونە گوێ و گوێبیـستی ئـەو دەبـوون و لـە قسەکانی تێدەگەیـشتم .. پزیـشکەکە بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی خۆی:- ... ئارام بگـرە .. داوای پاداشـت لـە خـوا بکە.. تۆ تەنها کەس نیت کە ئەم شێوە نەشتەرگەرییەی بـۆ دەکـرێ .. خـەڵکێکی زۆر ئەم نەشتەرگەرییەیان بۆ کراوە و سەرکەوتوو بـووە بـە پـشتیوانی خـوا .. تـۆ گەنجێکی ئیمانـدار و دانـای .. کەسێکی وەك تـۆ پێویـست ناکـات مـن ئامۆژگـاری بکەم بۆ ئارام گرتن و دامەزراوبوون .. پزیشکەکە بەردەوام بوو لەسەر قـسەکانی و تەماشای منی دەکرد .... بەڵام من .... هەردوو چـاوم دەرپـەڕیبوون بەرامبـەر بـە چاوەکانی ... بەڵی زۆر بە وردییەوە تەماشای ئـەوم دەکـرد ... قـسەکانی دوایـین

تێکەڵی قسە کۆنەکانی بوو بوون ... هیچ وشەیەك لە قسەکانی لە یادمدا جێگیر نەبووبوو تەنها.... وەرەم ... شێرپەنجە... نەشتەرگەری ... چۆنە ئەگەر خوا لەسەرم نوسیبێتی لە کاتی نەشتەرگەرییەکەدا بمرم ؟ ...ئاخۆ دایکم چی دەکات؟ ئەی باوکم کە تەمەنی لە حەفتا ساڵ تێپەڕیوە؟ براکانم؟ خوشکە بچووکەکانم؟ بەڵکو چۆن بە تەنها بچمە ناو گۆڕەوە؟ ئەی چۆن بە سەر پردی (صراط)دا تێپەڕم؟ چۆن؟ وە چۆن؟ کوا پلانەکانم؟ .... بڕوانامەکەم؟ .... زەماوەند؟... کارە تازەکەم؟.. ئەمە چۆن لە ناکاودا ڕوویدا؟ پرسیارێکی زۆر دەهاتە مێشکمدا.. وای لێ کردم وەکو ئەوەی لە دەریایەکی بێ کەناردا مەلە بکەم .. لە ناخی خۆمدا هاوارم کرد ..

﴿ يَا حَسْرَتَى علَى مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ﴾ [الزمر: ٥٦] .

واتە:- ئاخ و داخ و پەشیمانی بۆ ئەو هەموو لادان و نادروستیانەی کە کردم لە فەرمان و بەرنامەی خوادا.. خۆزگە شتێکم ئامادە بکردایە بۆ دوارۆژم .. هەموو ئەو خۆشییانەی کە کۆم کردەوە .. هەموو ئەو پلە و پایانەی کە هەوڵم بۆی دەدا.. لە ناکاودا دەڕوات؟ .. ئا بەم شێوە و بە بێ پێشەکی؟ .. ئەم ژیانە چەند کورتە ! ! .. واللە من لە لەخۆبایی بووندا بووم.. ئەوە چۆن شوێنی ئارەزووەکان دەکەوتم؟ وە کەوتبوومە ناو خۆشییەکانی ژیان ... وە دۆزەخ گڕ دراوە ... وە کۆت و زنجیرەکان ئامادە کراون ... و فریشتە کاربەدەستەکانی دۆزەخ ئامادەن.. لەناوچوون بۆ ئەم دونیایە ئەگەر کەمێك تێیدا پێ بکەنێت ئەوا زۆر تێیدا دەگرێیت... وە ئەگەر چەند ڕۆژێك خۆشحاڵ بیت تێیدا ئەوا چەند ساڵێك تێیدا خەمبار دەبیت .. وە ئەگەر کەمێك خۆشگوزران بیت تێیدا ئەوا زۆر نارەحەت دەبیت تێیدا ... دەستم کرد بە گازندەکردنی نەفسە تاوانبارەکەم .. گازندەیەکی

زۆر ... ئاهـ هـ هـ .. خەمەکانی سبەینێ چەند درێژن!! ئەی خودایە ڕەحمم پێ بکە.. ئەی خودایە ڕەحمم پێ بکە ... لە ناکاودا پزیشکەکە گوتی:- ئەمە پەڕەکانی نەشتەرگەرییەکەیە .. ئیمزایەکی بکە بۆ ئەوەی جێگایەکت بۆ بگرین... وە ئامادەت بکەین بۆ چوونە ژوورەوە بۆ نەخۆشخانە .... بە سەرسامی و بەرامبەری ڕاوەستا بووم ... گوتی:- بگرە .. ئەوەچییە؟! .. بگرە .. گوتم:- نەخێر ئیمزا لەسەر هیچ ناکەم .. گوتی:- چۆن؟ ئیمزا ناکەیت؟!! تۆ شێتیت؟ ئەمە بۆ بەرژەوەندی تۆیە نەك ئێمە ... وە زیانەکەی لەسەر تۆیە نەك لەسەر ئێمە ... وا نەزانیت کە ئێمە دەست بەتاڵین و چاوەڕوانی کەسێکین کاتی خۆمانی لەگەڵ بەسەر ببەین ... کارەکە زۆر گرنگە و ترسناکە ... گوتم:- نەخێر لەسەر هیچ شتێك ئیمزا ناکەم .... گوتی:- بە گشتی ئێمە ناتوانین زۆرت لێ بکەین ... بەڵام لەسەر ئەم پەڕەیە ئیمزا بکە بۆ ئەوەی ئێمە بەرپرسیار نەبین ئەگەر خوێن بەربونێکی لە ناکاودا ڕوویدا.. کە پەڕەکەم لێ وەرگرت بینیم تیایدا نوسراوە....(من کە لە خوارەوە ئیمزا دەکەم لەسەر خواستی خۆم لە نەخۆشخانە دەرچووم ... هتد ...) ئیمزام لەسەر پەڕەکە کرد و دەرچوومە دەرەوە .. بەڵام بۆ کوێ بڕۆم ...؟ بۆماڵەوە بۆ ئەوەی هەواڵ بگەیەنمە دایك و باوکم؟ یان بگەڕێمەوە بۆ نەخۆشخانە؟ یان بڕۆم بۆ نەخۆشخانەیەکی تر؟ لا حول ولا قوة الا بالله ... پاش بیرکرنەوەیەکی بە پەلە بڕیارم دا کە بڕۆم بۆ نەخۆشخانەیەکی تر... لە بەشی فریاکەوتن ... سلام علیکم ... ئەی دکتۆر .. من هەست بە سەرئێشەیەك دەکەم وە هەست بە لاوازی بینینی چاوم دەکەم .. لە پاش پشکنینێکی بە پەلە و ئەنجامدانی تیشکی پێویست .. پزیشکەکە گوتی:- پێویستمان بە تیشکێکی وردی سەرت هەیە .. وە ئێستا لە نەخۆشخانە نییە ... بەڵام بڕۆ بۆ عیادەیەکی

تایبەت و تیشکەکە ئەنجام بدە ... ئەمجار بگەڕێرەوە بۆ لام.. وە هەوڵ بدە ئەو کارە بە پەلە ئەنجام بدەی ... پزیشکەکە ئەمەی گوت و بێ دەنگ بوو ... منیش دابەزیم بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە و تیشکەکەم دەرهێنا و بردم بۆ لای پزیشکەکە ... کە بینی گوتی:- سەیرە .. چۆن وا بەم زووە گەڕایتەوە؟ بۆ تیشکەکەت ئامادە نەکرد؟ گوتم:- ئامادەم کردووە پێش ئەوەی بێم بۆ لای تۆ ... وە ئەوەتا لە بەردەستت دا ... پزیشکەکە پەڕەکانی لێ وەرگرتم و ئەم دیو ئەودیوی دەکرد..من لە سەر کورسییەکە دانیشتم چونکە پییەکانم نەیدەتوانی هەڵم بگرێ... بەڵام لە جاری یەکەم دامەزراو تر بووم ... یادی خوای گەورەم دەکرد... پاکی و بێ گەردی بۆ خوا ... الحمد لله .. لا الـه الا الله .... اللـه اکبر ... استغفر الله.. استغفر الله ... یادی ئەو وەسێتەم دەکرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە کوڕی مامی فەرموو (کە عبدالله ی کوڕی عەباسە) (وەبزانە ئەوەی کە تووشت دەبێت نابێت لەسەرت تێبپەڕێت و ئەوەی کە تێبپەڕێت نابێت تووشت ببێت وە بزانە کە سەرکەوتن لەگەڵ ئارامگرتنندایە وە لە پاش هەموو ناخۆشییەك خۆشییەك هەیە)[٢].... بۆیە کارەکە لەسەرم سووك بووەوە ونەفسی خۆمم دڵنیا دەکردەوە... چی روودەدات؟ وەرەم!! من یەکەم کەس نیم و دڵنیام کە دوایین کەسیش نیم ... دایکم ... باوکم ... براکانم ... رۆژێك یان دوو رۆژ دەگرین و پاشان لە یادیان دەچێ .. لە ناکاودا پزیشکەکە تەلەفونەکەی هەڵگرد و کۆمەڵێك پزیشکی پسپۆری بانگ کرد بۆ عیادەکەی خۆی .. هاتن ... تەماشای پەڕەکانیان کرد ... قسەیەکی زۆریان کرد .. چاوەڕوانی هەواڵێکی ترسناك بووم .. بەڵام زۆر تێك نەچووم ...کارەکەی خۆم بە خوا سپارد ... دیسان خەیاڵاتی زۆر بە میشکمدا

---

(٢) (ظلال الجنة: رقم: ٣١٥) .

دەهات . بۆ من بە تايبەتى تووشى ئەم نەخۆشييەترسناكە ببم؟... خەڵكى زۆر هەن .. ئەمجار لە ناخى خۆمدا هاوارم كرد ... پەنا بە خوا .. كێ دەڵێ قسەى ئەو پزيشكە تەواو بێت رەنگە هەڵەى كردبێت ... سەر ئێشەيەكى زۆرە و ئەمجار ناميێنێ ... زۆر چاوەڕوان بووم، رووم كردە پزيشكەكە و پرسيم ... ها دكتۆر مژدەم بدەرێ دەنگ و باس چييە؟ بە دەنگێكى لەسەر خۆ گوتى:- هەندێ چاوەڕوان بە وئارام بگرە .. ديسان لە خەياڵاتى خۆمدا بە جێى هێشتم .. لەگەڵ هاوەڵەكانيدا بە زمانێكى تر قسەى دەكرد ... پاش نزيكەى يەك كاتژمێر قسەكانيان تەواو كرد و يەكێكيان دەرچووە دەرەوە و ئەمجار دووان وسيان ... پزيشكەكە رووى تێ كردم و گوتى:- گوێ بگرە عبدالله ... تۆ گەنجێكى ئيماندارى و هەموو شتێك بە قەزا و قودرەتى خوا روو دەدات .. ئەم راپۆرت و تيشكانە نيشان دەدەن كە وەرەمێك لەناو سەرتدا هەيە .. قەبارەكەى بەشێوەيەكى ترسناك روو لە زياد بوون دەكات .. ئێستا لە ناوەوە فشارى خستووەتە سەر دەمارەكانى چاوت وە لە هەر ساتێكدا ئەو فشارە زياد دەكات و دەبێتە هۆى بچڕاندنى ئەو دەمارانە و پاشان تووشى كوێر بوون دەبيت .. ئەمجار لە ناوەوە تووشى خوێن بەر بوون دەبى وپاشان دەمريت ... بۆيە دەبێ هەر ئێستا بڕۆى بۆ نەخۆشخانە و هەر ئەمشەو برۆيتە ژوورى نەشتەرگەرى و كەمێك لە ئێسكى سەرت لادەدەين و وەرەمەكە دەردەهێنين .. ئەمجار جارێكى تر ئێسكەكە دەخەينەوە جێگەى خۆى .. پزيشكەكە بێ دەنگ بوو .. بەڵام ئەمجارە قسەكەى لە سەرم سووك تر بوو لە جارى يەكەم هەواڵەكەم بە ئاسايى و هێمنى وەرگرت بۆيە پزيشكەكە سەرسام بوو .. .تەلەفونەكەم هەڵگرد و پەيوەنديم كرد بە باوكمەوە .. باوكم هات ... كابرايەكى گەورەى تەمەنى لە حەفتا ساڵ زياترە ..شۆفێركە

ئامادەی کرد ... چونکە بە چاوە کزەکانییەوە ناتوانێ ئۆتۆمبیل لێخوڕێ... چەند ماندوو بووە لەگەڵ چاودێری و پەروەردەی ئێمەدا!.. خوا پاداشتی بە خەیری بداتەوە ... کە باوکم منی بینی ... سەرسام بوو.. بە هۆی تێك چوونی ڕەنگ و زەرد بوونی چاومەوە .. هێشتا بە پێوە بوو گوتی:- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟ بۆچی هاتووی؟ و ...؟ گوتم:- باوە گیان تۆ دەزانی ماوەیەکە تووشی سەرئێشەیەکی بەردەوام بووم .. بۆیە منیش چووم بۆ نەخۆشخانە .. وە چەند پشکنینێکیان بۆ کردم .. ئەمجار منیش هاتم بۆ ئەم نەخۆشخانەیە وە لە پاش پشکنین پێیان ڕاگەیاندم کە لە ناو سەرمدا وەرەمێك هەیە وە دەبێت نەشتەرگەرییەکی بە پەلەی بۆ بکەن .. باوکم گوێ بیستی ئەم قسانە بوو .. بەڵام ئەو لە من زیاتر بێ ورە بوو .. هاواری کرد .. وەرەم ...؟ وەرەم ..؟ لا حول ولا قوة الا بالله .. ئەمجار لەسەر زەوییەکە دانیشت .. لەبەر خۆیەوە دەیگوت .. انا لله وانا الیه راجعون .. دەبێ بتنێرین بۆ ئەمەریکا و لەوێ لەگەڵ براکەتدا چارەسەر بکرێیت .. لا حول ولا قوة الا بالله .. ئەم قسانەی گوت و لە هەمان کاتدا یادی ساڵانی پێشووی دەکردەوە کە چەند ماندوو بوو لەگەڵ (عبدالرحمن) ی برامدا کە ئەویش تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و ئێستا لە ئەمەریکا چارەسەری بۆ دەکەن ... چەندەها جار باوکمم دەبینی لەگەڵ براکەمدا بە تەلەفون قسەی دەکرد و دەگریا ... چەندەها جار لە نیوەشەواندا دوعای بۆ دەکرد .. لە نوێژەکانیدا .. بە ڕاستی خەمەکانی بە باوکمەوە دیار بوو.. بە تایبەتی ئەو کاتەی کە منداڵەکانی عبدالرحمن ی برام پرسیاری باوکیان دەکرد..باپیرە باوکمان لە کوێیە؟ بۆ ئێمەیش وەکو منداڵانی تر باوکمان نییە؟ تەماشای باوکم کرد فرمێسکەکانی بە ڕوویدا دەهاتە خوارەوە ... تەماشای

منداڵەکانی دەکات یەك لە دوای یەك لە بەر دەستیدا دەمرن ... چونکە (خالد) ی برام پێش دوو ساڵ بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی کرد .. وە ئێستا (عبدالرحمن) ی برام لە ئەمەریکا ململانێ دەکات لەگەڵ مردندا .. منیش لە سەرەتای ڕێگاکەم و ئەنجامەکەی نادیارە ... باوکم ڕووی کردە پزیشکەکە و هەوڵی دەدا کە ئارامگر بێت و پرسیاری دەکرد دەربارەی ترسناکی نەخۆشییەکە.. بەڵام سۆزی باوکایەتی بە هێزتر بوو.. فرمێسکەکانی بە ڕووی دا هاتە خوارەوە.. پزیشکەکە گوتی:- ئەی باوکی عبدالله خەم مەخۆ .. کارەکە ئاسانە انشاء الله.... دڵنیابە ...باوکم گوتی:- ئەی دکتۆر ئەو پەڕەو پشکنینانەی کە تایبەتن بە عبدالله دەمانەوێت چونکە دەبێ سەفەر بکات بۆ ئەمەریکا و لەوێ لەگەڵ براکەیدا چارەسەری بکەن ... پزیشکەکە بەوە ڕازی بوو ... باوکم پەڕەکانی وەرگرت ... وە جێگام بۆ گیرا بە پەلە ... وە سەفەرم کرد بۆ ئەمەریکا لەگەڵ عبدالعزیزی برامدا ... ئێوارە بوو گەیشتینە نەخۆشخانە .. هەر پشکنینێك و شیکارییەك پێویست بوو ئەنجامیان دا ... هەموو شتێك بە پەلە ڕوویدا ... وە بۆ سبەینێ بردمیان بۆ ژووری نەشتەرگەری .. چەند ژوورێکی ترسناکە!! ... چەندەها ئامێر لێرە و لەوێ .. چەقۆ .. مەقەص.. هەرە (مشارط) . وام دەزانی لە ژووری کرانەوەدام ... چەند ڕوویەکی بێدەنگن؟... چاوەکانیان تەماشایان دەکرد بە پەرۆشەوە هەروەکو ئەوەی کە نێچیرێك کەوتبێتە بەردەستیان ... دەستی پزیشکەکان لەگەڵ خوێندا ڕاهاتون من ناتوانم لەگەڵ خۆمدا هیچ کارێك بکەم بەڵکو ئەوان چییان بوێ دەیکەن ... لەسەر جێگەیەك هەڵیان گرتم بۆ سەر جێگای نەشتەرگەرییەکە ... بسم الله ..لا الە الا الله ... یادی خوای گەورەم زۆر دەکرد ... چاوەڕوانی دەست پێ کردنی نەشتەرگەرییەکە بووم ... تەماشای

ڕووی ئەوانەم دەكرد كە لە دەوروبەرم بوون ... دەستم بەرز كردەوە بۆ سەرم .. دەستم پیاداخشاند ... چەند بەستەزمانە سەرم !!.. ئاخۆ پاش كەمێكی تر حاڵت چۆن دەبێت؟! ... پەرستیارەكان ڕاوەستا بوون، چاوەڕوان بوون ... وادیارە ئەو پزیشكەی كە نەشتەرگەرییەكە ئەنجام دەدات جارێ نەهاتووە ... لە ناكاودا دەرگای ژووری نەشتەرگەرییەكە كرایەوە و كابرایەك هاتە ژوورەوە تەنها هەردوو چاوی دیار بوو ....تەوقەیەكی لە گەڵمدا كرد .... ئەمجار دەستنیشانی یەكێكی كرد كە دەرزییەكی گەورەی بۆ ئامادە بكەن (بەڵێ سوێند بە خوا زۆر گەورە بوو) ئەمجار توند چەقاندی بە ڕانمدا ... چیتر ئەوە دوا ساتەكانم بوو لەگەڵ دونیادا ...چوومە ناو ژیانی بێ ئاگا بوونەوە ... پزیشكەكە سەری تەراش كردم ...ئەمجار بە شێوەیەكی بازنەیی پێستی سەری بڕیم... پاشان دەستی بە بڕینی ئێسكەكانی سەرم كرد... تاكو پارچەیەكی لێ لادا.. ئێسكەكەی بە تەنیشتی خۆیەوە دانا ... ئەم پارچە ئێسكە زۆر بچووك نەبوو بەڵكو بە قەبارەی قاپێكی بچووك بوو ..پاشان وەرەمەكەی دەرهێنا ... كە قەبارەكەی لە هێلكەیەك گەورە تر بوو .. تاكو ئێستا كارەكان بە ڕێك و پێكی دەڕوات ... لە ناكاودا...خوێن لە دەمارەكانی مێشكمدا تێك چوو ... ئەمجار خوێن لە خوێنبەرەكەمدا وەستا و توشی جەڵتەی دەماغ بووم ... ئەمجار پزیشكەكە ژڵەژا ئەو دەمارانەی كە پەیوەندیان بە (مۆخی بچوكەوە هەبوو بە هەڵە جوڵاندی بۆیە لایەكم توشی ئیفلیجی بوو كە بەشی چەپی لاشەم بوو .... كاتێ كە پزیشكەكە ئەمەی بینی بە پەلە نەشتەرگەرییەكەی تەواو كرد ... وە بە پەلە پارچە ئێسكەكەی گەڕاندەوە جێگەی خۆی ... وە پارچە پێستەكەی كردە جێگەی خۆی وە جێگاكەی دوورییەوە ... ئەمجار منیان هەڵگرد لەسەر جێگای نەشتەرگەرییەكە

و خستمیانە جێگەیەكی تر، وە منیان بەرەو ژووری بوژانەوە برد كە پێی دەگوترێت (إن عاش) لە پاش نەشتەرگەرییەكە ماوەیەك بێ هۆش مامەوە بۆ ماوەی پێنج كاتژمێر ... وە لە ناكاودا پێی چەپم توشی جەڵتە بوو .. دیسان بە پەلە بردمیان بۆ ژووری نەشتەرگەری و لەوێ سنگمیان كردەوە فلتەرێكی بچووكیان خستە سەر یەكێ لە خوێنبەرەكانی دڵم .... جارێكی تر گەڕاندمیانەوە بۆ ژووری بوژاندنەوە (إن عاش) بۆ ماوەی چوار كاتژمێر حاڵم جێگر بوو ... ئەمجار سییەكانم توشی خوێن بەربونێكی توند بوون .. !! بۆ جاری سێیەم بەرەو ژووری نەشتەرگەری بەڕێیان خستم (رەنگە جاری چوارەم بووبێ) دیسان سنگمیان كردەوە وە سییەكانمیان لە خوێن پاك كردەوە وە چارەسەری خوێن بەربوونەكەیان كرد .. دیسان گەڕاندمیانەوە بۆ ژووری بوژاندنەوە. پزیشكەكە سەرسام بوو بە كارەكە .. چەند نەخۆشییەك یەك لە دوای یەك... حاڵەتێك كە بە پەلە گۆڕانكاری بە سەردا دێت ... رووداوی لە ناكاو كە كۆتایی نییە ... بۆ ماوەی بیست و چوار كاتژمێر حاڵەتم جێگر بوو .. پزیشكەكە هەستی بە شتێك كرد ... كە دڵخۆشی پێوە دیار بوو .. لە ناكاودا ... پلەی گەرمی لەشم بە شێوەیەكی ترسناك بەرز بووەوە .. پزیشكەكە بە پەلە پشكنینێكی بۆ كردم لە پاش پشكنینێكی ورد بۆی دەركەوت كە ئەو ئێسكەی وەرەمەكەی لە ژێری دەرهێنا توشی هەوكردنێكی زۆر بوو ... وە دەبێ دەربهێنرێت و پاك بكرێتەوە .. پێش ئەوەی ژەهراوی بوون رووبدات لە مێشكمدا ... پزیشكەكە بانگی گروپی پزیشكانی نەشتەرگەرییەكەی كرد.. ئەمجار وەكو لاشەیەكی بێ گیان هەڵیان گرتم... وە فڕێمیان داوە سەر جێگەیەك لە ژووری نەشتەرگەری...دەستم كرد بە تەماشاكردنی ئەوان ... هیچ شتێكی خۆم بە دەستی خۆم نییە ... هەموو

کارەکەم دا بە دەستی خوا ... گریان زاڵ بوو بە سەرما .. دەستم بە گریان کرد.. خۆزگەم دەخواست کە دایکم و باوکم ببینم تاکو دەستیان ماچ بکەم .. بەڵکو سوێند بە خوا تاکو پێیان ماچ بکەم ... پێش ئەوەی دونیا بە جێ بهێڵم .. داوام لە خوا کرد و پەنام پێ گرد .﴿أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾ [الأنبياء: ٨٣].

واتە:- پەروەردگارا، بە راستی من ئازار و ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانتر و لە هەموو کەس دلۆڤانتریت رەحمم پێ بکەیت...

ئەمجار چاوم بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و گوتم:- (یا ارحم الراحمین).. ئەگەر ئەمە تۆڵەیە لێم دەسێنی داوات لێ دەکەم کە لێم خۆشبی و بمبورە.. وە ئەگەر بەڵایە ئەوا داوات لێ دەکەم کە ئارامیم پێ ببەخشی ... وە پاداشتی خەیرم بدەرەوە ... ئەمجار گریان زاڵ بوو بە سەرمدا ... بۆیە برینپێچەکان هاواریان بە سەرمدا کرد بە زمانێك کە نەمدەزانی چی دەڵێن... بەڵام دەمزانی داوام لێ دەکەن بێ دەنگ ببم ... بۆیە هەوڵم دەدا زاڵ بم بەسەر خۆمدا ... وە ئارام بگرم .... بیرم لە مردن کردەوە ... بیرم لە نەمانی خۆشییەکان کردەوە .. چەندە دونیا گاڵتەی پێ کردم .. تاکو رۆژگارەکانم رۆیشت ... هەرچەند ئامۆژگاریمیان بکردبایە .. دەمگوت:- بەم زووانە تەوبە دەکەم کەچی نەمکرد ... لاوێتیم لەخۆباییبوونی کردم .. جوانی ئۆتۆمبیلەکەم .. جل وبەرگەکەم .. وە خۆ ئامادەکردنم لە بیر چوو بۆ ژیانی دوارۆژ .. سوێند بە خوا کێشەکەم زۆر گەورەیە.. وە هێزم لێ براوە ... وە سبەینێ گڵ دەبێتە جێی خەوتنم ... خۆزگە لەو کەسانە بوایەم کە شەو نوێژیان دەکرد ... ئەوانەی کە یادی ئاگر خەویان لێ حەرام کردبوو ... وە تەماحی بەهەشت وای لێیان کردبوو کە هەردەم بە رۆژوو بن... بۆیە لاشەیان لاواز بووە و رەنگیان گۆڕاوە ... یادی رۆژی زیندووبوونەوە و

قیامەتم کرد .. وە ئەو ساتەم هاتەوە یاد کە هەموو هەڵدەستینەوە بۆ گۆڕەپانی مەحشەر ...هاوار بەماڵم ... ڕۆژی قیامەت حەسرەتی تیادایە ... وە لە حەشردا ئاهوناڵە هەیە ... وە لەسەر (صراط) پێ خلیسکان هەیە .. وە لەسەر تەرازوو فرمێسك هەیە ... وە ستەمیش لەو ڕۆژەدا تاریکییە ... وە کتێبەکانیش بچووکترین تەماشای حەرامی تیادایە .. وە ناخۆشی گەورە ئەو ساتەیە کە خراپەکان دەخرێنە روو .. کۆمەڵێك لە بەهەشتدا بە پلەکانیدا سەردەکەون ... وە کۆمەڵێك لە دۆزەخدا بە پلەکانیدا دەڕۆنە خوارەوە ... وە لە نێوان من و ئەو جێگایەدا هیچ شتێك نییە تەنها ئەوە نەبێت کە بڵێن:- فلان مرد ... وە دەترسم هاوار بکەم و بڵێم ﴿رَبِّ ارْجِعُونِ﴾ [المؤمنون: ٩٩] .

واتە:- پەروەردگارا بمگێڕەرەوە بۆ دنیا .. ئەوانیش بڵێن تەمەن ڕۆیشت.. سەیرە بۆ مردووەکان!... شتیان زۆر کۆ کردەوە کەچی ئەوەیان کە کۆکردەوە نەیانخوارد ... وە خانووی جوانیان کرد کەچی نیشتەجێ نەبوون تیایدا...لەاوچوون بۆ ئەم دونیایە ... سەرەتاکەی ماندوو بوون و هیلاکییە .. وە کۆتاییەکەی نەمانە .. حەڵاڵەکانی لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێیت ... وە حەرامەکەیشی سزای بە دواوەیە .. بیرم لە حاڵی خۆم دەکردەوە ... تەمەنم دیاری کراوە ... وە نەفسەکەم دیاری کراوە ... وە لاشەکەم لە پاش مردنم لەگەڵ کرمدایە ... ئاه ه ه ه... ئەگەر ڕۆژی قیامەت پێم خلیسکا ... وە دەنگی گریان بەرزەوە بوو ... وە پەشیمانی زۆر درێژەی کێشا ... هاوار بۆ خۆم .. ئەگەر یەکێك بێت بۆ لام و پرسیارم لێ بکات دەربارەی بچووك و گەورە .. ئەو ڕۆژەی کە سەرپێچی کەران پێیان دەخلیسکێ .. وە ئازار و ناڵەو هاوار زۆر دەبێت ...وە خۆشییەکان هەروەکو خەو وابوون نامێنن ... ئەمجار گریام ... بەڵێ .. گریام و

حەزم دەکرد کە لە دونیادا بمێنمەوە ... نەك بۆ ئەوەی لە خۆشییەکانی تام و چێژ وەربگرم ... بەڵکو بۆ ئەوەی کە پەیوەندیم لەگەڵ خوای خۆمدا چاك بکەمەوە ... لە ناکاودا ... پزیشکەکە بەرەو لام هات ... ویستم پرسیاری لێ بکەم دەربارەی نەخۆشییەکەم ... وە هەموو نەخۆشییە یەك لەسەر یەکەکان هۆکەی چییە؟ .. بەڵام رووی لێ نەکردم ... وە داوای کرد کە بەنجێکی گشتیم بۆ بکەن ... کە ئاگام لەم دونیایە نەما ... چەقۆ و شفرەکانی دەرهێنا ... ئەمجار ئەو پێستەی کە لەسەر سەرم بوو لایدا ... وە ئێسکەکەی دەرهێنا و بە تەنیشتی خۆیەوە داینا .. ئەمجار پێستەکەی خستە سەر سەرم بە بێ ئێسك ...دووریەوە.. ئەم نەشتەرگەرییە چەند کاتژمێرێکی خایاند . پاشان هەڵیان گرتم ... وە لە ژووری بووژانەوە خستمیانە سەر جێگایەك .. کاتێ بە ئاگا هاتمەوە ... بینیم ئەو هەموو ئامێرە بە دەور و بەرمدا دانراوە ... ئەمە بۆ پێوانەی هەناسەدانە .. ئەوە بۆ پێوانەی پاڵەپەستۆی خوێنە ... سێیەم بۆ لێدانی دڵە ... وە چوارەم... پەرستیارەکان لە هەموو لایەکەوە دەوریان گرتووم .... سەرسام بووم بەم دیمەنانە ... من لە کوێم ..؟ بە سەرسامی مامەوە ... ئەمجار کەوتە یادم کە من لە ئەمریکام ... وە من لە ژووری نەشتەرگەری بووم ... دەستم بەرز کردەوە بۆ سەرم هەستم کرد کە سەرم نەرمە ... ئێسکەکە لە کوێیە؟! دوێنێ سەرم تەواو بوو .. گریام ... پرسیارم لە پزیشکەکە کرد ئەو بەشەکانی سەرم لە کوێیە؟ بە ساردییەکەوە گوتی:- پارچە ئێسکەکەی سەرت لای ئێمە دەمێنێتەوە بە مەبەستی پاك کردنەوە وە لە پاش شەش مانگی تر دێیتەوە بۆ لامان بۆ ئەوەی بیخەینە جێگەی خۆی .. چەند رۆژێك لە ژووری بووژانەوە مامەوە ئەمجار لەوێ دەرکرام ... یەك مانگی تەواو لە ئەمریکا مامەوە ... ئەمجار گەڕامەوە بۆ (ریاض)

وە ئێستا من چاوەڕوانی تەواو بوونی شەش مانگەکە دەکەم بۆ ئەوەی پارچەی سەرم بگەڕێنمەوە... ئەمجار عبداللە بێ دەنگ بوو .. وشەکانی بە ئاستەم دەردەچوو ... وە ماڤ خۆیەتی گەر بگرێت ... بەڵام من ... گوێبیستی ئەم وشانە بووم ... وە من لەو پەڕی سەرسام بووندا بووم لە گۆڕانی زەمانە بەسەر خاوەنەکانیدا ...لە پاش ئەوەی گەنجێکی بە تواناو بە شان و شەوکەت بوو ... روویەکی گەش و جوان .. لە نێو پارەیەکی زۆردا ژیانی دەبردە سەر ... لە نێو کارەکەیدا ... لە تەندروستیدا ... خێزانێکی بەختەوەر ... . کەچی ئێستا کەوتووەتە ئەم حاڵە .. پاکی و بێگەردی بۆ ئەو کەسەی کە هەموو کارەکان بە دەستی خۆیەتی ... چەند ناخۆشە ئەم دونیایە؟! ... بە راستی دواڕۆژ رۆژی ژیانی بەردەوامە ... چەند رۆژێك تێپەڕی .. منیش هەموو جارێك سەردانم دەکرد... لەگەڵ چارەسەرکردنیدا سوپاس بۆ خوا کە شەلەلەکەی باش بووەوە و توانی چیتر رێ بکات ... ماوەیەك لێی بڕام.. ئەمجار رۆژێك پەیوەندی پێوە کردم کە دەیەوێت سەفەر بکات بۆ ئەمریکا بە مەبەستی گەڕاندنەوەی پارچە ئێسکەکەی سەری .. پاش گەڕانەوەی سەردانم کرد بینیم رووی خۆش و گەشاوەیە .. سوپاس بۆ خوا کە پارچە ئێسکەکەی سەری گەڕاندەوە .. وە ئەمجار بانگهێشتی کردم بۆ ئاهەنگی ژنهێنانی ... بەڵام ئێستا حاڵی ئەم گەنجە زۆر باشە و یەکێکە لە پیاو چاکان ... بەڵکو یەکێکە لەوانەی بانگەواز دەکەن بۆ دینی خوا .. یەکێکە لەوانەی کە بە هەموو ئەوەی کە هەیانە خزمەتی ئەم دینە دەکەن... ئەگەر تەماشا بکەی دەبینی خەریکی کۆ کردنەوەی پارەیە بۆ هەژاران .. زەکات کۆ دەکاتەوە و دابەشی دەکاتە سەر هەژارانە... بەڵکو خەریکی رێکخستنی کات و

شوێنی وانە وتنەوەی بانگەوازکاران وە یارمەتی دانی نوسەران بۆ چاپ کردنی کتێب و بڵاوکردنەوەی ... جگە لە دەیان دەرگای تری خەیری چاکە:
﴿فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً﴾ [النساء: ١٩] ٠
واتە:– ئەوە دوور نییە و دەشێت حەزتان لە شتێك نەبێت و خوا بیکات بە مایەی خێر و بێری زۆر و بێ سنوور ٠
داوا لە خوا دەکەم کە من و ئەو و تۆ و هەموو موسڵمانان دامەزراو بکات لەسەر دینەکەی ...آمین

...لەپاشاندا ..

برای بەڕێزم ......خوشکی بەڕێزم ...

نازانم چۆن لەگەڵ تۆدا دەست بە قسەکردن بکەم؟... نازانم ئایە قسەکانم لێ وەردەگریت؟... بەڵام ناچارم دەبێ پێت بڵێم ... چونکە تۆ برایەکی موسڵمانی منی وە مافی ئەوەت بە سەرمەوە هەیە کە ئامۆژگاریت بکەم و ڕێنیشاندەرت بم ... سوێند بە خوا من ئەم چەند وشەم نەنوسیوە تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە ئەوەی بۆ خۆم پێم خۆشە لە چاکە بۆ تۆیش پێم خۆشە .... بۆیە نیەتت باش بێت بەرامبەر بە من ..وە پەلە مەکە و کاغەزەکانم مەدڕێنە .. تۆ بەندەیەکی خوای گەورەی ڕۆژانە پێنج جار لەبەر دەستی خوادا ڕادەوەستی ... وە دڵنیابە کە هیچ زەڕرەیەك لە زەڕرەکانی لەشت بەڵکو هیچ هەناسەیەك لە هەناسەکانت بە بێ ئیزنی دروستکەرەکەت ناجوڵێتەوە ... ڕۆژێ پرسیارت لە خوت کردووە ... ئایە نێوان من و ئەو چۆنە؟ پەیوەندیمان چۆنە؟ ئایە ئەو لە من ڕازییە؟ یان نا؟ ئایە بە یەك گەیشتنمان لە ڕۆژی دواییدا چۆن دەبێت؟ تۆ تەنها خۆت دەتوانیت وەڵامی

ئەم پرسیارانە بدەیتەوە ... ئەوەیش بزانە کە .. خۆ خەریك کردن بە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی و وازهێنان لە قەدەغەلێکراوەکان ... تاکە ڕێگایە بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە بەڵکو تاکە ڕێگایە بۆ چوونە ناو بەهەشت ... پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:ـ

(كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى . قالوا ومن يأبى؟ قال: من أطاعني دخل الجنة، ومن عصاني فقد أبى)[٣] .

واتە: هەموو ئوممەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە تەنها ئەوانە نەبێ کە نایانەوێ .. فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێ نایەوێ؟ فەرمووی:ـ هەرکەسێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی من بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە و هەرکەسێ سەرپێچی بکات ئەوا نایەوێ .. ئەمە یەکەم ئامۆژگارییە بۆ هەر کەسێ کە بیەوێ ببێتە ئەهلی بەهەشت ... دڵنیا بێت کە لەم دونیایە تەنها ڕێبوارێکە ... وە دوا ڕۆژ جێگای بەردەوامی و جێگیر بوونە ... وە بەڵا هەر کاتێك بێت توشی هەر یەکێکمان دەبێت وە هەناسە گەر دەرچێت ڕەنگە جارێکی تر نەگەڕێتەوە ... وە هەرگیز مەغرور نەبین بە سامان و هێز و لەش ساغی و پلە و پایەوە چونکە ئەمانە هەمووی خەونن ڕەنگە لە چاو تروکانێکدا نەمێنن ...

مامۆستایەك (شێخ) فەرمووی:ـ

کوڕی کابرایەکی گەورە بازرگان بانگهێشتی کردم بۆ سەردانی باوکی کە نەخۆشە ...پرسیارم لە کوڕەکە کرد لە جۆری نەخۆشییەکەی باوکی .. گوتی:ـ باوکم توشی نەخۆشی تلیفی جگەر بووە ... وە هەروەها چەند بەشێکی تر لە لاشەی توشی شێرپەنجە بووە ... بەڵام پزیشك پێی نەگوتووە بە نەخۆشییەکەی .. وە

(٣) (رواه البخاري، وانظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣١٤١) .

ئێمەیش ئاگادارمان نەکردبووەوە .. ئەویش هیچ دەربارەی نەخۆشییەکەی نازانێ ... چووومە ژوورەوە بۆ لای ئەو بازرگانە ... بینیم کە لەسەر جێگایەکی سپی راکشاوە تەمەنی هێشتا نەگەیشتووەتە شەست ساڵ ... هێشتا بە گوڕە و نەخۆشییەکە کاری لێ نەکردووە .. تا رادەیەك ... تەوقەی لە گەڵدا کردم و فەرمانی کردە کوڕەکانی کە بچنە دەرەوە ... کاتێ کە دەرچوون و بە تەنها ماینەوە ... ماوەیەك بێ دەنگ بوو .. ئەمجار دەستی بە گریان کرد.. رووی لێ کردم و گوتی:- ئاهـ هـ هـ هـ ... ئەی مامۆستا .. لەناوچوون بۆ ئەم دونیایە لەو کاتەوە کە خۆم ناسیوەتەوە پارە کۆ دەکەمەوە ... وە یەك یەك دەمژماردن .. خۆم دەخستە نێو هەموو جۆرە بازرگانییەکەوە ... چەند ماندوو دەبووم لەو پێناوەدا ... رێگر بوو بۆ ئەنجامدانی خواپەرستیم ... چەندەها جار نوێژی بەیانیم لە دەست دەچوو چونکە شەوان تاکو درەنگێك خۆم خەریك دەکرد بە سەروەت و سامانەکەمەوە ... و بە دواداچوونی کۆمپانیاکان ... چەند خۆم بێ ئاگا کردبوو لە خوێندنەوەی قورئان .. وە رەزیلیم دەکرد لە پارە بەخشین بەسەر هەژار و نەداراندا ..... مامۆستا گیان .. سوێند بە خوا ... هەر کاتێك ناخم پێی بگوتمایە کە بایەخ بە دینەکەت بدە و بیر لە دوارۆژی خۆت بکەرەوە ... ئەوا دەمگوت:- هێشتا کاتی ماوە .. بەڵکو ئەگەر تەمەنم گەیشتە شەست ساڵ خۆم خانەنشین دەکەم و ... کێڵگەیەك دەکڕم و نیشتەجێ دەبم وئیتر خۆم یەکلا دەکەمەوە بۆ پشوودان و خواپەرستی ... تا مردن .. بەڵام بە داخەوە ئەوەتا نەخۆشی رێگەم پێ دەگرێ .. وە پرسیار دەکەم لە کوڕەکان دەربارەی نەخۆشییەکەم کەچی دەڵێن:- هیچ نییە هەندێ هەوکردنی کەمە وبەد هەرسییە..... وە من وا هەست دەکەم کە نەخۆشییەکەم وا نییە کە ئەوان باسی دەکەن .. ئەمجار دەستی بە

گریان کرد و گوتی:- ئایە ئەو کوڕانەی منت بینی کە بانگهێشتی تۆیان کرد بۆ سەردانم؟! .. ئەوان وای دەردەخەن کە بەزەییان بە مندا دێتەوە .. دوێنی لام دانیشتبوون .. منیش وام نیشان دا کە خەوتووم بۆ ئەوەی بچنە دەرەوە... کاتێ وایان زانی کە من خەوتووم دەستیان کرد بە باس کردنی بازرگانییەکانم .. وە پارەکانی منیان دەژمارد .. وە هەر یەکەیان لە میراتییەکەی من چەندیان دەکەوێت... وە چۆن بە پارەکەم خۆشگوزار دەبن ...ئەمجار دەنگیان بەرز بووەوە .... وە دەستیان کرد بە مشت و مڕ لەسەر باڵەخانەیەکی گەورەی من ... یەکەمیان گوتی:- دەیفرۆشین و پارەکەی دەکەینە نێو میراتەکەدا و بەشی دەکەین... یەکێکی تریان گوتی:- نەخێر بەڵکو دەیدەینە کرێ ... یەکێکی تریان هاواری کرد و گوتی:- بەڵکو ئەوە بەشی منە .... وە دەنگیان بەرز بووەوە ... نەفرەتیان لێ بێت ... لەسەر پارەکەم شەڕ دەکەن و هێشتا من زیندووم .. ئەمجار دەستی کرد بە گریان بۆ خۆی و ئەو ڕۆژەی کە ئێستا ئەوی تیادایە وە هەر ئەوەندە مابوو بڵێت ..

﴿مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيهْ * هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيهْ﴾ [الحاقة: ٢٨- ٢٩] .

واتە:- ئەوەتە، ئەو ماڵ و سامانەی کە بووم، فریام نەکەوت (بەڵکو نەما و تەفر و تونا بوو) ئەو دەسەڵاتەی کە بووم لە دەستمدا نەماو لە دەستم چوو، ﴿رَبِّ ارْجِعُونِ * لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ ﴾ [المؤمنون: ٩٩ - ١٠٠] .

واتە:- پەروەردگارا بمگێڕەرەوە بۆ دنیا بەڵکو چاکە ئەنجام بدەم و کاری باشە بکەم و ئەو هەلانەی کە لە دەستم چووە لەمەودوا لە دەستی نەدەم .

ئەمە یەکەم ئامۆژگارییە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بچنە بەهەشتەوە..

ئامۆژگاری دووەم ...

ئەوانـەی ئـەهلی بەهەشـتن ئەگـەر یـەکێکیان دڵـی تـەنگ بێـت بـە هـۆی موصیبەتێکەوە یان بەڵایەکەوە .. لە ناخەوە هەستی بە پێویستییەك کـرد... لـە نیوە شەودا هەڵدەستێت و دەستی بەرز دەکاتەوە و تکا دەکات... وە بە ترسـەوە دەچێتە سوجدە .. وە داوا لە خوا دەکات بۆ هەر چاکەیەك ... وە گومـانی باشـی بـە خـوای خـۆی هەیـە ... وە دەزانێـت کـە ئـەو لەبـەر دەسـتی پادشـایەکی بـە دەسـەڵاتدایە .. کـە هـەرگێز زمانـەکانی لـێ تێـك ناچـێت و هـەموو زمانێـك دەزانێـت...وە دەنگـەکانی لـێ تێکـەڵ نابێـت ... وە بێـزار نابێـت بـە هـۆی زۆری داواکارانـەوە و هەمـەجۆری داواکانیـان .. ئەگـەر شـەوگار هـات بـە سـەردا .. وە خوداوەندەکەیان دەرگای لێ خۆش بوون بکاتەوە ... ئەوان یەکەم کەس دەبن کـە لێی دەچنە ژوورەوە ... چونکە ئەوان بـە راسـتی باوەڕیـان بـە ئایەتـەکانی خـوای خۆیان هێناوە ...

﴿ إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّداً وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ * تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفاً وَطَمَعاً وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ * فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاء بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾

[السجدة: ١٥-١٧] .

واتە:– بە راستی تەنها ئەوانە بڕوا بە ئایەتەکانی ئێمە دەهێنن، کاتێـك یادەوەری دەکرێن پێی، خێرا سوژدە دەبـەن وتەسـبیحات و سوپاسـگوزاری پـەروەردگاریان دەکەن، لـە کاتێکدا ئەوانـە بـە هـیچ شـێوەیەك فیزیـان نییـە و خۆیـان بـە گـەورە نازانن، ئەو ئیمانداره بەختەوەرانە نێوانیان خۆش نییە لەگـەڵ راکشان لـە جێگـەو نوێنی گەرم و نـەرما واتـە: بـە نوێـژ و خواپـەرستی بەشـێکی شـەو دەبەنـە سـەر،

هەمیشە نزا و پاڕانەوەیان روو بە پەروەردگاریانە لە خەشم و قین و دۆزەخی دەترسن، ئاواتی رەزامەندی و بەهەشتیان هەیە ولەو رزق وڕۆزی وتوانایی وزانیاریەی پێمان بەخشیوون دەبەخشن، جا هیچ کەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆ هەڵگیراوە و شاراوەتەوە لە ناز ونیعمەتی جۆراوجۆر لای پەروەردگاری، کە چاوان پێی گەش دەبنەوە و بە بینینی شاد دەبن، لە پاداشتی کار و کردەوەی چاك و پاکیاندا کە ئەنجامیان دەدا·

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە شەو نوێژ و نوێژی (الوتر) کردووە ئەوەتا پێغەمبەرمان ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت:

(إن الله وتر يحب الوتر فأوتروا يا أهل القرآن)[٤] .

واتە: خوای گەورە تاکە و تاکی خۆش دەوێت کەوابوو نوێژی ویتر بکەن ئەی ئەهلی قورئان ·

وە خوای گەورە فەزڵ و چاکەی شەونوێژی لە نیعمەتی دونیا و قیامەتدا کۆکردووەتەوە ..لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت:

(عليكم بقيام الليل فإنه دأب الصالحين قبلكم، وإن قيام الليل قربة إلى الله ومنهاة عن الإثم وتكفير للسيئات ومطردة للداء عن الجسد)[٥] .

سەیر لەوەدایە کەنوێژی (الوتر) لە هەموو پەرستنەکانی تر سووك و ئاسان ترە... لەگەڵ ئەوەیشدا زۆربەی خەڵکی پشت گوێی دەخەن ئەگەر هاتوو کەسێك نوێژی مەغریبی ئەنجامدا پرسیارمان لێ کرد:- ئەی فلان کەس بۆ نوێژی سوننەتی مەغریب ناکەیت؟ پرسیارمان لێ دەکات:- سوننەتی مەغریب چەند رکاتە؟ بە

---

(٤) (رواه الترمذي وأصله في الصحيحين، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترمذي: ٤٥٣)·

(٥) (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٠٧٩)·

ئەومان گوت:– دوو ركاتە .. ئەو دەڵێت:– من تەنها یەك ركات دەكەم .. پێی دەڵێین:– نابێت ... ئەبێ دوو ركات بكەیت یاخود مەیكە ..وە هەروەها نوێژی چێشتەنگاو (الضحى) و سوننەتی نوێژی بەیانی و سوننەتی نوێژی عیشا و نوێژی (الإستخارة) بە لای كەمەوە دوو ركەعاتە ..بەڵام نوێژی (الوتر) باشترین (نوافل)ە لەگەڵ ئەوەیشدا خوای گەورە لەسەر خەڵكی سووك كردووەتەوە ودەتوانیت یەك ركات بكەیت ... بیكە ئەگەر تەنها یەك ركاتیش بێت و سورەتی {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ}ی تیادا بخوێنە كە بە هەمووی دوو خولەك لە كاتەكەت دەگرێت .. بەڵێ تەنها یەك ركات بكە لە لای خوای گەورە بەو كەسانە دەژمێردرێیت كە بۆ شەو نوێژ هەستاون ...ئەگەر خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ناوی ئەو كەسانە بهێنێ كە لەو شەوەدا شەو نوێژیان كردووە ناوی خۆت دەبینیت كەچی تۆ تەنها یەك ركات نوێژت كردووە ...ئەی چۆنە ئەگەر زیادی بكەیت و كردت بە سێ ركات؟... یان پێنج؟ .. یان حەوت؟ ... ئەمە باشترە وە هەر كەس زیادی بكات ئەوا لای خوای گەورەیش زیاد دەبێت ... وە مەرج نییە لە پێش شەبەق ئەو نوێژە ئەنجام بدەیت ...بەڵكو لە پاش نوێژی عیشا ئەنجامی بدە یا خود لە پێش خەوتن ... وە دڵی تەنگ ببوایە ئەوا دەستی بە نوێژ دەكرد ... وە ﷺئەگەر پێغەمبەری خوا دەیفەرموو:–

(يا بلال أقم الصلاة أرحنا بها)[٦].

واتە: بە نوێژ ئارامیمان پێ ببەخشە ئەی بیلال...

وە خۆشەویست دەفەرموێ ﷺ:– (جعلت قرة عيني في الصلاة)[٧].

---

(٦) (صحيح سنن أبي داود: ٤٩٨٥).

(٧) (صحيح الجامع الصغير: ٣٠٩٨).

واتە: نوێژ بیلبیلەی چاوی منە .. وە پیاو چاکان لەگەڵ نوێژدا کاری سەیریان بووە...(أبو صالح) کە خوشکەزای (مالکی کوڕی دینار) ە دەڵێت:- ئەگەر شەو بهاتایە بەسەر خاڵۆمدا(مالکی کوڕی دینار)...دەچووە ژوورێکەوە لە ماڵەکەی خۆی و دەرگای دادەخست وە دەرنەدەچووە دەرەوە تاکو شەبەق.... شەوێکیان لە پێش ئەو چوومە ژوورەکەیەوە و لە سوچێکدا خۆم شاردەوە ...خاڵۆم هاتە ژوورەوە و بەرماڵەکەی راخست ...ئەمجار لەسەر بەرماڵەکە راوەستا و پێی جووت کرد وکاتێ ویستی دەست بەرز بکاتەوە بۆ (الله أكبر) گریان زاڵ بوو بە سەریدا و دەستی بە گریان کرد... ئەمجار گریا و دەستی بە (أستغفر الله) کرد و تکای دەکرد ... پاشان بە دەستەکانی ریشی خۆی گرد و گوتی:- (خودایە... ئەگەر پێشینەکان و پاشینەکانت کۆ کردەوە ئەوا پیرییەکەی مالك بپارێزە لە ئاگر)... ئەمجار ئەو رستەی دووبارە دەکردەوە و دەگریا... وە بزانە ...زۆر نوێژ کردن و زۆر سوجدە بردن بۆ خوای پەروەردگار هۆکارن بۆ چوونە ناو بەهەشتەوە...لە رەبیعەی کوڕی کەعبەوە ﷺ دەڵێت:- كنت أبيت مع رسول الله ﷺ آتيه بوضوئه وبحاجته فقال: (سلني) فقلت: مرافقتك في الجنة، قال: (أو غير ذلك) قلت: هو ذاك، قال: (فأعني على نفسك بكثرة السجود)[٨] .

واتە: شەوانە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ دەمامەوە .. ئاوی دەست نوێژ و پێویستییەکەم بۆ دابین دەکرد ... پێی گوتم:- داوا بکە ... گوتم:- داوات لێ دەکەم کە لە بەهەشتدا بمکەیتە هاوڕێی خۆت ... گوتی:- جگە لەوە داوا بکە، گوتم: نەخێر ئەوە داوامە ... فەرمووی:- کەواتە سوجدە زۆر ببە ...

وە لەو جۆرە نوێژانە (نوێژە سوننەتەکان) خۆشەویست دەفەرموێ ﷺ:-

---

(٨) (صحيح سنن أبي داود: ١٣٢٠).

(من ثابر على اثنتي عشرة ركعة من السنة بنى الله له بيتا في الجنة أربع ركعات قبل الظهر وركعتين بعده وركعتين بعد المغرب وركعتين بعد العشاء وركعتين قبل الفجر)[٩] .

هەرکەسێ لە شەو ڕۆژێکدا دوازدە رکەعات نوێژی کرد ئەوا خوای گەورە لە بەهەشتدا خانوویەکی بۆ دروست دەکات ... چوار لە پێش نیوەڕۆ و دووان لە پاشی .. وە دوو رکات لە پاش مەغریب .. وە دوو رکات لە پاش عیشا و دوو رکات پێش نوێژی بەیانی.

ئامۆژگاری سێیەم:-

گەورەترین ڕەوشتێك لە ڕەوشتەکانی ئەهلی بەهەشت ئەوەیە کە کاری سەرەکی هەر یەکێکیان لەم ژیانە پەرستنی خوایە .. وە بانگەواز کردنە بۆی ... وە کار کردنە لە پێناو ئەم دینەدا .. وە ئامۆژگاری خەڵکییە .. وە فەرمان کردنە بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە ... بە ڕاستی هەندێ خەڵك هەیە ئەگەر دەربارەی بانگەواز کردن بۆ دینی خوا ببیسێ وا دەزانێ بانگەواز تایبەتە بەو کەسانەی کە ریشی درێژ کردووە و شەواڵی کورت کردووەتەوە ...ئەمجار پێت دەڵێت:- من ریشم دەتاشم و جل و بەرگەکەم درێژ دەکەم و جگەرە دەکێشم ... ئەم کردەوانەی کردووەتە بەربەستێك لە نێوان خۆی و بانگەوازکردن بۆ دینی خوا و ئامۆژگاری خەڵکی ... وە بێ گومان ئەمە هەڵەیەو وەسوەسەی شەیتانە ... بەڵێ .. نکۆڵی لەوە ناکەم کە بانگەوازکار دەبێت خۆی لە سەر ڕێگە ڕاستەکە بێت و ئەوەی بە خەڵکی دەڵێت خۆی جێ بە جێی بکات .. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە موسڵمان واز لە گوێڕایەڵێکان بهێنێ بە هۆی کەوتنە ناو هەندێ سەرپێچییەوە .. چونکە ڕەنگە

---

(٩) (صحيح الجامع الصغير: ٦٠٩١).

ئەو سەرپێچییە کەمە لە ناو دەریای چاکەکاندا بزر بێت ... بەڵکو رەنگە هەندێ جار خەڵکێکی موسڵمان کە هەندێ تاوانی هەیە بگاتە لای هەندێ کەس و جێگە کە بانگەوازکارێکی تەواو پێی نەگات...هەرچەندە تۆ کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوادا بەڵام تۆ دەتوانیت ئەوانەی کە وازیان لە نوێژکردن هێناوە بانگەوازیان بکەی بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانیان...چونکە وازهێنان لە نوێژ کوفرە...تۆ دەتوانیت ئەو کەسانە ئامۆژگاری بکەی کە دەکەونە نێو خراپەکارییەوە بۆ ئەوەی تەوبە بکەن .. یا خود ئامۆژگاری ئەو کەسانە بکەی کە رێگە بە ناموسی خەڵکی دەگرن واز لەو بەدرەوشتییە بهێنن ...بەڵکو رەنگە بانگەوازکارێکی تەواو لەگەڵ خەڵکانێکدا دادەنیشێت کەچی نازانێت ئەوانە ریبا دەخۆن..یان دەکەونە نێو خراپەکارییەوە یان وازیان لە نوێژ هێناوە .. چونکە ئەوان خۆیان بە کەسانێکی باش دەردەخەن لە پێش چاوی پیاوچاکاندا ... بەڵکو ئەگەر کەسێکی وەکو خۆیان ببینن ئەوا خۆیان ناگۆرن لە پێش چاوی ئەواندا .. وە هەموو نهێنییەکانیان بۆ دەخەنە روو.. وە کارەکانی خۆیان لا ئاشکرا دەکەن.. ئەی باشە تۆ چۆن ئەوان ئامۆژگاری دەکەیت و بانگەوازیان دەکەیت ..؟ بێگومان ئەمەیش شێوازی خۆی هەیە ... وەکو پێشکەش کردنی کاسێتی سوود بەخش.. وە بانگەواز کردنی پیاو چاکان بۆ مەجلیسەکانی خۆتان ... وە هەندێ جار ئامۆژگاری بە تاك ... وە چەندەها شێوازی تر ... وە هەرگیز مەڵێ خۆم پەیوەست نیم بە دینەوە ئیتر چۆن بانگەواز بکەم و ئامۆژگاری خەڵك بکەم ... باش بزانە کە کاری بانگەوازکردن بۆ لای خوا کارێکی خوایی بەربڵاوە .. شێوازی جۆراو جۆری هەیە کە پێویستی بە کارکەرە ... وە هەموومان بەش بە حاڵی خۆمان هەڵەمان هەیە ... وە هەموو ئادەمیزادێك هەڵەی هەیە ..

ولو لم يعظ في الناس من هو مذنب   فمن يعظ المذنبين بعد محمدﷺ؟!

واته:-

ئەگەر كەسی تاوانبار لە نێو خەڵكیدا ئامۆژگاری نەكەن

ئەی لە پاش (محمد) ﷺ كێ ئامۆژگاری تاوانباران بكات؟!

مامۆستایەك پێی گوتم:-

ڕۆژێك لە مزگەوت دەرچووم گەنجێك هات بۆ لام كە شوێنەواری تاوانی پێوە دیار بوو ... لێوەكانی بە هۆی زۆری جگەرە كێشانەوە ڕەش ببوو ... سەرسام بووم كاتێ بینیم ... ئاخۆ چی دەوێت كاتێ سڵاوی لێ كردم گوتی:- مامۆستا ئێوە پارە كۆ دەكەنەوە بۆ دروست كردنی مزگەوت ..وا نییە؟؟ گوتم:- بەڵێ ... بۆیە ئەویش كیسەیەكی بەستراوی پێدام گوتی:- ئەم پارەیە لە دایك و باوك و خوشك وبرا و خزمەكانم كۆم كردووەتەوە .. ئەمجار ڕۆیشت ..كاتێ كە كیسەكەم كردەوە بینیم پێنج هەزار ڕیالی تێدایە وە ئەو پارەیە لە دروست كردنی مزگەوتەكەدا بە كارمان هێنا .. ئەمڕۆ لەو مزگەوتەدا هەر یادێكی خوا بكرێت یان هەر قورئانێكی تیادا بخوێنرێت وە هەر كەسێك نوێژی تیادا بكات ئەوا لە تەرازووی ئەو گەنجەدا وەكو پاداشتی ئەوانی هەیە .. بۆیە موژدە بۆ خۆی .. بەڵام ئەگەر ئەو گەنجە شەیتان بیخەڵەتێنی و بیگوتایە .. من هێشتا تاوانبارم ... هەر كاتێك تەوبەم كرد ئەو كاتە دەست دەكەم بە كاری چاكە و خزمەتی دینی خوا دەكەم و مزگەوت دروست دەكەم .. ئەوا چاكەیەكی زۆری لە دەست دەردەچوو ... پێغەمبەری خوا دەفەرموێ ﷺ: (من دعا إلى الهدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئاً)[١٠].

---

(١٠) (صحيح الجامع الصغير: ٦٢٣٤).

وه دوو گەنج دەناسم کە چەند ساڵێکە کەمتەرخەمن ..ئەگەر مانگی ڕەمەزان یان کاتی حەج بێت ئەوا سواری ئۆتۆمبیلەکەیان دەبن و هەموو کەرەستەیەکی چاك کردنی ئۆتۆمبیل و کارەبایی لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن بەرەو شاری مەککە بەڕێ دەکەون ... وه بەسەر هەر جێگای ئاوخواردنەوه و ئاودەست و ئۆتۆمبیلی پەککەوتە کە لە ڕێگای حاجییان دایە چاکی دەکەنەوه ... لە پێناو خزمەتکردنی برا موسڵمانەکانیان ... وه هیچ کەسێك بە کارەکەیان نازانێ تەنها خوا نەبێت ....
یەکێك لە بانگەواز کاران دەڵێت:- لە شەوێکی درەنگ وەختدا درا لە دەرگا.. مامۆستاکە دەڵێت:- بە ترسەوه چوومە دەرەوه ... گەنجێکم بینی بە جل و بەرگ و ڕوویدا شوێنەواری تاوان و سەرپێچی دیارە .. پرسیارم لێ کرد:- چیت دەوێ؟ گوتی:- ئەوە لە ئۆتۆمبیلەکەمدا دوو کرێکاری (هندی)م لەگەڵدایە..لەسەر دەستی من بوونەتە موسڵمان وه ئێستا هێناومن بۆ ئەوەی شایەتمانیان پێ بهێنی و وەڵامی پرسیارەکانیان بدەیتەوه ... مامۆستاکە دەڵێت:- سەرسام بووم و گوتم:- چۆن بانگەوازیانت کرد؟ گوتی:- ماوەیەك کاسێت و کتێبیان پێ دەدەم تاکو موسڵمان بوون ..
یەکێك لە کرێکارانی یەکێك لە نوسینگەکانی بانگەواز و ئامۆژگاری (مکتب الدعوة والإرشاد) بۆی باس کردم و گوتی:- گەنجێکی جگەرە کێش کە لە نێو تاوانێکی زۆردا بوو .. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر مانگی ڕەمەزان بهاتبایە.. لە بازرگانەکان پارەیەکی زۆری کۆ دەکردەوه ئەمجار بەو پارەیە هەزاران کاسێتی دەکڕی و دەیبرد بۆ ئەو نوسینگانە بە مەبەستی دابەش کردنی لە کاتی چالاکییەکانیاندا لە مانگی ڕەمەزاندا .... چەندەها جار کرێکارانی ئەو نوسینگانە (مکاتب الدعوة والارشاد) شکایەتی کەمی هاوکارانیان دەکەن .. یەکێکیان سوێندی بۆ خواردم:-

چەندەها کرێکاری بێ باوەڕ هەن کە هیچ ڕێگرێك لە نێوان ئەو و بوون بە موسڵمانیدا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە یەکێك بۆ ماوەی هەفتەیەك یان دوو هەفتە یەکلا بێتەوە بۆی .. کاتێك دەیهێنین بۆ نوسینگەکەمان بە مەبەستی گوێ گرتن لە دەرس و ئامۆژگاری کەچی نوسینگە کەسی ئەوتۆ نابینێتەوە کە هاوکارییان بکات ... بەڵکو .. چەندەها کچی خزمەتکاری بێ باوەڕ هاوەڵانی چالاکانە لە گەڵیدا نەجوڵاونەتەوە لە بانگەواز کردنی بۆ ئیسلام یا خود هەرگیز کتێبێك یان کاسێتێکیان بە دیاری پێ نەداوە دەربارەی ئیسلام ... ئەویش لەسەر بێ باوەڕی خۆی ماوەتەوە ... یا خود چەندەها گەنج مردن یەخەی پێ گرتن و لە کاتێکدا وازیان لە نوێژ هێنا بوو یان بەردەوام بوون لەسەر تاوانێکی گەورە لە تاوانە گەورەکان ... لەبەر ئەوەی بانگەوازکاران نەیان توانیوە پێی بگەن .. یاخود هاوەڵانی بە چالاکانە ئامۆژگارییان نەکردووە .... وە چەندەها کچ هاوەڵانی خۆی لە قوتابخانەدا دەبینێ .. کە وێنە و کاسێتی حەرام لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ دەکەنەوە .. بەڵکو ژمارە تەلەفونی گومان لێکراو .. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر داوایان لێ بکەین کە ئامۆژگارییان بکەن... دەڵێت:- هێشتا خۆم پێویستم بە کەسێکە ئامۆژگاریم بکات .. من کەمتەرخەمم .. ئەگەر خۆم بە جوانی دەستم بە دینەوە گرت ئەوکاتە ئامۆژگارییان دەکەم .. سەیرە ...!! شەیتان چەند دڵخۆش دەبێت بە بیستنی ئەم وتانە .. ئایە ئیسلام چۆن گەیشتە ئەفریقیا و هیند و چین!! تاکو گەیشتە ئەوەی کە تەنها لە وڵاتی هیند دا سەد ملیۆن موسڵمان هەبێت!! وە لە وڵاتی چین دا نزیکەی ئەو ژمارەیە .. کێ بانگەوازی ئەوانی کرد؟؟ ئەوانەی کە بانگەوازی ئەوانی کرد کەسانێك بوون لە نێو ئەم خەڵکەدا .. قوتابی زانست و زانیاری نەبوون ... وە پێشەوای مزگەوتەکان نەبوون ... وە

دەرچووی کۆلێژی شەریعە نەبوون .. کەسانێك بوون کە بۆ بازرگانی کردن ڕۆیشتبوون .. ئەمجار لەوێ بانگەوازی خەڵکیان کرد و لەسەر دەستی ئەوان بوونە موسڵمان .. وە لە نێو ئەو خەڵکەی ئەفریقیا و هیند و چین دا چەندەها زانا و بانگەوازکار هەڵکەوتن .. وە پاداشتی هیدایەت دانی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بازرگانانە .. چەند جار پرسیارم کردووە لەو کرێکارە بێ باوەڕانە کە لە وێستگەکانی بەنزینیدا کار دەکەن بە یەکێکیان دەڵێم:- تۆ ماوەی چەندە لەم وڵاتەدا دەژیت؟ دەڵێت:- بۆ ماوەی پێنج ساڵە .. یان حەوت ساڵە .. منیش دەڵێم:- ئایە هیچ کەسێك کتێبێك یان کاسێتێکی پێت داوە دەربارەی ئیسلام لەو ڕۆژەوە هاتووی بۆ ئێرە؟ دڵم دەگوشێت لە کاتێکدا وڵامم دەداتەوە و دەڵێت:- نەخێر ... هەموو خەڵکی دێن و ئۆتۆمبیلەکەیان پڕ لە سوتەمەنی دەکەن و دەڕۆن.. براکەم ... ڕەنگە تۆ کەسێکی کەمتەرخەم بیت ... بەڵکو ڕەنگە هەندێ جار گوێبیستی گۆرانی بیت ... وە ڕەنگە جگەرە بکێشی .. وە ڕەنگە هەندێ جار سەرپێچی فەرمانەکانی خوا بکەیت .. بەڵام .. تۆ موسڵمانێت لە سەرەتا و لە کۆتاییدا ... وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:-

(بلغوا عني ولو بآية)[11]. ئایە تۆ تەنها یەك ئایەتت لەبەر نەکردووە بۆ ئەوەی بیگەیەنی؟ ئەوەیش دەبێت لە زۆر ڕێگاوە .. دابەشکردنی کاسێت.. بڵاو کردنەوەی کتێب ... دابەشکردنی کارتی ویردەکان (زیکرەکان) چەندەها کار کە پێویستی بە زانیاری نییە .. کێ لە ئێمە ئەگەر ڕۆیشت بۆ سەفەرێك لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵە کاسێتێکی سوود بەخش لەگەڵ خۆیدا دەبات و ئەگەر لای وێستگەیەکی سوتەمەنی وەستا ئەوا هەندێکی لەوێ بە جێ دەهێڵێ ... وە هەندێکیان لە

---

(١١) (صحيح الجامع الصغير: ٢٨٣٧).

مزگـەوتی وێـستگەکە دانێـت .. یـان دابەشـی بکاتـە سـەر ئـەو ئۆتۆمبیلانـەی ڕاوەستاون .. خەڵکی لـە ڕێگاوبانـدا دەبـێ گوێبیسـتی شـتێك بـن کەواتـە تـۆ ببـە پشتیوانی ئەوان بۆ گوێبیستی چاکە و یادی خوا .. کـێ لـە ئێمە ئەگـەر کتێبێکی سوود بەخشی بینی ئەوا کۆمـەڵێکی لـێ دەکڕێ و پاشـان لـە مزگەتەکـەی نزیکی خۆیدا دابەشی دەکات.. یان بە دیاری دەیداتە ئەو هاوەڵانەی کە لە کار کردنـدا لـە گەڵیدان..یان قوتابییەکانی لە قوتابخانە.. وە من بـەم قسانەم ڕێگـا خـۆش ناکـەم بۆ تاوان کردن یان بۆ خـاوەن تاوانـەکان بیانویـەك بهێنمـەوە .. بـەلام.. ﴿ یادیـان بخەرەوە ئەگەر یادخستنەوە سوودی هەبوو﴾ .. وە نابێت تاوان ببێتە بەربەستێك لە نێوان خاوەنەکەی و خزمەتکردنی ئـەم دینـەدا ... (أبـو محجـن الثقفـي) ﷺ کابرایەکی موسڵمان بوو تووشی بەلایەك هاتبوو ئەویش خواردنـەوەی مـەی بـوو .. چـەندەها جـار سـزا درا بـوو دیـسان دەگەڕایـەوە سـەر تاوانەکـە ... سزا دەدرا و دیـسان دەگەڕایـەوە .. بـەڵکو لەبـەر زۆر تامـەزرۆ بـوونی بـە مەیـەوە ئامۆژگـاری کوڕەکەی خۆی کردبوو ... دەیگوت:-

إذا مت فأدفني إلى جنب كرمة ... تروي عظامي بعد موتي عروقها
ولا تدفنـــي في الفــلاة فإنني ... أخاف إذا ما مت أن لا أذوقها

کاتێ کـە موسـڵمانان خۆیـان ئامـادە کردبـوو بـۆ دەرچـوون بـە مەبەسـتی جـەنگی فارسەکان لـە جـەنگی (القادسیه) (أبـو محجـن) یـش لـە گەڵیانـدا دەرچـوو ... وە خواردن و کەرەستەکەی لەگەڵ خۆیـدا هـەلگردبوو ... وە لـە بـیری نەچـوو لەگـەڵ خۆیدا مەی ببات .. لە نێو کەرەستەکانی خۆیـدا شـاردبوویەوە .. کـاتێ گەیـشتنە قادسیە .. (ڕۆستم) داوای کرد کـە لەگـەڵ (سـعدی کـوری ابـی وقـاص)ﷺ دا کـە سـەرکردەی موسـڵمانان بـوو ڕووبـەڕوو ببێتـەوە .. وە نامـە گۆڕینـەوە لـە نێـوان

هەردوو لەشکرەکەدا کرا ... لەو کاتەدا شەیتان وەسوەسەی بۆ (ابو محجن) ﷺکرد لە جێگایەکدا خۆی شاردەوە و دەستی بە مەی خواردنەوە کرد .. کاتێ کە سعدﷺ بەوەی زانی پەست بوو لێی .. وە رازی نەبوو کە بەشداری بکات لە جەنگەکە ... ئەمجار فەرمانی کرد کە بە زنجیرێك توند ببەسترێتەوە .. وە لە خەیمەیەکدا بەند کرا ... کاتێ کە جەنگ دەستی پێ کرد و ابو محجن ﷺ گوێی لە حیلەی ئەسپەکان و هاواری پاڵەوانان بوو خۆی پێ رانەگیرا لەو کۆت و زنجیرەدا بمێنێتەوە... وە تامەزرۆی شەهید بوون بوو بەڵکو تامەزرۆی خزمەت کردنی ئەم دینە بوو .. وە فیداکردنی گیانی خۆی بۆ خوای پەروەردگار ... بەڵێ.. هەرچەندە سەرپێچی فەرمانەکانی خوای کردووە... هەرچەندە بەردەوام بووە لەسەر مەی خواردن ... بەڵام ئەو موسڵمانە و خوا و پێغەمبەرەکەیﷺ خۆش دەوێت .. ئەمجار زۆر پەشیمان بووەوەو تەماشای حاڵی خۆی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:-

كفى حزناً أن ترجم الخيل بالقنى ... وأترك مشدوداً على وثاقيا
إذا قمت عناني الحـــديد وغلقت ... مصاريع من دوني تصم المناديا
وقد كنت ذا مال كثـــير وإخوة ... وقد تركوني مفرداً لا أخا ليا
فلله عـــهد لا أحـــيف بعهده ... لإن فرجت ألا أزور الحوانيا

خێزانەکەی (سعد)ﷺ گوتی:- چیت دەوێ؟ ئەویش گوتی:- ئەم کۆت و زنجیرەی پێم بکەرەوە و ئەسپەکەی (سعد)ﷺ کە ناوی (البلقـــاء) ە پێم بدە بۆ ئەوەی بجەنگم ئەگەر خوای گەورە شەهیدی بە قسمەت کردم ئەوا مەبەستمە و ئەگەر نەکوژرام ئەوا پەیمان بێت دەبێ بگەڕێمەوە بۆ لات و بە کۆت و زنجیرەکە دیسان بمبەسەرەوە ... ئەمجار دەستی کرد بە تکا کردن تاکو رازی بوو وە

كۆتەكەی لە پێی كردەوە و (البلقـــاء) ی پێدا ئەویش قەڵغانەكەی پۆشی وە دەموچاوی خۆی داپۆشی ... ئەمجار وەكو شێر بازی دایە سەر ئەسپەكە و بەرەو بێ باوەڕان ڕۆیشت .. پارێزگاری لەم دینە دەكرد و بەرگری لێ دەكرد خۆی پەیوەست كردە دواڕۆژەوە و شەیتان سەرنەكەوت لە هەڵخەڵەتانیدا بۆ سستی نواندن لە خزمەت كردنی ئەم دینەدا ...خۆی خستە نێو بێ باوەڕانەوە بە هەموو هێزی لە ئەوانی دەدا بە تیر و شیرەكەی .. خەڵكی لێی سەرسام بوون و نەیاندەناسی و لەو ڕۆژەدا نەیانبینی بوو .. (أبـو محجـن)ﷺ بەردەوام بوو لە كوشتاری بێ باوەڕان ... بەردەوام گیانی خۆی زۆر بێ نرخ دانابوو لە پێناوی خوادا .. بەڵێ .. (أبـو محجـن) ﷺ بەردەوام بوو ... بەلام سعدی كوڕی ئەبی وەقاصﷺ پێی لە چەند جێگەیەكەوە بریندار بوو بۆیە نەیتوانی دابەزێتە گۆڕەپانی جەنگەكە.. وە لە دوورەوە چاودێری جەنگەكەی دەكرد ... كاتێ كە (أبو محجـن) یﷺ بینی سەرسام بوو لە هێز و توانا و كوشتاری ... گوتی:- لێدانەكەی وەكو لێدانەكەی (أبو محجن) ەﷺ و هێرش بەردنی ئەسپەكەی وەكو هێرش بردنی (البلقاء) .. بەلام .. (أبو محجن) لە كۆت و زنجیردایە .. و (البلقـــاء) بەستراوەتەوە ... !! كاتێ كە لە جەنگەكە بوونەوە (أبـو محجـن) ﷺ گەڕایەوە بۆ بەندكردنەكەی خۆی .. وە پێیەكانی خۆی بە كۆت و زنجیر بەست .. كاتێ كە سعدﷺ گەڕایەوە بینی ئەسپەكەی ماندوو دیارە و ئارەقە دەكات ... گوتی:- ئەمە چییە؟ بۆیە چیرۆكەكەی (أبو محجن) ﷺ یان بۆ گێڕایەوە ئەویش ڕازی بوو بە كردەوەكەی و ئازادی كرد و گوتی:- سوێند بە خوا دەبێ چیتر لێت نەدەم بە هۆی مەی خواردنەوە .. ئەویش گوتی:- سوێند بە خوا دەبێ منیش چیتر مەی

نەخۆمەوە .. بە ڕاستی ئەو شیرەی کە دراوەتە (ابو محجن)ﷺ شێرێکی پاك و بێ گەردە[١٢] ..

ئامۆژگاری چوارەم ...

ابن كثير لە کتێبی (تاريخ)دا دەگێڕێتەوە و دەڵێت:- کابرایەکی موسڵمان هەبوو زۆر بێ کەس و بێ هێز و لاواز بوو .. پارەیەکی زۆری لای یەکێك لە ئەمیرەکان بوو.. ئەویش هاورد و بردی پێ دەکرد و مافەکەی خۆی پێ نەدەدا .. وە هەر کاتێك داوای مافەکەی خۆی بکردایە ئەوا ئازاری دەدا .. وە فەرمانی دەکردە خزمەت کارەکانی کە ئەشکەنجەی بدەن .. بۆیە ڕۆیشت بۆ لای سەرکردەیەك لە سەرکردەی سەربازەکان ... کەچی ئەو توند تر و کەللە ڕەقتر بوو .. ئەم کابرا هەژارە دەڵێت:- کاتێ ئەوەم بینی.. بێ ئومێد بووم لە پارەکەم و خەمێکی زۆر دایگرتم ... ڕۆژێك من لەو بیر و هۆشەدا بووم و نەمدەزانی لای کێ شکاتی لێ بکەم .. کابرایەك پێی گوتم:- بڕۆ بۆ لای ئەو کابرا بەرگ دوورە کە پێشەوای مزگەوتە ..منیش گوتم:- ئایە بەرگ دوورێك چی دەتوانێت بکات بەم ستەمکارە؟ لە کاتێکدا کە پیاوانی دەوڵەت نەیانتوانی هیچ بکەن .. گوتی:- ئەو لەو بەرگ دوورە زۆر دەترسێ .. لە هەموو ئەوانەی کە شکایەتت لایان کردووە زیاتر .. بڕۆ بۆ لای بەڵکو دەرگایەکت لێ کرایەوە .. گوتی:- ڕۆیشتم بۆ لای هەرچەندە زۆر ئومێدم پێی نەبوو ..چیرۆکەکەم بۆی گێڕایەوە و باسی ئەوەم کرد کە چەند هەوڵم داوە، کەچی ئەو ستەمکارە ئازارم دەدات .. ئەویش هەستا و دوکانەکی خۆی داخست و پێکەوە ڕۆیشتین تاکو گەیشتینە ماڵ کابرای ستەمکار و لە دەرگامان دا.. کابرا بە تووڕەییەوە دەرگاکەی کردەوە .. کاتێ کە کابرای بەرگ دووری

---

(١٢) (اسناد قصة أبي محجن صحيح كما ذكره ابن حجر في الإصابة: ج٤: قسم الكنى).

بینی.. زۆر ترسا و ڕێزی لێ گرت و بایەخی پێدا ... کابرای بەرگ دوور گوتی:- ماف ئەم کابرا لاوازە بدەرەوە .. کابرا گوتی:- ئەو هیچ پارەیەکی لام نییە و ئینکاری کرد .. کابرای بەرگ دوور هاواری بە سەردا کرد و گوتی:- پارەی ئەم کابرا لاوازە بدەرەوە ئەگینا بانگ دەدەم ... !! کابرا ڕەنگی تێکچوو وە هەموو پارەکەی بە تەواوی دامەوە ... ئەمجار ئێمەیش هەستاین وگەڕاینەوە ... لە کاتێکدا من زۆر سەرسام بووم لەم کابرای بەرگ دوورە لەگەڵ ئەوەیشدا حاڵی باش نەبوو .. وە لاشەیەکی لاوازی هەبوو .. چۆن ئەو کابرای ستەمکارە ملکەچی قسەکانی بوو ..؟ منیش هەندێ پارەم پێی دا کەچی پێی ڕازی نەبوو .. گوتی:- ئەگەر بمویستایە ئەوا ئێستا هێندە پارەم هەبوو کە لە ژماردن نەدەهات ... ئەمجار پرسیارم لێ کرد کە باسی خۆی بکات و منیش باسی سەرسامی خۆمم بۆی کرد .. کەچی گوێی پی نەدام .. بۆیە منیش سوور بووم لەسەر داواکەم .. گوتم:- بۆ بە بانگدان هەڕەشەت لێ کرد؟ گوتی:- تۆ ئێستا پارەی خۆتت وەرگرتووە و داوات لێ دەکەم بڕۆ .. گوتم:- سوێند بە خوا دەبێ بۆم بگێڕیتەوە .. گوتی:- هۆی ئەوە، ئەوە بوو کە لە پێش چەند ساڵێك ئەمیرێکی تورکی دراوسێمان بوو یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی دەوڵەت و گەنجێکی روو جوان بوو .. ڕۆژێك ئافرەتێکی جوان لە حەمام دەرچوو بوو وە کراسێکی بەرزی بە نرخی لە بەردا بوو.. ئەویش سەرخۆش بوو هەستا و خۆی پەیوەست کرد بە ئەوەوە و دەیویست لە گەڵیدا بچێتە ژوورەوە ... ئەویش رازی نەبوو وە دەستی بە هاوار کرد بە دەنگێکی بەرزەوە دەیگوت:- من ئافرەتێکی خاوەن مێردم ...وە ئەم پیاوە نیازی خراپە و دەیەوێ لە گەڵیدا بڕۆمە ژوورەوە .. وە مێردەکەم سوێندی بە تەڵاق خواردووە کە دەبێ هیچ شەوێك لە هیچ ماڵێك نەمێنمەوە وە ئەگەر هەرکاتێك لێرە

بمێنمەوە ئەوا تەلاقی دەکەوێ .. وە ئابڕووم دەچێت و توشی شەرمەزاری دەبم .. کە هەرگیز ڕۆژگار لە بیری ناچێتەوە ... بەرگ دوورەکە گوتی:- بۆیە منیش هەستام و چووم بۆ لای و ئینکاریم لێ کرد و ویستم ئافرەتەکەی لە دەست ڕزگار بکەم بۆیە بە چەقۆیەك کە لە دەستی بوو لە سەری دام و خوێن بە بالآمدا هاتە خوارەوە ... وە زاڵبوو بەسەر ئافرەتەکەدا و بە زۆر بردییە ژوورەوە ... منیش گەڕامەوە و خوێنەکەم شووشت و سەرم پێچا ... وە هاوارم بۆ خەڵکی کرد و گوتم:- ئەم پیاوە کە ئەوەی دەزانن ئەو کردی و بۆیە هەستن لە گەڵمدا و ئینکاری لێ بکەین و ئەو ئافرەتە ڕزگار بکەین ... خەڵکی لە گەڵمدا هەستا و هێرشمان بردە سەر ماڵەکەی و ئەمجار کۆمەڵێك لە خزمەتکارەکانی هەستان و بەرەو لای ئێمە هاتن و دار و چەقۆ بە دەستیانەوە بوو .. دەستیان کردە لێدانی خەڵکی ... وە خۆی بەرەو لای من هات و بە توندی لە سەری دام و تاکو خوێناوی کردم .. بۆیە ئێمەیش لە ماڵەکە دەرچووین بە زەلیلی و دڵ شکاوی .. منیش گەڕامەوە ماڵی خۆم و لە کاتێکدا لەبەر زۆری ئازار و خوێن ڕێگای ماڵی خۆمم بزر کردبوو ... لەسەر جێگەم ویستم بنووم .. بەڵام خەوم لێ نەکەوت ... وە سەرسام بووم و نەمدەزانی چی بکەم بۆ ڕزگار کردنی ئەو ئافرەتە ئەمشەو لە دەستی دەری بهێنم و بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی بۆ ئەوەی تەلاقی نەکەوێ ... بۆیە لە دڵی دام کە بانگی بەیانی بدەم بۆ ئەوەی وا بزانێت کە ڕۆژ بووەتەوە و ئەویش لە ماڵەکەی دەری بکات و ئەویش بڕوات بۆ لای مێردەکەی .... وە منیش سەرکەوتمە سەر منارەکە و دەستم بە بانگدان کرد و بەدەنگێکی بەرز ... وە ئەمجار تەماشای دەرگای ئەوانم دەکرد بۆ ئەوەی بزانم ئافرەتەکە لە ماڵ دەرچووە یان نا .. بانگەکەم تەواو کرد و کەچی دەرنەچوو .. ئەمجار سوور بووم

لەسەر ئەوەی كە قامەت ببەستم بۆ نوێژی بەیانی بۆ ئەوەی ئەو كابرا پیسە وا بزانێ كە ڕۆژ بووەتەوە ... لەو كاتەی كە من تەماشام دەكرد بۆ ئەوەی بزانم ئافرەتەكە دەردەچێت یان نا .. بینیم ڕێگاكە پڕ بوو لە سەرباز و سواری دەوڵەت... ئەوانیش دەڵێن:- ئەوا كێ بوو لەم كاتەدا بانگی دا؟ وە تەماشای منارەی مزگەوتەكەیان دەكرد .. منیش هاوارم كرد:- ئەوە من بووم بانگم دا .. من دەمویست یارمەتیم بدەن .. گوتیان:- دابەزە .. منیش دابەزیم ... گوتیان:- وەلامی خەلیفە بدەرەوە ... منیش زۆر ترسام... سوێندیانم دا بە خوای گەورە بۆ ئەوەی گوێبستی چیرۆكەكەم بن كەچی ڕازی نەبوون ... وە پێشیان خستم وە هیچ دەسەلاتێكم نەبوو . تاكو چوومە ژوورەوە بۆ لای خەلیفە ... كاتێ كە خەلیفەم بینی لە جێگاكەی خۆی دانیشتووە زۆر ترسام و هەموو گیانم دەستی بە لەرزین كرد.. خەلیفە گوتی:- وەرە پێشەوە .. منیش چوومە پێشەوە ... پێی گوتم:- كوڕم هیچ مەترسە و ئارام بە .. ئەمجار دەستی بە قسەی خۆش كرد و دڵنیای كردمەوە كە هیچ ترسم نەبێت ... بۆیە منیش ترسم نەما ... گوتی:- تۆ بووی لەم ناوەختەدا بانگت دا ....؟ گوتم:- بەڵێ ئەی ئەمیری ئیمانداران ... گوتی:- چی هۆیەك هەیە كە لەم ناوەختەدا بانگ بدەی . لە كاتێكدا هێشتا زۆری ماوە بۆ بانگی بەیانی؟ كە دەبێتە هۆی ئەوەی كات لە ڕۆژووان و ڕێبواران و نوێژخوێنان وئافرەتان تێك بدەی ... گوتم:- ئایە ئەمیری ئیمانداران دڵنیام دەكاتەوە كە هیچم بەسەر نەیەت ئەگەر چیرۆكەكەم وەكو خۆی باس كرد؟ گوتی:- دڵنیا بە .. منیش چیرۆكەكەم بۆی گێڕایەوە .. ئەویش زۆر پەست بوو..ئەمجار فەرمانی كرد بە ئامادەكردنی ئەو پیاوە وئەو ئافرەتە ... ئەوانیش بە پەلە ئامادەیان كرد... ئەمجار ئافرەتەكەی لەگەڵ چەند ئافرەتێكی نزیكی خۆی

ناردەوە بۆ ماڵی خۆی ..پاشان رووی کردە پیاوەکەو پێی گوت:- رزق و رۆزیت چەند هەیە؟ سەروەت و سامانت چەند هەیە؟ چەند ژن و جاریەت هەیە؟ شتی زۆری بۆ باس کرد ... ئەمجار گوتی:- هاوار بۆخۆت .. ئایە ئەو هەموو نیعمەتە خوای گەورە رژاندوویەتی بە سەرتدا بەست نییە تاکو بڕۆیت پەردەی حەرام بدڕیت و سنورەکانی خوا ببەزێنیت و بە جورئەتیش بوی بەرامبەر بە دەسەڵات؟ ئەی ئەو هەموو نیعمەتە بەست نییە تاکو دەست درێژیت کردووەتەوە سەر کەسێك کە فەرمانی پێت کردووە بە چاکە و نەهی کردووی لە خراپە و هەموو لاشەت بریندار و خوێناوی کردووە و سوکایەتیت پێ کردووە؟؟ کەچی هیچ وەڵامێکی نەبوو .. ئەمجار بڕیاری داو کە پێیەکانی بە کۆت و زنجیر ببەستنەوە و بە توندی بەستیانەوە .. لە کاتێکدا ئەو کابرایە هاوار دەکات و تکا دەکات .. وەبڕیاری تەوبە وگەڕانەوە دەدات کەچی خەلیفە بە هیچ شێوەیەك رووی تێ ناکات .. ئەمجار خەلیفە فەرمانی کرد کە بە چەقۆ لێی بدەن تاکو مردن و ئەمجار فەرمانی کرد کە بخرێتە روباری دیجلەوە .. ئەوە دوا ساتەکانی ئەو کابرایە بوو .. پاشان خەلیفە فەرمانی کردە بەڕێوەبەری پۆلیس کە بچێتە سەر ماڵەکەی ئەو هەموو پارەی لە (بیت المال) ەوە وەری گرتووە دەست بەسەر هەموویدا بگیرێت، وە بە منی گوت:- هەر کاتێك خراپەیەکت بینی بچووك یان گەورە تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەم کابرایەیش بوو (دەستی درێژ کرد بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس) ئەوا ئاگادارم بکەرەوە ئەگەر منت بینی ئەوا باشە ئەگەر نا ئەوا نیشانەی نێوان من و تۆ بانگدانە .. ئەوا لە هەر کاتێکدا بوو بانگ بدە .. یان لەم کاتەی ئێستادا کە بانگت دا .. منیش گوتم:- خوا پاداشتی خەیرت بداتەوە .. ئەمجار دەرچووومە دەردوە .. لە بەر ئەوەیە هەر کاتێك فەرمانێك بکەمە هەر یەکێك لەو بەرپرسانە

ئەوا یەکسەر جێبەجێ دەکەن وە هەرکاتێك قەدەغەیان بکەم لەهەر شتێك ئەوا یەکسەر وازی لێ دەهێنن لە ترسی خەلیفەی موسڵمانان (المعتضد بالله) .. وە تاکو ئێستا پێویستم بە بانگدان نەبووە لە خوا بە زیاد بێت ·

برای خۆشەویست .. خوشکی ڕێزدارم ...

ئەوانەی ئامەزرۆی بەهەشتن .. ئەوانەی حەز لە چوونە ناو بەهەشت دەکەن... لە کاتێکدا ئەگەر خراپەیەك ببینن ئەوا بێ دەنگ نابن .. بەڵکو هەموو ڕێگاکان دەگرنە بەر .. وە هەموو شێوازەکان دەگرنە بەر بە مەبەستی لادانی خراپە و ئامۆژگاری خەڵکی خراپەکار .. ئەوانە لە کوێن . کە ئەگەر خراپەیەك ببینن کەچی هەوڵ نادەن بۆ چاککردنەوە ... وە ڕەنگە ئەگەر جارێك یان دوو جار ئینکاری بکەن و لێیان وەرنەگیرێت ..ئەوا لە چاکەکاری بێزار دەبن .. وە چیتر چەك فڕێ دەدەن ... وە ڕۆژی قیامەت پرسیاریان لێ دەکرێت دەربارەی ئەوانە.... خراپەکاری چەند زۆر بووە لە نێو خەڵکیدا؟! .. لە بازاڕەکانیاندا !... لە ماڵەکەنیاندا! .. لە قوتابخانەکانیان! .. وەجێگای کارکردنەکانیان! .. تەنها لەبەر ئەوە نەبێت ﴿كَانُواْ لاَ يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ﴾ [المائدة: ٧٩] ·

واتە:- ئەوانە قەدەغەی یەکتریان نەدەکرد لە خراپە و تاوانێك کە دەیانکرد، سوێند بێت بە خوا ئەوەی کە دەیکەن زۆر خراپ و ناپەسەندە ·

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:- (لا يحقر أحدكم نفسه) گوتیان:- ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ:- كيف يحقر أحدنا نفسه؟! قال:- (يرى أمراً لله عليه فيه مقال

.. ثم لا يقول فيه، فيقول الله له يوم القيامة: ما منعك أن تقول في كذا وكذا؟ فيقول: خشية الناس .. فيقول: فإياي كنت أحق أن تخشى)[١٣].

وە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بزانە کە دەفەرمووێت:–
(من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الايمان)[١٤].

هەموو موسڵمانێك دەگرێتەوە ئافرەت و پیاو .. وە تۆ یەکێکی لە موسڵمانان بەڵکو ئەو کەسەی کە لە بینینی خراپە بێدەنگ دەبێت با لەوە بترسێت کە ببێتە هاوەڵی ئەنجامدەری کارە خراپەکە .. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:– (إذا عملت الخطيئة في الأرض كان من شهدها فكرهها _ وقال مرة: أنكرها _ كمن غاب عنها ومن غاب عنها فرضيها كان كمن شهدها)[١٥].

ئامۆژگاری پێنجەم ....

لە خۆشەویستییەکانی خوا بۆ بەندە چاکەکانی ..ئەوانەی کە ئەهلی بەهەشتن .. خوای گەورە خۆشگوزەرانی دونیا وقیامەتیان پێ دەبەخشێت...وە بزانە ئەو بێزارییەی کە خوای گەورە بە سەر هەندێ کەسدا دەیهێنێت بە هۆی سەرپێچی خۆیانەوەیە ...یان دەیانەوێ خۆشگوزاریان دەستکەوێ لە جگە لە ڕەزامەندی خوا ... سەرپێچی کەران دونیایان لا تەنگ دەبێت ... وە ژیانیان لا بێ سوود دەبێت ..تاکو ئەو خۆشییەی کە بە شوێنیدا دەگەڕێن لە خۆشگوزەرانی دونیا دەبێتە سزا و ئازار کە پێوەی دەناڵێنن ... بۆ گوێ بیستنیان بۆ گۆرانی .. و شوێنکەوتنی خراپەکاری .. و خواردنەوەی مەی و تەماشا کردنی حەرام .. هەموو

(١٣) (رواه ابن ماجة، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف ابن ماجة: ٨٠٠٤).
(١٤) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٦٢٥٠).
(١٥) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن أبي داود: ٤٣٤٥).

ئەوانە دەگۆڕدرێت بە تەنگی ژیان لە پاش ئەو هەموو فراوانییە .. وە خەم و پەژارە لە پاش دڵخۆشی .. بۆ؟ وەڵام ئاشكرایە .. چونكە خوای پەروەردگار مرۆڤی دروستكردووە تەنها بۆ یەك مەبەست بۆیە بە بێ ئەو مەبەستە ژیانی راست نابێت ئەگەر بە شتی ترەوە خۆی خەریك بكات:

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦].

واتە:- بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەكردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە من بپەرستن بەتاك وتەنهاو هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەن.

كاتێ مرۆڤەكان جەستەو گیانی خۆیان بۆ كارێكی تر بەكار هێنا كە بۆ ئەو مەبەستە دروست نەكراوە ئەوا ژیانی دەبێتە دۆزەخ .. وە نمونەیەك لەسەر ئەوە وەربگرە ...:- ئەگەر مرۆڤێك لە ڕێگایەكەوە ڕێ دەكرد لە ناكاو نەعلەكەی بچڕا.. كاتێ ئەوەی بینی دەڵێت:- هیچ كێشە نییە لە جێی نەعلەكەم پێنوسەكە بەكار دەهێنم ئەمجار پێنوسەكەی لە ژێر پێی خۆی دانا و ویستی ڕێ بكات .. ئەوا ئێمە پێی دەڵێین:- تۆ شێتی، چونكە پێنووس دروست كراوە بۆ نووسین و بۆ لە پێ كردن دروست نەكراوە.... وە هەروەها ئەگەر كەسێك پێویستی بە پێنوسێك هەبوو وە دەستی نەكەوت ئەوا دەڵێت:- هیچ كێشە نییە بە پێڵاوەكەم دەنووسم...!! ئەمجار پێڵاوەكەی هەڵگرت و بەسەر كاغەزەكەدا هێنای بە مەبەستی نووسین .. ئەوا ئێمە پێی دەڵێین .. تۆ شێتیت، چونكە پێڵاو بۆ یەك مەبەست دروست كراوە ئەویش ڕێ كردنەو بۆ نووسین دروست نەكراوە .. هەروەها مرۆڤیش وایە.. بۆ یەك مەبەست دروست كراوە ئەویش گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوای گەورەیە و پەرستنی ئەوە .. ئەگەر هەركەسێك ژیانی خۆی بۆ جگە لەم مەبەستە بە كاری هێنا ئەوا ڕێگا بزر دەكات و تووشی ناخۆشی ژیان

دێت ... وە ئەگەر تەماشایەکی حاڵی ئەو کەسانە بکەیت کە ژیانی خۆیانیان بۆ جگە لەو مەبەستە بە کار هێناوە ئەوا دەبینیت ژیانیان پڕ لە خراپەکاری و گومڕاییە کە لە جگە لەواندا نییە .. لەگەڵ مندا ئەم پرسیارانە بکە:- بۆ خۆکوشتن لە وڵاتانی خراپەکاری و ئیباحی زۆرە؟ بۆ لە وڵاتی ئەمریکا ساڵانە زیاتر لە بیست و پێنج هەزار کەس خۆی دەکوژێت؟ وە وەکو ئەو نمونەیە لە وڵاتی بەریتانیا .. هەروەها فەرەنسا .. وڵاتی سوید و وڵاتانی تر .. بۆ خۆیان دەکوژن؟؟!! ئایە (مەی)یان دەست نەکەوتووە بۆ ئەوەی بیخۆنەوە؟ نەخێر .. بەڵکو مەی زۆر زۆرە ... ئایە نازانن بۆ چی وڵاتێك سەفەر بکەن؟ نەخێر .. بەڵکو وڵاتان زۆر فراوانن ... یان ڕێگای زینایان لێ گیراوە .. یان ڕێگرێك هەیە لە نێوان ئەوان و یاریگاکان و مەلهەکاندا؟.. نەخێر .. بەڵکو ئەوەی دەیانەوێ دەیکەن .. لە نێو خۆشگوزەرانی چاوەکانیان ودامێنیان ڕادەبوێرن .. کەواتە بۆ خۆیان دەکوژن؟ .. بۆ لە ژیان بێزار بوونە؟! بۆ مەی و زینا و مەلهەکان جێ دەهێڵن ... و مردن هەڵدەبژێرن .. بۆ؟ وەڵام ئاشکرایە ..

﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكاً﴾ [طه: ١٢٤].

واتە:- ئەوەی ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی تاڵ وناخۆش وتەسك وتەنگی بۆ هەیە لە ژیانی دونیادا.

تەنگی ژیانیان شوێنیان دەکەوێت بۆ هەر کوێ بڕۆن .. وە لە سەفەرەکەیدا و لە جێگیر بوونەکەیدا .. لە گەڵیاندایە کاتێ دەخۆن و دەخۆنەوە .. لە گەڵیدا هەڵدەستێ و دادەنیشێت .. وە پێکەوە دەبن لە خەوتن و نوستن دا.. ژیانی لێ

تاڵ دەکات تاکو مردن .. هەرکەسێ پشت لە خوا بکات و خۆی بە زل بزانێت .. ئەوا خوای گەورە بەردەوام ترس دەکاتە دڵییەوە . خوای گەورە دەفەرموێت:-
﴿سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ﴾ [آل عمران: ١٥١] .

واتە:- (ئەی گرۆی ئیمانداران دڵنیابن) کە لەمەودوا ئێمە: ترس و بیم فڕێ دەدەینە دڵی ئەوانەی کە بێ باوەڕن، بۆ؟ ﴿بِمَا أَشْرَكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ﴾ [آل عمران: ١٥١] .

واتە:- بە هۆی ئەوەی شەریك و هاوەڵیان بۆ خوا بڕیارداوە بێ ئەوەی خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ناردبێتە خوارەوە (بۆ دانانی هاوەڵگەری)، ئەوانە سەرەنجامی گەڕانەوەیان ئاگری دۆزەخە کە ناخۆشترین و خراپترین جێگەی ستەمکارانە .

بەڵام ئەوانەی کە خوای خۆیان دەناسن ...کە بە دڵ ڕوویان تێ کردووە .. ئەوانە لە خۆشگوزەرانیدا دەژین ..

﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ [النحل: ٩٧] .

واتە:- ئەوەی کار و کردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت، لە کاتێکدا بڕوادار بێت، سوێند بە خوا بە ژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دونیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بە جوانتر دەدەینەوە لەوەی کە ئەوان دەیانکرد .

مامۆستایەك گوتی:-

بە مەبەستی چارەسەرکردن چووم بۆ بەریتانیا .. چوومە ژوورەوە بۆ یەکێك لە گەورەترین نەخۆشخانەکانی ئەوێ ... دەتوانم بڵێم تەنها گەورە پیاوان و وەزیرەکان دەڕۆن بۆ ئەوێ ... کاتێ کە پزیشکەکە هاتە ژوورەوە بۆ لام ی

ڕواڵەتی منی بینی .. گوتی:- تۆ موسڵمانیت؟ گوتم:- بەڵێ .. گوتی:- لەو ڕۆژەوە کە خۆم ناسیوەتەوە کێشەیەك هەیە منی سەرسام کردووە .. ئایە دەتوانی گوێم لێ بگریت؟ گوتم:- بەڵێ .. گوتی:- من سەروەت و سامانێکی زۆرم هەیە .. وە کارو کاسبییەکی باشم هەیە ... وە بڕوانامەیەکی بەرزم هەیە.. وە هەموو جۆرە خۆشگوزەرانییەکم تاقیکردووەتەوە .. هەموو جۆرە مەی‌یەکم خواردۆتەوە ... وە توشی زینا هاتووم ... وە سەفەرم کردووە بۆ چەندەها وڵات... لەگەڵ ئەوەیشدا .. هەست بە دڵتەنگییەکی بەردەوام دەکەم .. وە بێزارم لەم ژیانە خۆشە .. چوومە بۆ لای چەندەها پزیشکی دەروونناس.. وە چەندەها جار بیرم لە خۆکوشتن کردۆتەوە بەڵکو ژیانێکی خۆشتر ببینم ... کە بێزاری تیادا نەبێت .. ئایە تۆ هەست بەم بێزارییە دڵتەنگییە دەکەیت؟ گوتم:- نەخێر.. بەڵکو من بەردەوام لە خۆشیدام .. وە ئێستا ڕێگات پیشان دەدەم بۆ خۆشگوزەرانی .. بەڵام وەڵامم بدەرەوە .. تۆ ئەگەر ویستت بە چاوەکانت ڕابوێری ..ئەوا چی دەکەیت؟ گوتی:- تەماشای ئافرەتێکی جوان یان دیمەنێکی جوان دەکەم ... گوتم:- ئەگەر ویستت بە گوێیەکانت ڕابوێری.. چی دەکەیت؟ گوتی:- گوێبیستی موسیقایەکی لەسەرخۆ دەبم ..گوتم:- ئەگەر ویستت بە لوتت ڕابوێری چی دەکەیت؟ گوتی:- بۆنی بۆنێکی خۆش دەکەم یان دەڕۆم بۆ باخچەیەك .. گوتم:- باشە .. ئەگەر حەزت کرد بە چاوەکانت ڕابوێری بۆ گوێبیستی موسیقا نابیت؟ بۆیە سەرسام بوو گوتی:- نابێت چونکە ئەمە ڕابواردنی تایبەت بە گوێیە .. گوتم:- ئەگەر ویستت بە لوتت ڕابوێری بۆ تەماشای دیمەنێکی جوان ناکەیت؟ دیسان سەرسام بوو گوتی:- نابێت چونکە ئەم ڕابواردنە تایبەتە بە چاوەوە، وە ناکرێت هەست بەو تەنگی و بێزارییە بکەیت لە چاوەکانت؟ گوتی:- نەخێر..

گوتم:- هەست بە گوێیەکانت دەکەیت؟ بە لوتت ! دەمت؟! دامێنت؟ گوتی:- نەخێر بەڵکو بە دڵ هەستی پێ دەکەم .. بە سنگم ... گوتم:- تۆ هەست بەم بێزارییە دەکەیت لە دڵتدا .. وە دڵیش ڕابواردنی تایبەت بە خۆی هەیە .. ناکرێت بە شتی ترەوە ڕابوێرێ.. وە دەبێت ئەو شتە بزانیت کە دڵ پێی خۆش دەبێت .. چونکە بە گوێ گرتنت لە موسیقا و خواردنەوەت بۆ مەی وە تەماشا کردنت و زینا کردنت ... ئەوا خۆشی بە دڵت نادەیت بەڵکو ئەوا تەنها خۆشی ئەندامەکانە ... بۆیە کابرا سەرسام بوو .. گوتی:- ڕاستە ئایە چۆن خۆشییەك بۆ دڵەکەم پەیدا بکەم؟ گوتم:- بەوەی کە شایەتی بدەیت کە هیچ خوایەك نییە کە بە حەق شایانی پەرستن بێت تەنها ﴿الله﴾ نەبێت، وە شایەتی بدەیت کە محمد ﷺ پێغەمبەرو نێردراوی ئەوە .. وە لەبەر دەستی دروستکارەکەی خۆتدا کڕنۆش ببەیت.. وە هەموو کێشە و ئازارەکانت بۆ ئەو باس بکەیت .. بۆیە تۆ بەو کارە ئەوا ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەیت و چیتر غەمبار نابیت، کابرا هەندێ ڕاماو گوتی:- هەندێ کتێبم لەسەر ئیسلام بدەرێ .. و دوعام بۆ بکە .. پاشان من چارەسەری خۆم کرد و گەڕامەوە... وە ڕەنگە کابرا پاش من ئیسلام بوو بێت .. وە خوای گەورە ڕاستی فەرمووە کاتێك دەڵێت:-

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاء لِّمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ * قُلْ بِفَضْلِ اللّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ﴾

[یونس: ٥٧-٥٨].

واتە:- ئەی خەڵکینە، بە ڕاستی ئێوە ئامۆژگارییەکی گەورە و گرنگتان لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە (قورئانە) شیفا و چارەسەریشە بۆ نەخۆشی دڵ و دەروونەکان و ڕێ نیشاندەر و ڕەحمەتیشە بۆ ئیمانداران (ئەی محمد ﷺ) بە

ئیمانداران بڵێ: با دڵشاد و شادمان بن بە فەزڵ و بەخشش و رەحمەتی خوایی (کە قورئان و بەرنامەی خوایە)، کەوابوو با هەر بەوە دڵخۆش بن، هەر ئەوەیش چاکترە بۆیان لە هەموو ئەو شتانەی کە خەڵکی خەریکن کۆی دەکەنەوە و کەڵەکەی دەکەن ٠

سەیرە بۆ هەندێ کەس کە لەم دینەدا ئارامی و خۆشی دەبینن پاشان دەڕۆن لە جگە لەو ڕێگایە بە دوای خۆشیدا دەگرێن، خوای گەورە دەفەرموێت:-

﴿أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاءً مَّحْيَاهُم وَمَمَاتُهُمْ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ [الجاثية: ٢١] ٠

واتە:- ئایە ئەوانەی کە گوناهو تاوانەکانیان ئەنجامداوە، وایان زانیوە هەروەك ئەوانە حسابیان بۆ دەکەین کە ئیمانیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە؟! ژیانی دنیاو مردن و دوای مردنیان وەك یەك دەبێت؟!ئای کە بڕیاری خراپ بڕیار دەدەن.

بۆیە خوای گەورە ژیانی خۆشگوزەرانان و ژیانی بەدبەختانی لە ژیان و مردندا جیا کردووەتەوە..

مامۆستایەك گوتی:-

ڕۆژێك گەنجێك هات بۆ لام . تەماشای ڕوویم کرد بینیم ڕوویەکی بێزار و ڕەش هەڵگەڕاوە .. پرسیاری داواکەیەم کرد .. بێ دەنگ بوو .. پرسیارەکەم لێی دووبارە کردەوە کەچی هیچ قسەی نەکرد .. تەماشایەکیم کرد ... بینیم فرمێسك بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە ... پرسیارم کرد .. بۆ دەگری؟ گوتی:- هێندە سنگم تەنگە بە ڕادەیەك کە ناتوانم هەناسە بدەم بە هۆی بێزارییەوە .. سوێند بە خوا ئەی مامۆستا وا هەست دەکەم کە چیایەك وا بەسەر سنگمەوەیە هەناسەی

لێم قەدەغە کردووە .. چیتر بەرگەی تێکەڵ بوونی خەڵکی ناگرم .. وە بێزارم لە هاوڕێکانم .. بەڵکو تەنانەت برا و باوك و دایکم ... چیتر بەرگەی ئەوە ناگرم لە گەڵیاندا دانیشم.. تەنانەت پێکەنینەکەم دروستکراوە .. وە خۆشحاڵییەکەم تەنها روخسارە ... ئێستا هاتووم بۆ لات بۆ ئەوەی بە دوعا خوێندن بەسەرمدا چارەسەرم بکەیت .. یان ڕێگەم نیشان بدەیت بۆ لای کەسێك کە چارەسەرم بکات، ئەمجار دەنگی بڕا و بێ دەنگ بوو .. پرسیارم لێ کرد .. ئەم بێزارییە بێ گومان هۆیەکی هەیە ... ئایە هۆیەکەی چییە؟ گوتی:- نازانم .. گوتم:- پەیوەندیت لەگەڵ خوادا چۆنە؟ گوتی:- خراپە ..ئێستا گوێ لە چیرۆکەکەم بگرە.. گوتم:- فەرموو .. گوتی:- کاتێ تەمەنم گەیشتە چواردە ساڵ.. باوکم رۆیشت بۆ ئەمەریکا بە مەبەستی خوێندن .. منیش لە گەڵیدا رۆیشتم .. لەوێ باوکم منی فەرامۆش کرد لە نێو سەما خانەکان و بازاڕەکاندا لە کاتێکدا من تەمەنم لەو کاتە ناسکەدایە .. کاتێ باوکم لە پاش دوو ساڵ خوێندنی تەواو کرد گەڕاینەوە بۆ ریاض، داوام لێ کرد کە بگەڕێمەوە بۆ ئەمەریکا بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندن کەچی ئەو رازی نەبوو . منیش ساڵ سێیەمی ناوەندیم خوێند بەلام بە قەستی نەمدەخوێند بۆ ئەوەی دەرنەچم و سەرنەکەوم لە هەموو وانەکاندا.. ساڵی دووەم دیسان خوێندم و دیسان بە قەستی بایەخم بە خوێندن نەدەدا بۆ ئەوەی دەرنەچم .. بۆ ساڵی سێیەم دیسان کاری ساڵانی پێشووم ئەنجامدا و دیسان دەرنەچووم .. کاتێ باوکم ئەوەی بینی ناردمی بۆ ئەمەریکا بۆ ئەوەی لەوێ خوێندن تەواو بکەم .. ئەبوایە بۆ ماوەی چوار ساڵ خوێندنی ئامادەیی تەواو بکەم کەچی من بە نۆ ساڵ تەواوم کرد .. هیچ تاوانێك و سەرپێچییەك لەسەر زەوییدا نەما کە من ئەنجامی نەدەم .. چونکە من دەمویست

بە گەنجییەکەی خۆم رابوێرم تا لە توانامدایە .. ئەمجار گەڕامەوە بۆ ریاض و دەستم کرد بە خوێندن لە زانکۆ .. لە کاتێکدا من بەردەوامم لە تاوان و سەرپێچی.. گەورە و بچووك .. بەڵام ئەمە زۆر دڵی تەنگ دەکردم .. هەناسەکانم بە ئەستەم دەردەچوو .. ژیانی لیّ تەنگ کردم .. لە هەموو شتێك بێزار بووم .. هەموو شتێکم تاقی کردبووەوە .. کەچی بێزاری هەردەم هاوڕێمە .. ئەم هەموو قسەیەی بۆ کردم ... قسەکانی بە بچڕ بچڕ دەردەچوو .. دەگریا ... پرسیارم لیّ کرد:- ئایا نوێژ دەکەیت؟ گوتی:- نەخێر .. گوتم:- یەکەم چارەسەری ئەم دڵتەنگییەی تۆ ئەوەیە کە پەیوەندیت باش بکەیت لەگەڵ ئەو کەسەدا کە دڵت لەبەر دەستیدا بە ویستی خۆی ئەم دیو و ئەودیوی دەکات.. پارێزگاری لە نوێژەکانت بکە لە مزگەوت .. وە دەمەوێ پاش حەوت رۆژی تر بتبینم .. رۆژگار رۆیشت .. پاش هەفتەیەك هات بۆ لام بە رووییەك کە ئەو رووەی پێشوو نەبوو .. وە یەکەم جار کە منی بینی باوەشی پیاکردم .. گوتی:- خوا پاداشتی چاکەت بداتەوە .. ئێستا من لە خۆشییەکدام کە بۆ نۆ ساڵ دەچێت تامی ئەو خۆشییەم نەچێشتووە .. ئەمجار پرسیاری دڵتەنگی و بێزاریم لیّ کرد .. بینیم ئەو هەموو بێزارییەی لەسەر نەماوە .. خوای گەورە راستی فەرمووە:

﴿فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإِسْلاَمِ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقاً حَرَجاً كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاء كَذَلِكَ يَجْعَلُ اللَّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّـذِينَ لاَ يُؤْمِنُـونَ﴾

[الأنعام: ١٢٥] .

واتە:- جا ئەو کەسەی (خێری تێدا بێت) و خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی ساف و پاك و فراوان وئامادە دەکات بۆ ئایینی ئیسلام، ئەو کەسەش خوا بیەوێت گومڕای بکات، ئەوە دڵی دەگوشێت و سنگی توندو تەنگ وتەسك دەکات و

هەناسەی سوار دەبێت، هەر وەك ئەوەی بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە (چۆن تووشی تەنگە نەفەسی و دڵ تەنگی و خوێن بەر بوون دەبێت)، ئا بەو شێوەیە خوا گومڕایی و پیسی هاوەڵگەری لەسەر دڵی ئەوانە دادەنێت كە باوەڕ ناهێنن﴾.

مامۆستایەك بۆی باس كردم:-

ڕۆژێك كابرایەك هات بۆ لام و گوتی:- ئەی مامۆستا براكەم جادووی لێكراوە، وە داوات لێ دەكەم كە ڕێنموییمان بكەی بۆ كەسێك كە هەندێك قورئانی بە سەردا بخوێنێ .. وە بە (روقیەی شەرعی) چارەسەری بكات .. منیش داوام لێ كرد كە براكەی ببینم .. كاتێ هات بۆ لام .. بینیم ئەم نەخۆشە زۆر بێزارە و دڵتەنگە .. حاڵی تێك چووە .. پرسیارم لێ كرد بەدەست چییەوە دەناڵێنیت؟ .. گوتی:- من جادووم لێ كراوە .. پرسیارم لێ كرد .. نیشانەكانی ئەو جادووەی كە لێت كراوە چییە؟ گوتی:- هەموو كاتێك هەست بە دڵتەنگی دەكەم .. هەموو كاتێك بێزار و نائارامم .. لە هەموو شتێك بێزار بووم .. وە حەز لە تێكەڵ بوونی خەڵك ناكەم .. تەنانەت دایكم و خوشكەكانم چیتر بەرگەی تێكەڵ بوونیان ناگرم .. لەگەڵ خێزانەكەمدا كێشەی زۆر ڕوویدا و ئێستا ڕۆیشتووەتەوە بۆ لای كەس و كاری بۆ ماوەی ساڵێكە ... منداڵەكانم حەز ناكەم لە گەڵیاندا دانیشم .. ئەمجار قسەكانی بچڕ بچڕ كرد و دەستی بە گریان كرد .. منیش گوتم:- تۆ بۆ سووری لەسەر ئەوەی كە جادووت لێ كراوە .. ڕەنگە ئەوەی تووشت بووە سزای خوای گەورە بێت لەبەر هەندێ لە تاوانەكانت ... ڕەنگە خوای گەورە كاتێ بینیبێتی تۆ سەرپێچی دەكەیت ئەوا سنگ فراوانی لێت سەندووەتەوە .. وە خوای گەورە دەفەرمووێ:-

﴿وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ﴾ [الشورى: ٣٠].

واتە:- هەر بەڵاو نەهامەتیەکتان بە سەر هاتبێت، ئەوە دەرەنجامی ئەو کار و کردەوانەیە کە بە ئارەزووی خۆتان دەتانکرد، (بەڵام ئەوەندە خوایەکی میهرەبانە) لە زۆربەی زۆری گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت٠

گوتی:- نەخێر .. من جادووم لێ کراوە و تکایە (روقیەی شەرعی)م بە سەردا بخوێنە .. گوتم:- لێپرسینەوەی خۆت بکە و چاودێری کارەکانت بکە و موژدەی چاك بوونەوە بخوازە .. گوتی:- نەخێر من جادووم لێ کراوە و شتێك بە سەرمدا بخوێنە .. کاتێ وازی نەهێنا و سوور بوو لەسەر داواکەی منیش پەرداخێك ئاو کە بە تەنیشتمەوە بوو هەڵم گرتو ئەمجار سورەتی (الفاتحە)م بە سەردا خوێند و فووم پیاکرد ...ئەمجار گوتم:- بیخۆرەوە .. ئەوا بە سەرتدا خوێندمەوە .. ئەویش ئاوەکەی خواردەوە و دەرچوو .. لە پاش دوو رۆژ براکەی پەیوەندی پێوە کردم و گوتی:- ئەی مامۆستا .. مورژدەم بدەیە ..خوای گەورە بەو خوێندنەوەی تۆ سوودی پێ بەخشی .. منیش سەرسام بووم .. گوتم:- چۆن؟ گوتی:- براکەم دوێنێ تاکو ئێوارە لای دایکم و براکانم بوو .. وە ئێوارە رۆیشت منداڵەکان و خێزانەکەی هێنایەوە .. سوێند بێت بە خوا دایکم و خێزانەکەی بەردەوام دوعات بۆ دەکەن .. وە خوا پاداشتی خەیرت بداتەوە کە ئەو جادووەت پووچ کردەوە .. منیش واللە سەرسام بووم بەو شتە .. وە داوام لێ کرد کە خۆی وبراکەی سەردانم بکەن .. کاتێ ئامادە بوون .. بەڵام شتێکی ترم بینی .. هاه .. ئەی فلان .. جادووەکەت دۆزییەوە؟ گوتی:- نەخێر بەڵام شتێکی ترم دۆزییەوە .. ئەویش فیلمی رووت و مادده بێهۆشکەرەکان .. گوتم:- چۆن؟ گوتی:- کاتێ لای تۆ دەرچووم لێپرسینەوەم لەگەڵ خۆمدا کرد و سەرنجی ئەو ئایەتەم دەدا ٠

﴿وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ﴾ [الشورى: ٣٠] ٠

ڕۆیشتم بە شوێن کەلێنەکاندا دەگەڕام .. بینیم من بەردەوام نیم لەسەر نوێژەکان.. لەسەر ئەوەیشەوە من ماوەیەك بەردەوام تەماشای فلیمی ڕووت دەکەم .. لەبەر زۆری تەماشا کردنم بۆ ئەو فیلمانە خێزانەکەی خۆم لەبەر چاو کەوتووە ورقم لێی هەستاوە .. وە منداڵەکانیشم .. وە بەردەوام دڵتەنگی هاوڕێم بوو.. ئەمجار منیش لەبەر زۆری غەم و پەژارە دەستم کرد بە خواردنی مادده بێ هۆشکەرەکان .. بۆ ئەوەی ئەو هەموو غەم و پەژارەم لەسەر نەمێنێ .. کەچی غەمەکانم زیاتر و زۆرتر بوون .. وە منیش لەبەر زۆری دڵتەنگی وامدەزانی جادووم لێکراوە .. پاشان ئەو هەموو فیلمانەم کۆ کردەوەو هەمووم سووتاند .. ئەمجار ئەو مادده بێ هۆشکەرانەی کە لام مابوون هەموویم فڕێدا .. وە بڕیاری تەوبە و گەڕانەوەم دا بۆ لای پەروەردگار ... سوێند بە خوا لە پاش ئەوەی ئەو کارانەم کرد .. هەستم کرد کە چیایەك لەسەر سنگم بووە و ئێستا نەماوە..

ئامۆژگاری شەشەم ...

ئەهلی بەهەشت خەڵکێکن کە دڵی خۆیانیان پەیوەست کردووە بە خۆشەویستی خوداوە .. خوای خۆیان خۆشیانی دەوێت و ئەوانیش خوایان خۆش دەوێت .. خوایان لە هەموو کەس زیاتر خۆش دەوێت ... لە کەس و کار زیاتر .. لە سەروەت و سامان زیاتر .. لە خۆیان زیاتر .. چەندەها جار لە شەوگاراندا لەگەڵ خوای خۆیاندا دوو بە دوو دەبوونەوە .. بە ڕۆژیش لە ترسی ئەودا دەگریان .. چاوەکانیان تامەزرۆی بینینی ئەو دەکەن .. وە لەبەر گەورەیی و خۆشەویستی ئەو دڵیان پارچە پارچە بووە ..

فليتك تحلو والحياة مريرة　　　وليتك ترضى والأنام غضاب

وليت الذي بيني وبينك عامر　　　وبيني وبين العالمين خراب

إذا صح منك الود فالكل هين وكل الذي فوق التراب تراب

واتە:—

ئەی خودایە خۆزگە تۆ شیرین دەبویت لەگەڵ مندا، با هەموو ژیان تاڵ بێت

وە خۆزگە تۆ رازی دەبویت لەمن با هەموو خەڵکی لێم پەست بن

وە خۆزگە ئەوەی لە نێوان من و تۆدایە ئاوەدان دەبوو

وە ئەوەی لە نێوان من و هەموو خەڵکیدایە با وێرانە بێت

ئەگەر خۆشەویستیت بەرامبەر بە من تەواو دەبوو ئەوا هەموو شتێك ئاسانە

وە هەموو ئەوەی کە لەسەر ئەم گڵەیە هەر گڵە

تامەزرۆی بینینی خوای خۆیان بوون تاکو شایەتی ئەوە بوون کە لە رۆژی دوایی دا خوای خۆیان ببینن خوای گەورە موژدەی ئەوەی پێداون:

﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ [القيامة: ٢٢ – ٢٣] ·

واتە:— ئەو رۆژە، رووخسارانێك گەشاوە و ناسك و ئاسوودەن، چونکە هەریەکە بۆ خۆی تەماشای پەروەردگاری دەکات (لە تەماشاکردنی تێر نابێت) ·

تۆیش ببە یەکێك لە ئەوان ·· وریابە نەبیتە کەسێك کە دڵیان پەیوەست بووە بە عەشقی حەرامەوە ·· رەنگە تۆ کەسێکت خۆش بوێت لەبەر ئەوەی شەو نوێژ دەکات ·· یان بە رۆژ بە رۆژوو دەبێت ··· یان قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە ·· یان کەسێکی بانگەواز کار بۆ دینی خوا ·· ئەم خۆشەویستی یە بۆ خوایە و خاوەنەکەی پاداشتی دەست دەکەوێت ··· وە ئەوانەی لەبەر خوا یەکتریان خۆش دەوێت لە رۆژی دوایی دا لەسەر مینبەری نورن، پێغەمبەران و شەهیدان خۆزگەیان پێ دەبەن، بەڵام رەنگە کەسێکت خۆش بوێت لەبەر جوانییەکەی یان دەنگە خۆشەکەی یان·············· بێ ئەوەی تەماشای چاکسازی و گوێرایەڵی بۆ

خـوا بکـرێ ئـەم خۆشەویـستییە بـۆ خـوا نییـە ... وە لـە پـەروەردگار دوورت دەکاتەوە، وە خوای گەورە هەڕەشەی لەوانە کردووە:

﴿الْأَخِلَّاء يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ﴾ [الزخرف: ٦٧] .

واتە:– دۆستان و برادەران هەر هەموو لەو ڕۆژەدا دوژمنی یـەکترن، هـەموو ڕقیـان لە یەك دەبێتەوە، جگە لەو کەسانەی کە لەسەر بنـچینەی تـەقوا و خواناسـین کۆ بوونەتەوە و برایەتییان بەرپا کردووە .

وە دەفەرموێت:– ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَـا لَيْتَنِـي اتَّخَـذْتُ مَـعَ الرَّسُولِ سَبِيلاً * يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَاناً خَلِيلاً * لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْـدَ إِذْ جَاءنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولاً﴾ [الفرقان ٢٧ – ٢٩].

واتە:– ڕۆژێك دێت ستەمکار قـەپ دەکـات بە هـەردوو دەسـتی خۆیدا و گـاز لـە هــەردوو دەسـتی خـۆی دەگرێـت (لـە پەشـیمانیدا و) دەڵێـت: خۆزگـە لەگـەڵ پێغەمبـەردا ﷺ ڕێبـازی ئیمـانم بگرتایـە مـەرگ بـۆ خـۆم، خۆزگـە فـلان کەسـم نەکردایەتە هاوەڵ و دۆستی خۆم (چونکە سەری لێشێواندم) بـە ڕاسـتی گـومڕا و وێڵی کردم لە بەرنامەی خوا دوای ئەوەی کە پێم ڕاگەینرا بوو، شەیتان هەمیـشە و بـەردەوام هـانی مرۆڤــ دەدات بـۆ گونـاهو تـاوان، لـە کـاتی تەنگانەشـدا پـشتی بەردەدات . بەڵکو ئەوانەی کە لەبەر خوا یەکتریان خۆش ناوێت ئەوانەی کە لەسەر ڕەوشتێك کۆبوونەتەوە کە خوای پەروەردگاری پێ پەست دەبێت لە ڕۆژی دواییـدا سزا دەدرێن وە خۆشەویستییەکەیان دەگۆڕدرێت بە دوژمنایەتی، هـەروەکو خـوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضاً وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ﴾ [العنكبوت: ٢٥] .

واتـە:- دواجـار لـە ڕۆژی قیامەتدا یـەکتر کـافر دەکـەن و یەخـەی یـەکتر دەگـرن، هەندێکیشتان نەفرین لە هەندێکی ترتان دەکـەن، سـەرەنجامیش شـوێن و جێگـەی دیاریکراوتان ناو ئاگرە ·

وە لـە گـەورەترین هۆکارەکـانی چـوونە نـاو ئـەو جـۆرە عەشـقە حەرامـەوە تەماشاکردنی فیلمی سووك و ریسوا .. کە تیایدا ئافرەت و پیاوان تێکەڵ دەبن ... تاکو تەماشاکەر تێکەڵ بوون دەبێتە شتێکی ئاسایی ... ئـەمجار ئـەمیش دەست دەکات بە گەڕان بە دوای خۆشەویستێکدا .. وە لەوە گەورە تر ئەوەیـە ئەگـەر لـە فیلمەکاندا ڕووداوی خۆشەویستی و عەشـق و مـاچ کردنـی یـەکتری تیـادا بێـت ... ئەگـەر گـەنجێك یـان کـچێك ببـینێ ئـەوا هەسـتەکانی دەبزوێنرێـت و شـاراوەکان دەردەکەون و شەرم نامێنێ و فیتنە و بەڵا نزیـك دەبێتـەوە .. وە هـەروەها ئەگـەر کەسێك وێنـەی خراپـەی بینی یـان دیمـەنی خـراپ .. بـێ گومـان لـە ناخیـدا حـەز دەکات کە چاوی لێ بکات لـە هـەموو کاتێکدا .. لـەناو بازاڕدا .. لەسـەر جێگـەی خۆی .. لە نوسینگەکەی .. وە شەیتان بەردەوام بـانگی دەکـات بـۆ ئـەنجام دانـی کـاری خراپـە .. بۆیـە خـوای پـەروەردگار کاتێـك کـە فـەرمانی پـێ کـردووین لـە پاراسـتنی داوێـن لـە داوێـن پیـسی .. لـە پـێش ئـەوەدا فـەرمانی کـردوە بـە چـاو داپۆشین لە حەرام .. خوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ [النور: ٣٠] ·

واتـە:- ئـەی پێغەمبـەر ﷺ بـە پیـاوانی ئیمانـدار بڵـێ: چـاویان بپـارێزن (لـە سەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم) هەروەها نامووس و عەورەتـی خۆیـان لـە حـەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاکتر و پوختترە بۆیان (بۆ دڵ و دەروون و ڕواڵـەت و ڕوح و لاشەیان) بە ڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن ·

خـوا بکـرێ ئـەم خۆشەویـستییە بـۆ خـوا نییـە ... وە لـە پـەروەردگار دوورت دەکاتەوە، وە خوای گەورە هەڕەشەی لەوانە کردووە:

﴿الْأَخِلَّاء يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ﴾ [الزخرف: ٦٧] .

واتە:– دۆستان و برادەران هەر هەموو لەو ڕۆژەدا دوژمنی یـەکترن، هـەموو ڕقیـان لە یەك دەبێتەوە، جگە لەو کەسانەی کە لەسـەر بنچینەی تـەقوا و خواناسـین کۆ بوونەتەوە و برایەتییان بەرپا کردووە .

وە دەفەرموێت:– ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلاً * يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَاناً خَلِيلاً * لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولاً﴾ [الفرقان ٢٧ – ٢٩].

واتە:– ڕۆژێك دێـت ستـەمکار قـەپ دەکـات بـە هـەردوو دەسـتی خۆیـدا و گـاز لـە هــەردوو دەســتی خــۆی دەگرێــت (لــە پەشـیمانیدا و) دەڵێــت: خۆزگــە لەگــەڵ پێغەمبـەردا ﷺ ڕێبـازی ئیمـانم بگرتایـە مـەرگ بـۆ خـۆم، خۆزگـە فـلان کەسـم نەکردایەتە هاوەڵ و دۆستی خۆم (چونکە سەری لێشێواندم) بـە ڕاسـتی گـومڕا و وێڵی کردم لە بەرنامەی خوا دوای ئەوەی کە پێم ڕاگەینرا بوو، شەیتان هەمیشە و بـەردەوام هـانی مرۆڤــ دەدات بـۆ گونـاهو تـاوان، لـە کـاتی تەنگانەشـدا پـشتی بەردەدات . بەڵکو ئەوانەی کە لەبەر خوا یەکتریان خۆش ناوێت ئەوانەی کە لەسەر ڕەوشتێك کۆبوونەتەوە کە خوای پەروەردگاری پێ پەست دەبێت لە ڕۆژی دواییـدا سزا دەدرێن وە خۆشەویستییەکەیان دەگۆڕدرێت بە دوژمنایەتی، هـەروەکو خـوای پـەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضاً وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ﴾ [العنكبوت: ٢٥] .

واتـە:- دواجـار لـە رۆژی قیامەتـدا یـەكتر كـافر دەكـەن و یەخـەی یـەكتر دەگـرن، هەندێكیشتان نەفرین لە هەندێكی ترتان دەكەن، سـەرەنجامیش شـوێن و جێگـەی دیاریكراوتان ناو ئاگرە ٠

وە لـە گـەورەترین هۆكارەكـانی چـوونە نـاو ئـەو جـۆرە عەشـقە حەرامـەوە تەماشاكردنی فیلمی سووك و ریسوا .. كە تیایدا ئافرەت و پیاوان تێكەڵ دەبن ... تاكو تەماشاكەر تێكەڵ بوون دەبێتە شتێكی ئاسایی ... ئـەمجار ئـەمیش دەست دەكات بە گەڕان بە دوای خۆشەویستێكدا .. وە لەوە گەورە تر ئەوەیە ئەگـەر لـە فیلمەكاندا رووداوی خۆشەویستی و عەشـق و مـاچ كردنـی یـەكتری تیـادا بێـت ... ئەگـەر گـەنجێك یـان كـچێك ببیـنێ ئـەوا هەسـتەكانی دەبزوێنرێـت و شـاراوەكان دەردەكەون و شەرم نامێنێ و فیتنە و بەلا نزیـك دەبێتـەوە .. وە هـەروەها ئەگـەر كەسێك وێنـەی خراپـەی ببینی یان دیمـەنی خـراپ .. بـێ گومـان لـە ناخیدا حـەز دەكات كە چاوی لێ بكات لـە هـەموو كاتێكدا .. لـەناو بازاڕدا .. لەسـەر جێگـەی خۆی .. لە نوسینگەكەی .. وە شەیتان بەردەوام بـانگی دەكـات بـۆ ئـەنجام دانـی كـاری خراپـە .. بۆیـە خـوای پـەروەردگار كاتێـك كـە فـەرمانی پـێ كـردووین لـە پاراسـتنی داوێـن لـە داوێـن پیـسی .. لـە پـێش ئـەوەدا فـەرمانی كـردوە بـە چاو داپۆشین لە حەرام .. خوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ [النور: ٣٠] ٠

واتـە:- ئـەی پێغەمبـەر ﷺ بـە پیـاوانی ئیمانـدار بلّـێ: چـاویان بپـارێزن (لـە سەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم) هەروەها نامووس و عەورەتـی خۆیـان لـە حـەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاكتر و پوختترە بۆیان (بۆ دلّ و دەروون و رواڵـەت و روح و لاشەیان) بە راستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و كەوت و رەفتارانەی كە دەیكەن ٠

وه له فـهرمودهدا هـاتووه: (چـاوهکان زینـا دهکـهن و زینـا کردنـی چـاو تـهماشا کردنه)[١٦] وه هەروەها لـه هۆکـاری پەیوەسـت بـوون بـەو جـۆره عیـشقەوه گـوێ گرتنه له گۆرانی .. وه أبن مسعودﷺ فەرموویەتی:

(گـۆرانی رێگـا و هۆکـاری زینایـه) سـهیره !.. ئـهم قـسەیەی ابـن مـسعودﷺ لـه کاتێکدا گوتراوه که گۆرانی له لایەن کەنیزه و بەندەکانەوه دەگوترا له رۆژێکدا کـه گۆرانی به دەف و شیعری پاراو بووه ... هێشتا (خوای لیّ رازی بێـت) دەیفـەرموو ریگا و هۆکاری زینایه .. ئـهی ئـاخۆ ئەگـەر ئـهم سـەردەمەی ئێمـەی ببینایـه چـی دەگـوت؟ لـه کاتێکـدا کـه دەنگـەکان و ئاوازەکـان هەمـه رەنـگ بـوون ...وای لـیّ هاتووه کـه گـوێ بیـستی گـۆرانی دەبـین لـەناو ئۆتۆمبیـل دا .. لـه فرۆکـەدا .. لـه وشکانی و دەریادا .. وه له گۆرانیدا چەندەها خراپەکاری هەیه کـه هـەمووی بـاس له خۆشەویستی و عەشق و رابـواردن دەکـات .. سـوێندت دەدەم بـه خـوا .. ئایه هیچ گۆرانی بێژێکت بینیوه که باسی چاو داپۆشین له حەرام بکـات؟ یـان خزمـەت کردن و چاودێری کردنی هەتیوان؟ یان نوێژ کردن له مزگەوتدا؟ یان تەوبه؟ نـەخێر شتی وامان نەبیستووه .. بەڵکو جام هەرچی شـتێکی تیـادا بێـت هـەر ئـەوەی لـیّ دەرژێت ئەو گۆرانی بێژه دڵی پڕ بووه له ئارەزوو شەهەوات و پەیوەست بـووه بـه لەزەتەکانـەوه ئـەمجار ئـەوەی لـه توانایدایـه خـەرجی دەکـات لـەو پێنـاوەدا .. پەیودست بوونی دڵی گەنجێك بەرامبەر گەنجێکی تری وەکو خۆی .. یان کچێك بـۆ کچێکی تر .. به راستی ئەوه مەترسییەکی گەورەیه و خراپەیەکی مەزنه .. به کەم زانینی تەماشا کردنـی حـەرام دەیخاتـه نێـو یـەکێك لـەو دوو کـاره ترسـناکه یـان عەشقی ئافرەت یا خود عەشقی منداڵی بێ مـوو، وه بـەردەوام شـەیتان لـه گەڵیـدا

(١٦) (ظلال الجنة: ٣ ٩ ١).

دەبێ تاكو دەيخاتە نێو تاوانەوە وە خوا پەنا بدات، خوای گەورە زەمی ئەو جۆرە تاوانە پيسەی كردووە و كردوويەتی بە هاوڕێی شيرك و كوشتن فەرموويەتی:

﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ﴾ [الفرقان: ٦٨] ·

واتە:- هەروەها ئەوانەی هيچ جۆرە خوايەكی تر لەگەڵ خوادا ناپەرستن، كەسيش ناكوژن كە خوا كوشتنی حەرام كردبێت مەگەر بە حەق و ڕەوا، هەروەها زينا ناكەن و نزيكی ناكەون ·

ئەمجار خوای گەورە باسی سزای داوێن پيسەكان دەكات لە ڕۆژی دوايیدا و دەفەرموێ:

﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً * إِلَّا مَن تَابَ﴾ [الفرقان: ٦٨-٧٠] ·

واتە:- جا ئەوەی ئەو كارە خراپانە ئەنجام بدات، ئەوە تووشی سزا و ئازار و ڕيسوايی دەبێت، لە قيامەتيشدا ئازار و سزای بۆ چەند جارێك دەكرێت و بە زەليلی و خەجاڵەتی و شەرمەزارييەوە دەبێت ژيانی تێدا بەسەر بەرێت، مەگەر ئەو كەسەی كە تەوبە بكات ·

چەندەها ئافرەت گەنجی خۆی لە دەست داوە .. كەس و كاری خۆی توشی شەرمەزاری كردووە .. يان خۆی كوشتووە لە پێناوی شتێكدا كە پێی دەڵێن عيشق چەندەها گەنج ڕۆژگار و كاتی خۆی بە سەر بردووە و تەمەنی خۆی داناوە بە پێناوی عيشقدا .. ئێمە لەسەردەمێكداين كە هۆكارەكانی تاوان و جۆرەكانی شەهوەت زۆر بوون .. خراپەكاران لە كەناڵەكان و گۆڤارەكانيان وازيان هێناوە لە دواندنی عەقڵ و تێگەيشتن ڕوويان كردووەتە دواندنی غەرائز و وروژاندنی حەرام ··

بۆیە کچان و کوڕان سەرسام ماون لە نێوان گۆڤارێکی فریودەر و ئارەزوو شەهەوتێك لە ناخدا پەنگی خواردووەتەوە، وە کەناڵێك کە رووتی نیشان دەدات.. فیلمێك کە خراپەکاری جوان دەکاتەوە .. وە دەرمانی هەموو ئەوانە هاوڕێتی کەسی باشە و چاوداپۆشینە و ژن هێنانە و پڕ کردنەوەی کاتەکان بە کردارێك کە سوودمەند بێت .. وە گومان لەوەدا نییە کە ژیانی خۆشگوزەرانی زۆر و، کەمی ئیمان مرۆڤ بەرەو ئەو تاوانانە دەبات ..

مامۆستایەك پێی گوتم:-

ئامۆزاییەکم هەبوو لە یەکێ لە وڵاتە دراوسێکان نیشتەجی بوو .. کە سفوری تیادا ئاشکرایە .. ئەم پیاوە کابرایەکی دەوڵەمەند و خۆشگوزەران بوو .. کوڕ و کچەکانی گەورە بوون .. کاتێ کە یەکێك لە کچەکانی گەیشتە قۆناغی زانکۆ داوای لە باوکی کرد کە ئۆتۆمبیلێکی بۆ بکڕێ بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی بگەڕێت .. باوکەکە پەست بوو گوتی:- ئۆتۆمبیل کلیلی خراپەکارییە .. رەنگە پیاو خراپ رێگەت پێ بگرێت .. وات لێ دەکات کە زیاتر لەگەڵ پیاواندا تێکەڵ بێت لە ناو شەقامەکاندا و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆدا و هتد .. من و براکانت هەرگیز کەم تەرخەم نەبووین لەگەڵ تۆدا .. بۆیە کچەکە سوور بوو لەسەر داواکەی دەستی بە گریان کرد تاکو باوکەکە ئۆتۆمبیلی بۆ کڕی .. ئەمجار ئەویش بە ئارەزووی خۆی دەگەڕا .. کاتێ کە ساڵی یەکەم تەواو بوو وە کاتی پشوو هات بە باوکی گوت:- دەمەوێت کاتی پشووی خۆم لە وڵاتی بەریتانیا بەسەر ببەم لەگەڵ هاوڕێکانمدا بە مەبەستی فێر بوونی زمانی ئینگلیزی .. باوکە هەژارەکە سەرسام بوو .. گوتی:- لە بەریتانیا؟ هیچ پێویست بەوە ناکات .. ئەویش سوور بوو لەسەر داواکەی ودەستی بە گریان کرد .. باوکەکە گوتی:- بەڵێ .. بڕۆ بۆ

بەریتانیا بەڵام من یاخود یەکێ لە براکانت لە گەڵتدا دێین .. ئەویش پەست بوو .. گوتی:- من باوەڕم بە خۆم هەیە.. نابێت توشی خراپە بێم بۆیە باوکەکە رازی نەبوو .. ئەویش دەرمانەکەی دەزانی .. دەستی بە گریان کرد .. دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆی داخست وازی لە خواردن و خواردنەوە هێنا .. تاوەکو باوکەکە بەزەیی پێیادا هاتەوە و چاوەکانی پڕ فرمێسك بوو .. گوتی:- کچم لەو تەنیاییە دەرچۆ .. ڕێگات دەدەم سەفەر بکەی بۆ بەریتانیا .. کچەکە زۆر خۆشحاڵ بوو .. دەستی کرد بە کۆ کردنەوەی جانتاکانی و ڕێکخستنی جل و بەرگەکانی .. بەڵام باوکەکە ئەمجار خۆی پێ نەگیرا و ویستی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە دابنێ .. چی کرد؟ باوکەکە تەلەفونەکەی بەرز کردەوەو پەیوەندی کردە یەکێ لە خزمەکانی .. کە شارێکی سەر ڕێگای شاری مەککەی پیرۆز نیشتەجێ بووە پەیوەندی پێوە کردو پێی گوت:- ئەی فلان .. فلان کەسی ئامۆزامانت لە بیرە کە لەو دەشتە نیشتەجێیە؟ گوتی:- بەڵێ .. ئێستایش لەو دەشتەیە .. مەڕ وئاژەڵ بەخێو دەکات .. چەند سەر وشترێکی هەیە .. خەریکی فرۆشتنی ڕۆن وکەشکە .. کابرا گوتی:- ئایە ژنی هێناوە؟ گوتی:- نەخێر .. کێ ژن بە ئەو دەدات!! ئەو کابرایەکی دەشتەکییە و لە بیاباندا نیشتەجێیە .. جێگایەکی تایبەتی نییە و هەردەم لە کۆچ و باردایە .. کابرا گوتی:- باشە من پاش دوو ڕۆژی تر دێم بۆ مەککە و نانی نیوەڕۆ لای تۆ دەخۆین و دەمەوێت ئەویش بانگ بکەی تاکو نانی نیوەڕۆمان لەگەڵدا بخوات .. گوتی:- باشە .. ئەمجار خوا حافیزی لێ کرد و تەلەفونەکەی داخست .. باوکەکە بە کچەکەی گوت:- بە ئۆتۆمبیل دەچین بۆ عەمرە تۆیش لەوێوە سەفەر بکە بۆ بەریتانیا لە ڕێگای فڕۆکەخانەی (جیددە)ەوە .. کاتێ کە ڕۆژی سەفەر هات .. هەموو جانتاکانی کۆ

کردەوە و ئەم خێزانە بە پشتیوانی خوا بەڕێ کەوتن.. کاتێ نزیك شاری مەککە بوونەوە باوکەکە بەرەو شاری هاوڕێکەی لەگەڵ منداڵەکانیدا بەڕێ کەوت و گوتی:- ماڵی فلان کەس لەوێیە هەندێ دەحەسێینەوە و نانی نیوەڕۆ دەخۆین و ئەمجار سەفەرەکەمان دەکەین .. گەیشتنە ماڵی هاوڕێیەکەی ژنان چون بۆ لای ژنان ئەویش چوو بۆ لای پیاوان .. لەگەڵ هاوڕێکەیدا یەکیان بینی (شوانی مەڕ و وشترەکان) زۆر لە گەڵیدا قسەی کرد .. ئەمجار پێی گوت کە ئەو دەیەوێت کچەکەی خۆی لێ مارە بکات ..ئەویش بە بێ یەك ودوو رازی بوو، پاشان کەسێکیان بانگ کرد کە مارەی ببڕێ .. مارەیان بڕی .. باوکەکە لە ماڵ دەرچوو هەموو جانتای کچەکەی .. بووکەکە .. لە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی گواستەوە بۆ ئۆتۆمبیلی کابرا .. ئەمجار بانگی کەس وکاری کرد دەرچن با بڕۆین .. خێزانەکەی لەگەڵ منداڵەکانیدا دەرچوون .. وە کچە ناسك و نازدارەکە لە ماڵ دەرچوو.. بە دەستەکانی جل و بەرگەکەی خۆی دەتەکاند .. دەینالاند بەدەست مێش ومەگەزەوە.. کاتێ کە ویستی لەگەڵ باوکیدا سوار بێت ئەو موژدەی شووکردنی پێدا .. لە سەرەتادا کچەکە وای زانی کە باوکەکە گاڵتەی لەگەڵ دەکات بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر قسەی خۆی ... فەرمانی پێ کرد کە لەگەڵ پیاوەکەیدا سوار بێت .. ئەویش رازی نەبوو .. دەستی بە گریان کرد .. خۆی پەیوەست کرد بە دایکییەوە .. باوکەکە رووی کردە پیاوەکە وگوتی:- خێزانەکەت شەرم دەکات لەگەڵ تۆدا سوار بێت وەرە خۆت بیبە .. کابرا بە دڵ خۆشییەوە دابەزی .. بەلارولەنجەوە .. دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە ..دەستی گرتوو بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بردی .. ئەمجار سواری ئۆتۆمبیلی کرد .. پاشان رۆیشتن .. بیابانیان بڕی.. لە نێو لم و گڵی بیاباندا وون بوون .. وە بەرەو خەیمەی

خۆشگوزەرانی بردی ... بەڵام باوکەکە یەکلا بوو لەسەر بڕیارەکەی .. تـوانی زاڵ بێت بەسەر گریان و پاڕانەوەی دایکەکەدا .. وە لەگەڵ منداڵەکانیدا گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆی.. هەفتەیەك بەسەر ئەو ڕووداوەدا ڕۆیشت .. باوکەکە پەیوەندی کردە کابراوە کە لە ماڵی ئەواندا مارەی کچەکەیان بڕی و هەواڵی کچەکەی و زاواکەی پرسی ... گوتی:– پێش دوو ڕۆژ لە بازاڕدا ئەوانم بینی .. لە خوا بە زیاد بێت زۆر باش بوون .. چەند ڕۆژ و مانگێك تێپەڕی .. باوکەکە بەردەوام لە ڕێگەی هاوڕێکەیەوە هەواڵی ئەوانی دەزانی بە تەلەفون .. کە ساڵێك تێپەڕی .. هاوڕێکەی پەیوەندی پێوە کرد و مژدەی پێ دا کە کچەکەی کوڕێکی بووە .. پاش چەند مانگێك ئەم خێزانە چوون بۆ سەردانی کچەکەیان .. گەیشتنە شاری هاوڕێکەی و ئەویشیان لەگەڵ خۆیاندا برد .. بیابانیان بڕی .. لە نێو لم و گڵ دا ڕۆیشتن .. دەستیان کرد بە گەڕان بە شوێن کچەکەیان و خەیمەکەیاندا ... لە کاتی گەڕاندا خەیمەکەیان بینی .. لەبەر دەرگاکەی ئافرەتێکی سك پڕ ڕاوەستاوە و منداڵێکی بە تەنیشتەوەیە.. کە نزیك بوونەوە و کچەکەی خۆیان بینی .. بەخێر هاتنی ئەوانی کرد و زۆر خۆشحاڵ بوو .. بانگی پیاوەکەی کرد و ئەویش هاتەوە و زۆر ڕێزی لێ گرتن .. ئەو شووکردنەی بەو کابرایە زۆر باشترە لە زانکۆکەی و لە بەریتانیا.. لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە بە شوودانی کچ بە بێ ڕازی بوونی خۆی دروست نییە .. بەڵام من ئەم ڕووداوەم باس کردووە بۆ ئەوەی ئەنجامی لە خۆ بایی بوون و خۆشگوزەرانی بێ ئەندازە بزانین کە توشی کچان و کوڕان دەبێت .. جاری وا هەیە شەیتان وا لە کوڕان یان کچان دەکات کە هەست بکەن ئەوان زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشن، یان گومان دەبەن کە لایەنی دووەم زۆر سەرسامی ئەم بوون .. ئەگەر لە بازاڕدا ڕێ بکات یان لەگەڵ هاوەڵانیدا پێبکەنێت وا هەست

دەکات کە بووەتە هۆی سەرەنج ڕاکێشانی خەڵکی، وا دەزانێ خەڵکی تەماشای دەکات .. بۆیە ئەمە پاڵی پێوە دەنێت کە خۆی دەرخات بە جوانترین شێوە .. وە خەڵکی فێڵباز و خاوەن شەهەوات گاڵتەی پێ دەکەن تاکو ئارەزووەکانی خۆیان جێ بەجێ دەکات کاتێ کە ئارەزووەکەی خۆیان جێ بەجێ دەکەن ئەوا جێی دەهێڵن و بە شوێن نێچیرێکی تردا دەگەڕێن ..

مامۆستایەک پێی گوتم:-

لە یەکێ لە مزگەتەکاندا دەرسێکم هەبوو .. کاتێ کە دەرچووم بینیم گەنجێك لە تەنیشت ئۆتۆمبیلەکەم ڕاوەستاوە .. کە بینیم ترسام و پێم گوت:- چیت دەوێ؟ پێی گوتم:- ئەی مامۆستا بڕیارم داوە کە تەوبە بکەم.. وا هەستم کرد کە دەیەوێت لە قاچاغچییەتی تلیاك تەوبە دەکات .. یاخود ڕێگرتن .. یان کوشتن .. چونکە شێوەی لەوانە دەچوو .. بەڵام پرسیارم لێ کرد:- لە چی تەوبە دەکەیت؟ ووتی: لەگۆرانی ووتن بەسەر کچاندا .. سەرسام بووم .. بەڵام بێ دەنگ بووم پێم گوت:- بەڵێ سوپاس بۆ خوا کە یارمەتی داوین بۆ تەوبە .. هاواری کرد و گوتی:- بەڵام شتێك هەیە ڕێگەم لێ دەگرێ بۆ تەوبە کردن .. گوتم:- ئەوە چییە؟ گوتی:- من کاتێ بە بازاڕەکاندا تێ دەپەڕم کچان وازم لێ ناهێنن لە هەموو سووچێکەوە بەسەرمدا هەڵدەدەن وبانگم دەکەن .. تەماشاکەن شەیتان چۆن هەڵیخەڵەتاندووە ..زۆر سەیرە موسڵمان بە تەماشا کردنێك یاخود بە وتەیەك شەیتان هەڵیدەخەڵەتێنێ .. کەچی ئەویش باش دەزانێ کە لەسەر هەموو تەماشایەك و بچووکێك لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ ... وە لە گەورەترین سیفاتی ئەهلی بەهەشت ئارامگرتنە لەسەر شەهەوات بۆیە پێیان دەگوترێت لە ڕۆژی دواییدا:

﴿سَلاَمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ﴾ [الرعد: ٢٤] ٠

واتە:- دەڵێن : سڵاوتان لیٚ بێت بە هۆی خۆگرتنتانەوە (لە بەرامبەر كێشەكانی ژیان، لە بەرامبەر گاڵتەجاڕی خوانەناسان ..) كەوابوو ئای چەندە جێگە و ڕێگەیەكی خۆشتان بۆ خۆتان مسۆگەر كرد ٠

بەڵام بە ئەهلی ئاگر دەگوترێت:

﴿أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ﴾ [الأحقاف: ٢٠] ٠

واتە:- هەرچی خۆشی و شادیەكتان هەبوو لە ژیانی دونیاتاندا ئەنجامتاندا بە ئارەزووی خۆتان ڕاتانبوارد، كەوابوو ئەمڕۆ ئیتر نۆرەی ئەوەیە كە سزای خەجاڵەتی و ریسوایی بدرێنەوە ٠

ئایە تۆ دەبیتە یەكێك لە ئارامگران لە سەر شەهەوات تاكو بەهەشتی بەرین ببەیتەوە؟؟ ..

ئامۆژگاری حەوتەم ....

سوور بە لەسەر فێربوونی ڕێنماییەكانی ئەم دینەو فێركردنی .. وە ئەمەیش پەرستنێكی گەورەیە .. بەڵكو ئەوە كارو پیشەی پێغەمبەرانە(سەلات وسەلامی خوایان لەسەر بێت) كە ئەوانیش خاوەنی بەرزترین پلەو پایەن لە بەهەشتدا .. وە لەبەر ڕێزی عیلم و بەرزی پلە و پایەكەی خوای گەورە بە پێغەمبەرەكەی ﷺ فەرموویەتی:- ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْماً﴾ [طه:١١٤] ٠

واتە:- بڵێ:- پەروەردگارا، بەردەوام زانست و زانیاری زۆرتر و زیاترم پێ ببەخشە ٠

وە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەكەی ﷺ نەكردووە بۆ داواكردن و زیادكردنی هیچ شتێك تەنها زانیاری نەبێت .. ئەگەر تەماشای زۆربەی خەڵكی ئەمڕۆ بكەین زۆربەیان ئارەزووی فێربوون و فێركردنی زانیاریان نییە.. ئارەزووی ئامادەبوونی دەرس و خوێندنی كتێبیان نییە .. زۆربەیان نوقمی دەریای نەفامی و جەهالەت بوون ..

ڕۆژێك گەنجێك ڕێی پێ گرتم كە لە قۆناغی زانكۆ دەیخوێند گوتی:- پرسیارێكم هەیە .. گوتم:- فەرموو پرسیارەكەت چییە؟ گوتی:- ئەگەر ویستم نوێژی سوننەت بكەم وەكو نوێژی (وتر) و (ضحی) ئایە پێویست دەكات دەست نوێژم هەبێت؟ یان بۆم هەیە بە بێ دەستنوێژ نوێژ بكەم؟ منیش سەرسام بووم لە پرسیارەكەی وا تێگەیشتم كە خراپ حاڵی بووم لە پرسیارەكەی داوام لێ كرد كە دووبارەی بكاتەوە .. كەچی بە هەمان شێوە دووبارەی كردەوە .. گوتم:- بەڵێ بێ گومان پێویستە لەسەرت دەستنوێژ بگری .. بۆ گومان لەوە هەیە؟ گوتی : - ئەم نوێژە بەخشینە (تبرع) لە خۆمەوە ئیتر بۆ دەستنوێژ بگرم؟ ...

مامۆستایەك گوتی:-

لە یەكێ لە مزگەوتەكاندا وتەیەكم پێشكەش كرد دەربارەی (الطهارة الكبری والصغری)خۆپاك كردنەوەی گەورە و بچووك .. كاتێ كە دەرچووم گەنجێك كە قوتابی زانكۆ بوو دەستی گرتم و گوتی:- ئەی مامۆستا باسی ئەوەت كرد كە ئەگەر یەكێك لە خەو هەستا و بینی لەشی گرانە بە هۆی خەو بینینەوە ..ئەوا غوسڵی لەسەرە .. گوتم:- بەڵێ .. ڕاستە .. هاواری كرد بە سەرمدا و گوتی:- ئایە تەنها دەستنوێژێكی لەسەرە وەكو دەستنوێژی نوێژ یان غوسڵێكی تەواو؟ گوتم:- بەڵكو غوسڵێكی تەواوی لەسەرە .. دەبێ ئاو هەموو لاشەی بگرێتەوە .

ئەگەر وا نەكات ئەوا لەشگرانییەكەی لەسەر نەڕۆیشتووە .. كەواتە نوێژەكەی دروست نییە .. گوتی:– سوێند بە خوا من چەندەها ساڵە كە توشی لەشگرانی دەبم لە كاتی خەوتندا ئەوا بە دەستنوێژێك وەكو دەستنوێژی نوێژ خۆم دەرباز دەكەم .. وە نەمزانیوە كە غوسڵ پێویست دەبێت لەم حاڵەتەدا تەنها ئێستا نەبێت .. وە هیچ سەیر نییە ئەم جۆرە پرسیارانە بكرێت لەم سەردەمەدا كە زانایان زۆر كەم بوونە و نەفامان زۆر بوونە .. بەڵكو پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ڕاگەیاندووین كە لە نیشانەكانی ڕۆژی دوایی كەم بوونی زانیاری و زۆربوونی نەفامییە .. لە فەرموودەیەكدا هاتووە ..

(إن من أشراط الساعة أن يرفع العلم ويكثر الجهل)(١٧) .

واتە: لە نیشانەكانی قیامەت ئەوەیە كە زانست بەرزدەبێتەوەو نەفامی زۆر دەبێت.

وە هەروەها خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت:–

(تكون بين يدي الساعة أيام يرفع فيها العلم وينزل فيها الجهل)(١٨).

واتە: لەبەر دەستی قیامەتدا چەند ڕۆژانێك هەن كە تیایدا زانست بەرز دەبێتەوە و نەفامی دادەبەزێت وە هەركەسێ تەماشای زۆربەی مەجلیسەكانی ئەمڕۆی خەڵكی بكات دەبینێت كە خۆیان سەرقاڵ كردووە بە سەرپێچی لە گوێگرتن و تەماشای حەرام .. یان بە چەند كردەوەیەكی بێ كەڵكەوە .. وە بە هەندێ گفت و گۆوە كە نە سوودی بۆ دونیایان هەیە نە بە دوارۆژیانەوە ...

---

(١٧) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٣٤٧).

(١٨) (صحيح الجامع الصغير: ٢٩٩٢).

مامۆستایەك گوتی:-

ڕۆژێك لە مەجلیسێكدا دانیشتم كە زیاتر لە چل پیاوی لە خۆ گرتبوو .. گفتوگۆیان زۆر بوو .. تاكو دەنگیان بەرز بووەوە . وە یەك سەعات بەو شێوەیان بەسەر برد.. هەوڵم دا كە بێ دەنگیان بكەمەوە كەچی نەمتوانی.. وە ئەو كەسەی كە بە تەنیشتمەوە دانیشتبوو لە هەموویان گەورەتر بوو .. داوام لێ كرد كە بێ دەنگیان بكات .. ئەویش هاواری بە سەریاندا كرد و بێ دەنگ بوون .. ئەمجار من بە ئەوانم گوت:- لەو كاتەوە لێرە دانیشتووین و ئێوە گفتوگۆ دەكەن دەربارەی چەند مەسەلەیەك كە نازانم لە پەڕەی چاكەكانتان دەنوسرێت یان لە پەڕەی خراپەكانتان .. بەڵام من پرسیارێكتان لێ دەكەم .. هەمووتان سورەتی ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾تان لەبەر كردووە؟ .. هەموویان گوتیان:- بەڵێ .. بەڵێ .. منیش گوتم:- ئایە مانای ﴿اللَّهُ الصَّمَدُ﴾ چییە؟ هەموویان بێ دەنگ بوون .. ئەمجار گوتم:- سورەتی (الفلق) تان لەبەرە؟ گوتیان:- بەڵێ .. بەڵێ .. گوتم:- ئایە مانای ﴿غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ﴾ چییە؟ هەموویان بێ دەنگ بوون ... گوتم:- ئێوە لە كاتی دانیشتنەكەتاندا ئەگەر تەفسیری ئایەتێكتان بخوێندایە .. یان مانای فەرموودەیەك .. یان حوكمێك لە حوكمەكانی ئەم دینە فێر بوایەن باشتر و چاكتر بوو .. وە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت:-

(أيما قوم جلسوا فأطالوا الجلوس ثم تفرقوا قبل أن يذكروا الله تعالى أو يصلوا على نبيه كانت عليهم ترة من الله إن شاء عذبهم وإن شاء غفر لهم)[١٩] .

واتە: هەر كاتێك هەر كۆمەڵێك دانیشتن و دانیشتنەكەیان زۆری پێچوو .. پاشان بڵاوەیان لێ كرد بە بێ ئەوەی یادێكی خوا بكەن .. و سەڵاوات بدەنە سەر

(١٩) (رواه الترمذي والحاكم، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٧٣٨).

پێغەمبەرەکەی ﷺ ئیللا لە لایەن خوداوە سزایەکیان بۆ هەیە .. ئەگەر ویستی هەبێت سزایان دەدات .. وە ئەگەر ویستی بوو لێیان خۆش دەبێت .. وە سەیر لەوەدایە کە کۆمەڵێك خەڵکی هەن مەجلیسەکەی خۆیان بە قسەی بێ سوودەوە بەسەر دەبەن .. ئەگەر زانایەك قسەیەك بکات رووبەرووی دەبنەوەو هەست بە بێزاری دەکەن .. وە تامەزرۆی ئەوەن کە کاتی خۆیان بە قسەی بێ سوودەوە بە سەر ببەن .. وە ترس هەیە ئەوانە وەکو ئەو کەسانە بن کە خوای گەورە باسیان دەکات و دەفەرموێت:

﴿وَإِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَحْدَهُ اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ [الزمر: ٤٥] .

واتە: کاتێك کە بە تەنها ناوی خوا برا، ئەوانەی کە باوەڕیان بە قیامەت و رۆژی دوایی نییە دڵیان دەگیرێت و بێزاری دایان دەگرێت، بەڵام کاتێکیش باسی شتی تر بکرێت جگە لە خوا، دەستبەجێ دڵخۆش و کەیف خۆش دەبن و حەزی پێدەکەن دەگێرنەوەو دەڵێن کە خالدی کوڕی صفوان _ کە یەکێکە لە ئەدیب و قسەزانەکان _ مەجلیسەکانی خۆی بە باسی هەواڵ و مێژوو و ئەدەبەوە ئاوەدان دەکردەوە .. رۆژێك کابرایەك پێی گوت:- ئەی ئەمیر .. ئەوە چییە ئەگەر بتانبینم باسی هەواڵەکان و دیراسەتی شوێنەوارەکان و شیعر بکەن .. ئەوا من هەست بە بێزاری دەکەم و خەوم دێت؟! خالد پێی گوت:- چونکە تۆ گوێدرێژێکی لە شێوەی مرۆڤــ ؟ بەڵێ .. ئەو کەسەی لەم دونیایە خەمی تەنها خواردت و خواردنەوە و خەوتنە .. وە خۆی گێل دەکات لە وەرگرتنی زانیاری .. وە فێربوونی دین .. ئەوە وەکو ولاخ وایە.. وە لە وێرانەوە زۆر نزیکە .. ژیانی سنووورداری هەیە .. وە هەناسەکانی ژمێردراون .. وە کاتەکانی بزر بوون .. تۆیش

وریابە کە ژیانت هەروا و بە بێ کەڵك نەروات .. وە با تۆ ببیتە کەسێکی دەست پێشخەر بۆ سوودی خەڵکی لە مەجلیسەکەیاندا .. کتێبێکی سوود بەخش لەگەڵ خۆتدا بهێنە و بۆ ئەوانی بخوێنەوە ئەگەر بۆ ماوەی دە خولەکیش بووە .. مەجلیسەکەی خۆتانی پێ پاك دەکەنەوە و وە نەفسی خۆتانیش پاك دەکەنەوە..

ابراهیم التیمی دەڵێت:– هاتم بۆ لای (أبو یوسف القاضي) سەردانم دەکرد لە کاتی نەخۆشەکەیدا بینیم بوراوەتەوە ..کاتێ هاتەوە سەرخۆی پێی گوتم:– ئەی ابراهیم .. کامیان باشترە بۆ حاجی لە فرێدانی بەردا .. بە پێوە فرێی بدات یان بە سواری؟ گوتم:– بە سواری .. گوتی:– هەڵەت کرد.. گوتم:– بە پێوە .. گوتی:– هەڵەت کرد .. گوتم:– قسەی خۆت دەربارەی بکە خوات لێ رازی بێت .. گوتی:– کاتێك لە نزیکی دەوەستێت بۆ پاڕانەوە باشتر وایە بە پێوە فرێی بدات.. وە ئەگەر رانەوەستا ئەوا باشترە بە سواری فرێی بدات .. گوتم:– خوای گەورە بە عیلمەکەت سوود بەخشت بکات .. وە خوا پاداشتت بداتەوە .. کاتێ دەرچوومە دەرەوەو گەیشتمەوە نزیك دەرگاکە گوێم لێ بوو بە سەریدا هاواریان دەکرد .. بینیم ئەو مردووە خوا رەحمی لێ بکات ..

وە(الفقیه الوالجي) دەڵێت:–

چوومە ژوورەوە بۆ لای (ابی الریحان البیرونی) لەسەرەمەرگ وگیان کێشاندا بوو.. وە سنگی تەنگ بووە .. لەو کاتەدا مەسەلەیەکی لە میرات دابەشکردنی کەوتە یاد .. کە من لە پێش ئەوە باسم بۆی کردبوو .. پێی گوتم:– چۆنت بۆ باس کردم دەربارەی بەشی داپیرەکان لە لایەن دایکەوە؟ منیش بەزەیم پیادا هاتەوە و گوتم:– لەم کاتەدا؟ پێ ی گوتم:– ئەی ئەو کەسە! ئایە ئەگەر من دونیا بە جێ بهێڵم لەو مەسەلەیە بزانم باشتر نییە لەوەی کە نەیزانم؟ خۆت رابهێنە لە

سەر ئەوەی هیچ رۆژێك بە سەرتدا تێنەپەڕێت ئیللا چەند پەڕەیەکت لە کتێبێکی سوود بەخش خوێندبێتەوە.. یان فێری تەفسیری ئایەتێك بووبیت .. یان مانای فەرموودەیەك .. وە ئەگەر رۆژێك بە سەرتدا بڕوات وخواپەرستیت زیاد نەکات وە سوودمەندی زانستێك نەبیت ئەوە لە تەمەنت رۆیشتووە .. وە داواکردنی زانیاری هۆیەکە بۆ چوونە ناو بەهەشت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:-

(.. ومن سلك طريقا يلتمس فيه علماً، سهل الله له به طريقاً إلى الجنة، وما أجتمع قوم في بيت من بيوت الله يتلون كتاب الله ويتدارسونه بينهم إلا نزلت عليهم السكينة وغشيهم الرحمة وحفتهم الملائكة وذكرهم الله فيمن عنده، ومن بطأ به عمله لم يسرع به نسبه)[٢٠] .

ئامۆژگاری هەشتەم:-

ئەهلی بەهەشت .. خوای خۆیانیان بە مە ێنی راگرتووە بە باشترین ش ێوە .. وە بەتەواوی لە خوای گەورە ترساون .. بۆیە ترسان لە دەرئەنجامە خراپەکانی تاوان.. وە وازیان لە تام و چێژی ژیان هێناوە .. لە پێناوی ئەوەی کاتێ کە گەیشتنە خوای خۆیان ئەو لێیان رازی بێت ..

(ماعزی کوڕی مالك) ﷺ کوڕێك بوو لە هاوەڵانی خۆشەویست ﷺ .. ژنی هێنابوو وە لە شاری مەدینە بوو .. ڕۆژێك شەیتان لە خشتەی برد .. جارییەی کابرایەکی پشتیوان .. خەڵەتاندی .. دوو بەدوو بوونەوە و لە چاوی خەڵکی ونبوون .. شەیتان سێهەمیان بوو .. بەردەوام جوانکاری بۆ هەردوولا دەکرد .. تاکو کەوتنە ناو حەرامەوە .. کاتێ کە (ماعز)ﷺ لە تاوانەکەی بووەوە .. شەیتانی لێ دوورکەوتەوە، دەستی بە گریان کرد و سەر زەنشتی خۆی دەکرد .. وە لۆمەی

---

(٢٠) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٦٥٧٧).

خۆی دەکرد .. وە لە سزای خوا ترسا .. وە ژیانی لێ تەنگ بوو .. وە تاوانەکەی لە هەموو لایەکەوە دەوری لێ دابوو .. تاوەکو تاوان دڵەکەی سوتاندبوو .. بۆیە هات بۆلای پزیشکی دڵان ﷺ .. وە لەبەر دەستیدا ڕاوەستاو لەبەر گەرمی و گەورەیی تاوانەکەی هاواری کرد و گوتی:- ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.. دوور کراوەکە زینای کرد .. پاکم بکەرەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی لێنەکرد و ڕووی هەڵگەڕانەوە لایەکی تر .. ئەویش چووە ئەولایەوە و گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من زینام کردووە پاکم بکەرەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:- هاوار بۆ خۆت بگەڕێوە .. داوا لە خوا بکە کە لێت خۆش بێت و تەوبە بکە .. ئەویش گەڕایەوە و بەڵام زۆر دوور نەکەوتەوە .. کەچی ئارامی نەگرت .. بۆیە گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ و پێی گوت:- ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پاکم بکەرەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:- هاوار بۆ خۆت .. بگەڕێوە و داوای لێخۆشبوون بکە و تەوبە بکە .. دیسان گەڕایەوە و بەڵام دوور نەکەوتەوە .. ئەمجار گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پاکم بکەرەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:- هاوار بۆ خۆت.. ئایا دەزانی زینا چی‌یە؟ ئەمجار فەرمانی کرد کە دەری بکەنە دەرەوە .. بۆ جاری دووەم هاتەوە.. گوتی:- ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ زینام کردووە و پاکم بکەرەوە، فەرمووی:- هاوار بۆ خۆت .. ئایا دەزانی زینا چی‌یە؟ دیسان فەرمانی کرد کە دەری بکەنە دەرەوە .. بۆ جاری سێهەم و چوارەم بەم شێوەیە .. کاتێ کە زۆر دووبارەی کردەوە و پێغەمبەری خوا ﷺ بە کەس وکاری فەرموو:- ئایا ئەم کابرایە شێت نییە؟ فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەمانزانیوە کە هیچ کەم و کورییەکی هەبێت .. فەرمووی:- ڕەنگە مەی خواردبێتەوە .. بۆیە پیاوێک

هەستاو بۆنی دەمی ئەوی کرد، کەچی بۆنی مەی لێ نەدەهات، خۆشەویست ﷺ فەرمووی:- ئایا دەزانی زینا چییە؟ گوتی:- بەڵێ چوومە لای ئافرەتێکەوە بە حەرام .. هەروەکو چۆن پیاو دەچێتە لای خێزانی خۆیەوە بە حەڵاڵی .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:- ئێستا بەم قسانەت چیت دەوێت؟ گوتی:- دەمەوێ پاکم بکەیتەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:- بەڵێ .. فەرمانی کرد کە بەرد باران بکرێت .. بۆیە بەرد باران کرا تاکو مرد .. کاتێ کە نوێژی لەسەر کرا و نێژرا .. پێغەمبەری خوا ﷺ بە تەنیشتیەوە لەگەڵ هەندێ هاوەڵانیدا رضي الله عنهم تێپەڕی .. پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لێبوو کە پیاوێك لە هاوەڵانی رضي الله عنه .. بەوی تر دەڵێت:- تەماشای ئەمە بکە .. کە خوای گەورە تاوانەکەی شاردەوە .. بەڵام خۆی وازی نەهێنا تاکو بەرد باران کرا وەکو سەگ .. پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگ بوو .. ئەمجا ماوەیەك ڕۆیشتن .. تاکو بە تەنیشت گوێدرێژێکی تۆپیودا تێپەڕین.. کە ڕۆژ سووتاندبووی تاکو ئاوسا بوو، وە هەردوو پێی بەرز بووەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:- کوان فلان و فلان؟ گوتیان:- ئێمە لێرەین ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ .. گوتی:- لە لاکی ئەو گوێدرێژە بخۆن .. گوتیان:- ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.. خوا لە گوناهەکانت خۆش بێت .. کێ ئەمە دەخوات؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:- ئەوەی ئەنجامتان دا دەربارەی براکەتان پێش کەمێك .. لە خواردنی مردارەوەبوو خراپترە .. بەڕاستی ئەو تەوبەیەکی کردووە ئەگەر دابەش بکرێتە سەر ئوممەتێکدا ئەوا بەشی دەکردن .. سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە .. ئەو ئێستا لەناو ڕووبارەکانی بەهەشتدا مەلە دەکات .. مژدە بۆ(ماعزی کوڕی مالك) رضي الله عنه)[٢١] .. بەڵێ کە کەوتە ناو زیناوە .. وە پەردەی نێوان

(٢١) (أصل القصة في الصحيحين، وسقتها هنا من مجموع رواياتها في الصحيحين وغيرهما).

خۆی و خواکەی دڕاند .. بەڵام کاتێك لە تاوانەکەی بووەوە و تام و چێژەکەی ڕۆیشت .. وە تەنها پەشیمانی مایەوە .. وە تاوانەکانی لا گەورە بووەوە پەشیمان بووەوە و تەوبەیەکی کرد ئەگەر دابەش بکرێتە سەر ئوممەتێکدا بەشی دەکردن...

وە مەبەستمان لەم چیرۆکەی ماعز ئەوە نییە کە هەر کاتێك موسڵمانێك کەوتە نێو تاوانێکی گەورەوە ئەوا داوای جێ بەجێ کردنی سنوورەکان بکات .. بەڵام مەبەستمان ئەوەیە ئەگەر یەکێك کەوتە نێو تاوانەوە.. ئەوا ئەو تاوانە زاڵ نەبێت بەسەر دڵیدا و لەگەڵیدا تێکەڵ ببێت و تەوبە نەکات.. وە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی حاڵی دڵانی کردووە و فەرموویەتی:-

(تعرض الفتن على القلوب كالحصير عوداً عوداً .. فاي قلب أشربها نكت فيه نكتة سوداء .. و أي قلب أنكرها نكت فيه نكتة بيضاء .. حتى تصير على قلبين .. على أبيض مثل الصفا .. فلا تضره فتنة ما دامت السماوات والأرض والآخر أسود مرباداً كالكوز مجخيا لا يعرف معروفاً ولا ينكر منكراً إلا ما أشرب من هواه)[٢٢].

کوان ئێستا ئەو دڵە سپییانە ئەگەر تاوانێکیان ئەنجام دا ئەوا دڵیان دێتە لەرزە.. ئەوا بە بێ دواکەوتن تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا .. بە کەمزانینی تاوانەکان ڕێگایەکە بۆ خراپەکاری و شەرمەزاری .. لە دونیا و قیامەتدا .. وە ئەهلی بەهەشت ئەگەر یادی خوا بکەنەوە ئەوا یادیان دەکاتەوە .. ئایە دەربارەی (القعنبی) هیچت بیستووە؟ پێشەوا و زانا و فەرموودەناس .. ئەو لە گەنجیدا مەی دەخواردەوە و هاوڕێتی خراپەکارانی دەکرد .. ڕۆژێك هەندێ لە هاوەڵانی بانگیان کرد بۆ ئەوەی لای ئەوان سەرخۆش بێت .. وە لەبەر دەرگا ڕاوەستا بوو

---

(٢٢) (رواه مسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٣٨٠، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٤١٩).

چاوەڕوانی ئەوانی دەکرد .. لەو کاتەدا (شعبەی کوڕی الحجاج) کە ئەویش پێشەوایەکی فەرموودەناس بوو .. لەوێوە تێپەڕی خەڵکی بە شوێنیدا دەڕۆیشتن.. (القعنبی) سەرسام بوو بە کۆبوونەوەی ئەو هەموو خەڵکە لەسەر ئەو پیاوە بە تەمەنە .. لە یەکێك پرسیاری کرد و گوتی:- ئەمە کێیە؟ گوتی:- پێشەوا (شعبەی کوڕی الحجاج) ە .. ئەویش بە گاڵتەوە گوتی:- شعبە چییە؟ گوتی:- فەرموودەناس .. زانا .. کاتێ کە (القعنبی) وشەی (فەرموودەناس) ی بیست هەستا و ڕۆیشت بەرەو لای شعبە و بە گاڵتەوە پێی گوتی:- فەرموودەم بۆ بگێڕەوە (واتە: لەبەر ئەوەی تۆ فەرموودەناسیت کەواتە فەرموودەم بۆ بگێڕەوە).. شعبە تەماشایەکی کرد و گوتی:- تۆ لەو کەسانە نیت (اصحاب الحدیث) نیت تاوەکو من فەرموودەت بۆ بگێڕمەوە .. بۆیە (القعنبی) پەست بوو .. گوتی:-(لە کاتێکدا کە چەقۆکەی دەرهێناوە) فەرموودەم بۆ دەگێڕیتەوە یان بە چەقۆکەم لێت بدەم ..؟ شعبە ڕووی تێ کرد و گوتی:- (منصور) بۆی گێڕامەوە لە (ربعی) یەوە لە (ابی مسعود)ەوە ﷺ گوتی:- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:-

(إذا لم تستح فاصنع ما شئت)[٢٣].

واتە: ئەگەر شەرم ناکەیت ئەوا چی دەکەیت بیکە.

کاتێ کە (القعنبی) ئەم فەرموودەیەی بیست .. بە دڵێکی پاکەوە ئەم فەرموودەیەی وەرگرت .. وە کەوتە یادی کە ئەو چەندەها ساڵە دژایەتی خوا دەکات .. ئەمجار چەقۆکەی فڕێداو گەڕایەوە بۆ ماڵ .. ئەمجار ڕۆیشت بۆ لای هەموو ئەو مەییانەی کە هەیبوو هەمووی ڕژاند .. پاشان ئیزنی لە دایکی وەرگرت

(٢٣) (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٢٣٠).

بۆ ئەوەی سەفەر بکات بۆ مەدینە بۆ داواکردنی زانیاری، لەوێ بووە قوتابی لای (ئیمامی مالکی کوڕی أنس) .. تاکو لە ئەوەوە چەندەها فەرموودەی لەبەر کرد و بووە یەکێ لە گەورە فەرموودەناسان .. وە هۆی هیدایەت دانی تەنها ئامۆژگارییەکەی سەرپێی بوو .. بەڵام دڵێکی زیندووی پێکا ..

ئامۆژگاری نۆیەم ..

ئایە ڕێگایەکت نیشان بدەم بۆ پەرستنێك کە لە گەورەترین پەرستنەکانە..؟ کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەردەم ئەنجامی دەدا .. لە هەموو کات و ساتێکدا .. بەڵکو خوای گەورە فەرمانی بە ئیمانداران کردووە لە پاش نوێژ ئەنجامی بدەن .. وە پاش حەج .. بەڵکو لە کاتی جەنگدا .. وە لە پێش خواردن و پاش خواردن .. وە لە پێش خەوتن و پاش خەوتن.. وە لە پێش چوونە سەرئاو و پاش دەرچوون .. وە لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستی بە ڕووکردنە قیبلە نییە .. وە پێویستی بە داپۆشینی عەورەت نییە.. وە پێویستی بە ئەنجامدانی نییە بە جەماعەت .. وە پێویستی بەوە نییە کە لە پێناویدا سەفەر بکەیت .. ئەم پەرستنە .. گەورە و بچووك دەتوانێت ئەنجامی بدەن .. وە دەوڵەمەند و هەژار .. وە زانا و نەفام .. وە دەست بەتاڵ و سەرقاڵ .. ئایە ئەم پەرستنە زانیت چییە؟؟ ئەوەیە کە خوای گەورە پیاو چاکان و ئافرەتانی موسڵمانانی پێوە هەڵناوە .. کە ئەوانە هەموو کات ئەنجامی دەدەن .. خوای گەورە دەفەرموێت:-

﴿وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾

[الأحزاب: ٣٥] .

واتە:- ئەو پیاو و ئافرەتانەی کە زۆر یادی خوا دەکەن، بەخشین و لێ بووردەیی و پاداشتی زۆر مەزن و بێ سنووریان لە لایەن خوای گەورەوە بۆ ئامادە کراوە (هەر کە دنیایان بە جێ هێشت پێی شاد دەبن) ٠

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:-

(ألا أنبئكم بخير أعمالكم، وأزكاها عند مليككم، وأرفعها في درجاتكم، وخير لكم من إنفاق الذهب والورق، وخير لكم من أن تلقوا عدوكم فتضربوا أعناقهم ويضربوا أعناقكم؟ قالوا: بلى، قال: ذكر الله تعالى ، فقال معاذ بن جبل رضي الله عنه: ما شيء أنجى من عذاب الله من ذكر الله)[٢٤] ٠

واتە: ئایە باشترین کردەوەکانتان بۆ باس بکەم .. وە پاکترینیان بێت لە لای پادشاکەتان .. وە پێی بەرزترین پلەتان دەست بکەوێت .. وە باشتر بێت لە بەخشینی ئاڵتون وزیوو .. وە باشتر بێت بۆ ئێوە لەوەی کە بگەنە دوژمنەکانتان، ئێوە لە گەردنی ئەوان بدەن و ئەوانیش لە گەردنی ئێوە بدەن؟ گوتیان:- بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ..فەرمووی:- یادکردنەوەی خوای گەورەیە٠

(معاذی کوڕی جبل رضي الله عنه) دەفەرموێت:- (هیچ شتێك نییە لە سزای خوا رزگارت بکات وەکو یادکردنەوەی خوا)٠

وە (ابی هریرە رضي الله عنه) لە شەو و رۆژێکدا زیاتر لە دوازدە هەزار جار (سبحان الله) ی دەکرد .. !! وە دەیفەرموو:- من بەم (تسبیحات)انە خۆم لە ئاگر دەرباز دەکەم.. وە لە باشترین یادکردنەکان .. خوێندنی (آية الكرسي) یە لە پاش هەموو نوێژێکی فەرز .. پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێت:-

(٢٤) (رواه الترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ٣٣٧٧)٠

(من قرأ آية الكرسي في دبر كل صلاة لم يحل بينه وبين دخول الجنة إلا الموت)[٢٥] .

واتە: هەر كەسێ لە پاش هەموو نوێژێك (آیـة الكرسـي) بخوێنێت هیچ ڕێگرێـك لـە نێوان ئەو و بەهەشتدا نییە تەنها مردن نەبێت.

وە دەفـەرموێت:- (ما منكم من أحد يتوضأ فيسبغ الوضوء ثم يقول حين يفرغ مـن وضوئه أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأن محمدا عبده ورسوله إلا فتحت له أبواب الجنة الثمانية يدخل من أيها شاء)[٢٦].

واتە: هەر كەسێك لە ئێوە دەستنوێژێكی جوان بگرێت و ئەمجار بڵێـت: (أشـهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأن محمداً عبده ورسوله) ئـیللا هـەر هەشـت دەرگـای بەهەشـتی بـۆ دەكرێتـەوە لـە هـەر دەرگایەكـەوە بـە ئـارەزووی خـۆی دەچـێتە ژوورەوە.

ببە كەسێك یـادی خـوا بكـە لـە هـەموو سـات و كاتێكدا .. بـەڵێ .. ڕەنگـە كـەم تەرخەم بیت لەشەو نوێژەكانتدا .. یان ڕۆژوو گرتنی سوننەت .. یـان صـەدەقە .. ئەوا ئاگاداری خۆت بە و تەمبەڵی مەكـە لـە یادكەردنـەوەی خـوای گـەورەدا .. كـە هیچ خەرج ناكەیت .. وە خوای گەورە دەفەرموێت:-

﴿فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُواْ لِي وَلاَ تَكْفُرُونِ﴾ [البقرة: ١٥٢] .

واتە:- دەی كەواتـە ئـەی ئیمانـداران ئەگـەر یـادی مـن بكـەن، منـیش یـادی ئێـوە دەكەم و سوپاسگوزاری من بن وسپڵەیی بەرامبەرم مەكەن.

---

(٢٥) (رواه الترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٩٧٢).

(٢٦) (رواه النسائي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٨٠٣).

ئامۆژگاری دەیەم ...

ئایە سەرچاوەی وەرگردتنی دین لە لای تۆ چییە؟؟ پرسیارێکی گرنگە .. تێبینی ئەوەم کردووە کە هەندێ کەس شوێنی روخسەتەکان دەکەون .. وە خۆشحاڵ دەبن کاتێك کە کەسێك بە گوێرەی ئارەزووەکانیان فەتوایان بۆ بدات .. بەڵکو هەندێکیان ئەگەر فەتوایەکی بیست لەگەڵ ئارەزووەکەیدا بگونجی .. ئەوا لە خۆشیدا بۆی دەفرێ و ئەو زانایە کە فەتواکەی بۆ داوە هەڵی دەنێت و دەڵێت:- بە راستی ئەمە شەیخێکی زانایە .. ئەمە ئەو شەیخەیە کە لە واقع حاڵی بووە .. ئەمە بە راستی لە برینی موسڵمانان دەزانێت .. ئەم قسەیە دەکات دەربارەی فەتواکەی هەرچەندە ئەو فەتوایە جیاواز بێت لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا .. یان تمییعی تیادا بێت لە دیندا.. یان سووك کردنەوەی دەقێکی شەرعی .. یان گەڕان بۆفێڵ کردن دەربارەی روخسەتێك یان وتەیەکی لاواز (ضعیف) گرنگ ئەوەیە ئەوە فەتوایە .. فەتوا .. خوای گەورە لە رۆژی دواییدا یەك پرسیاری دیاری کراوت لێ دەکات:

﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ﴾ [القصص: ٦٥].

واتە:- رۆژێك دێت خوا بانگیان دەکات و پێیان دەفەرموێت: ئەوە وەڵامی پێغەمبەرانتان چۆن دایەوە؟ پرسیارت لێ ناکات دەربارەی شەیخ فلان و فلان .. بەڵکو بە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت .. تەنها .. پرسیارەکە جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە .. ئایە سەرچاوەی وەرگرتنی دین لە لای تۆ چییە؟ ئایە هەرکەسێك جوبەیەکی لەبەر کرد یان عەمامەیەکی بەستە سەرەوە، یان لە یەکێ لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەرچوو .. وە (الحمد لله) دەستی بە قسەکانی کرد و بە (والله أعلم) کۆتایی پێ هێنا ئیتر ئەوە موفتییە؟ ئایە هەموو کەسێك شایەنی

ئەوەیە کە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ وەرگرتنی دین لە ئەوە وە؟ تەنها پێوەر دەبێت رەچاو بکرێت لەسەر شەیخێکی موفتی ئەوەیە کە فەتواکانی لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا بگونجێ: ﴿وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ [ص: ٢٦] ٠

واتە:- هەرگیز شوێنی ئارەزوو مەکەوە، تا نەبێتە هۆی گومڕاکردن و لادانت لە ڕێبازی خوا ٠

مامۆستایەك گوتی:-

لە یەکێك لە مزگەوتەکاندا دەرسێکم پێشکەش کرد .. یەکێ هات بۆ لام گوتی:- ئەی مامۆستا بۆ هێندە لەسەر بابەتی تێکەڵ بوون لەگەڵ ئافرەتدا توندی .. لە کاتێکدا کە شەیخ الدکتور (فلان) لە کەناڵی (..) دەڵێت:- تێکەڵ بوون لە نێوان پیاو و ئافرەتدا جائزە لە ولیمەکاندا و لە ئاهەنگەکاندا ئەگەر نییەت پاك بێت .. وەتەماشاکردنەکە بە بێ شەهوەت بوو ؟؟! ! وە لە جێگایەکی تردا دەرسێکم پێشکەش کرد یەکێ هات بۆ لام.. گوتی:- ئەی شەیخ حوکمی سوو (ربا) چییە؟ گوتم:- حەرامە ! ! بە هەموو شێوە و جۆرەکانی .. گوتی:- ئەی بۆ شەیخ فلان لە کەناڵی (..) دەڵێت:- ئەوە پێویستییەکە لە پێویستییەکانی ئەم سەردەمە .. ئاساییە..

وەکەسی سێیەم هات بۆ لام فەتوایەکی دەویست دەربارەی حوکمی موسیقا .. ئەمجار گوتی:- شەیخ فلان گوتویەتی حەلاڵە .. بەرێزەکەم .. دینەکەی خۆت مەکە کاڵا بۆ هەموو کەسێك کە دەیەوێت کەمی لێ بکاتەوە یان لە سەرت تێکی بدات، چونکە تۆ بە تەنها لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت.. وە بە تەنها پرسیارت لێ دەکرێت:

﴿مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ﴾ [القصص: ٦٥] ٠

واتە:- ئەوە وەڵامی پێغەمبەرانتان چۆن دایەوە؟ ٠
وە ئاگادار بە لەو كەسانە نەبێت كە شوێنی پێشەوا گومڕاكان دەكەون ..
وەپێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێت: (إنما أخاف على أمتي الأئمة المضلين)[٢٧] .
واتە: تەنها لە پێشەوایانی گومڕاكەر دەترسێم لەسەر ئوممەتەكەم٠
وە كورتەی قسەكان ئەوەیە .. كە قسەی ئەو موفتییە ئاسانكارانە لە دیندا جێ بەجێ نابێت تەنها بەسەر كۆمەڵە خەڵكێكی شێت و نەفام نەبێت .. بەڵام عاقڵان ئەوانەن كە شوێنی هەموو دەنگێك ناكەون .. وە گوێ بگرە لەم دوو نمونە خۆشە:- یەكەمیان:- (غیاث ی كوڕی ابراهیم- پیاوێكی درۆزن بووە ودرۆی بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ هەڵبەستووە) .. وای دەردەخست كە ئەو زانایە .. وە ئەوەی بڵاو دەكردەوە كە ئەو چەندەها فەرموودەی لەبەرە و دەیگێڕێتەوە .. وە لەناو خەڵكیدا ڕوویەك و زمانێكی پاراوی هەبوو ... خەڵكی لەسەری كۆ دەبوونەوە و ئەویش قسەی سەیری بۆ باس دەكردن و ئەوانیش باوەڕیان پێ دەكرد .. كابرایەك ڕۆژێك بینی كە غیاث كارێكی ناشیاو دەكات .. پێی گوت:- ئایە شەرم لە خەڵكی ناكەیت؟ گوتی:- خەڵكی لە كوێن؟ گوتی:- ئەوانەی كە لە لای تۆ كۆ دەبنەوە٠ گوتی:- مەبەستت ئەوانەیە!! ئەوانە خەڵكی نین .. ئەوانە مانگان .. وە ئەگەر دەتەوێت بۆت بسەلمێنم ئەوا لەگەڵ مندا وەرە .. ئەمجار ڕۆیشتن .. غیاث لە مەجلیسەكەی خۆیدا دانیشت و دەستی كرد بە باسی بەهەشت و وەسفی بەهەشتی بۆ دەكردن .. ئەوانیش بە بێ دەنگی گوێیان لێ دەگرت.. كاتێ بینی ئەوان لە گەڵیدا تێكەڵ بوون .. لە عەقڵی خۆیەوە فەرموودەیەكی ڕێك خست گوتی:- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:- هەركەسێ لە ئێوە توانی

(٢٧) (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١٧٧٣)٠

زمانی بدات لە لوتی ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە!! ئەمجار خەڵکی بە پەلە هەموویان زمانی خۆیان دەردەهێنا و هەوڵیان دەدا کە بیدەن لە لوتی خۆیان !! ئەمجار غیاث رووی لە هاوەڵەکەی کرد و گوتی:- ئایە پێتم نەگوت ئەوانە مانگان؟؟!!

وە دووەم باس ئەوەیە:- کابرایەك هەبوو کە پێیان دەگوت:- زانای فراوان (العلم الغزير) ئەو وەڵامی هەموو پرسیارێك دەداتەوە کە لێی بکەن .. وە هیچ رۆژێك نەیدەگوت لە هەر پرسیارێك کە بیانکردایە .. نازانم .. بەڵکو وەڵامی جوانی بۆیان رێك دەخست .. وە بەڵگەی بۆ هەموو وەڵامێکی دادەنا .. وە لە پێش خەڵکی خۆی دەردەخست .. رۆژێك کۆمەڵێك عاقڵ کۆ بوونەوەو گوتیان:- ئەم پیاوە یان زاناترین کەسی سەر زەوییە . یاخود ئەو نەفامی ئێمەی قۆستۆتەوە .. ئەمجار هەموویان رێك کەوتن کە تاقی بکەنەوە .. ئەمجار وشەیەکیان دانا لە خۆیانەوە کە لە شەش پیت پێك هاتبوو .. ئەمجار هاتن بۆ لای و سەری ئەویان ماچ کرد و زۆر بە مەزن تەماشایان دەکرد و گوتیان:- ئەی شەیخ .. مەسەلەیەك .. مەسەلەیەك .. لێمان تێك چووە و دەمانەوێت جەنابت بۆمانی روون بکەیتەوە .. گوتی:- دڵنیا بن کە هاتوون بۆ لای کەسێکی شارەزا .. پرسیارەکەتان چییە؟ ئێوە جیاواز دەبن و لە کاتێکدا من زیندووم؟؟!! گوتیان:- ئایە (الخنفشار) چییە؟؟ گوتی:- (الخنفشار) رووەکێکە لە باشوری یەمەن دەردەچێت .. تامەکەی هەندێ تاڵە .. وە ئەگەر وشتر بیخوات ئەوا شیرەکەی دەگیرێت .. وە خاوەن وشترەکان بە کاری دەهێنن کاتێ بیانەوێ وشترەکانیان بفرۆشن.. خەڵکی پێ دەخەڵەتێنن بۆ ئەوەی کڕیار وابزانێت کە ئەو وشترە شیری زۆرە کەچی ئەویش وا نییە .. ئەمجار شەیخەکە شانی دادا و گوتی:- وە (الخنفشار) لای عەرەب بە ناوبانگە .. وە لە

شیعرەکانیاندا باسیان کردووە وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەدا باسی کردووە .. ئەوەی شاعیرەکان باسیان کردووە شاعیرەکە کە وەسفی خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێت:-

لقد عقدت محبتكم فؤادي كما عقد الخليب الخنفشار

واتە:- خۆشەویستی ئێوە دڵی منی بەستووە .. هەروەکو چۆن الخنفشار شیری بەستووە .

ئەمجار مەندێ وەستا و گوتی:- ئەو بەڵگەیەی کە لە فەرموودەدا هاتووە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:- ....!!! هەموویان هاواریان کردو گوتیان:- بەسە ..بەسە .. لە خوا بترسە ئەی درۆزن .. درۆت کرد بە زمانی عەرەبەوە وە درۆت کرد بە زمانی شاعیرەوە وئێستا دەتەوێت درۆ بکەیت بە زمانی پێغەمبەرەوە ﷺ.. ئەمجار لە نێو خۆیان دەریان کرد .. بۆیە دینەکەی خۆت مەخە بەر دەستی هەموو کەسێك کە بە ئارەزووی خۆیان ڕێگای پێ نیشان بدەن .. موفتی دەبێت دوو مەرجی سەرەکی تیادا بێت .. زانیاری و وەرع · یەکەمیان کە زانیارییە .. ئەویش بەڵگە هێنانەوەیە لە قورئان و فەرمودە راست و دروستەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ.. وە دووەمیان کە وەرعە دەبێت لە کاتی فەتوادا لە خوا بترسێت وە بە ماڵ و پلە و پایە هەڵنەخەڵەتێت .. بەڵکو دەبێت راستی بڵێت و لەبەر خوا لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسێت .. چەند کەمن لەم سەردەمەدا ئەو زانایانە کە تەنها بۆ خوا تێدەکۆشن ..

دوا ئامۆژگاری ..

ڕاوەستانت لەبەر دەستی خوای پـەروەردگاردا بهێنـە یـادی خـۆت .. وە بزانـە کـە ئەم دونیایە ماڵێکی سەرەڕێیە نـەك مـاڵی مانـەوە .. وە داوا لـە خـوا دەکـەین کـە ئاخر خەیرمان بکات ..

هاورێیەکم بۆی باس کردم ..گوتی:- لە کەنەدا بووم بۆ پزیشکی دەمخوێند .. وە هـەرگیز ئـەو ڕۆژەم لـە یـاد ناچێت کـە بەسـەر نەخۆشـەکاندا دەسـوڕامەوە وەکـو هەموو ڕۆژێك لە ژووری چاودێری ورد (العنایە المرکزە) لە نەخۆشخانە .. وە نـاوی نەخۆشێك سەرنجی ڕاکێشام کە ناوی (محمد) بوو .. کە لەسەر جێگەی ژمـارە (٢) بوو .. تەماشایەکی ڕوویـم کـرد کـە بـە ئەسـتەم دەبینـرا لەبـەر زۆری ئـەو هـەموو ئامێرانـە کـە لـە دەم و لـوتی بـوو .. ئـەوە گەنجێکـە لـە تەمـەنی بیـست و پێـنج ساڵیدایە و توشـی نەخۆشـی ئایدز بـووە لـە پـێش دوو ڕۆژ بـە هـۆی هـەو کردنـی سییەکانەوە هێناویانە بۆ نەخۆشخانە .. حاڵی ئەو زۆر زۆر ترسـناکە .. لێـی نزیـك بوومەوە ویستم لەسەر خۆ قسەی لە گەڵدا بکەم .. محمد .. محمد .. ئـەو دەنگـی من دەبیسێ بەڵام بە چەند وشەیکی تێنەگەیـەنراو قـسە دەکـات .. پەیوەنـدیم بـە ماڵیانەوە کـرد دایکـی وەڵامـی دامـەوە .. لـە قـسەکانی وا دیـارە کـە لـە بنەڕەتـدا لوبنانییـە .. لـەوەوە زانـیم کـە بـاوکی بازرگـانێکی گەورەیـە و چـەند دوکـانێکی شـیرەمەنی هەیـە .. باسـی حـاڵی کوڕەکـەم بـۆ دایکـی کـرد .. وە قـسەکان زۆر بوونەوە .. وە لە کاتی قسە کردندا ئاگاداری سەر ئامێرەکان بـووم بـە شـێوەیەکی ترسناك زیادی کرد ئەویش ئەوە نیشان دەدات کـە سـوڕی خـوێنی بـە شـێوەیەکی ترسناك دادەبزێت .. قسەکانم لەگەڵ دایکیدا تێك چوو .. هاوارم بە سـەریدا کـرد و گوتم:- دەبێت هەر ئێستا ئامادە بیت.. گوتی:- من ئێستا سەرقاڵی کارم لە پـاش

دەوام ئامادە دەبم .. گوتم:- ڕەنگە ئەو کاتە کار لە کار ترازا بێت .. وە تەلەفونەکەم داخست .. لە پاش نیو سەعات یەکێ لە برین پێچەکان پێی ڕاگەیاندم کە دایکی ئەو کوڕە هاتووە .. وە دەیەوێت بمبینێت.. بینیم ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندییە .. دیاردەکانی ئیسلامی بە سەرەوە دیار نییە .. کاتێ حاڵی کوڕەکەی بینی دەستی بە گریان کرد .. ویستم هێدی بکەمەوە .. خۆت پەیوەست بکە خوداوە و داوای لێ بکە کە خوای گەورە شیفای بدات .. بە سەرسوڕمانەوە گوتی:- تۆ موسڵمانیت؟ گوتم:- سوپاس بۆ خوا .. گوتی:- ئێمەیش موسڵمانین .. گوتم:- کەواتە .. بۆ لەسەر سەری ڕانەوستیت هەندێ قورئانی بۆ بخوێنیت .. بەڵکو ئازارەکەی کەم ببێتەوە.. دایکەکە شڵەژا .. ئەمجار دەستی بە گریانێکی زۆر کرد .. و گوتی:- هاە! ! قورئان؟! نازانم! ! هیچ شتێك لە قورئانم لەبەر نییە.. گوتم:- ئەی چۆن نوێژ دەکەیت؟ ئایە سورەتی فاتیحەت لەبەر نییە؟ دەنگی بچڕ بچڕ بوو وگوتی:- ئێمە نوێژ ناکەین تەنها لە کاتی جەژنەکاندا نەبێت لەو ڕۆژەوە کە هاتووین بۆ ئەم وڵاتە .. ئەمجار پرسیاری حاڵی کوڕەکەی کرد و گوتی:- ئەو حاڵی باش بوو تاکو هاتووچۆی ئەو کچەی نەکردبوو .. گوتم:- نەخێر ئەو دەیوست لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا حەج بکات! ئامێری ئاگادارکردنەوەکە زیادی کرد .. لەو کوڕە هەژارە نزیك بوومەوە .. ئەو خەریکە گیانی دەردەچێت .. ئامێرەکان بە شێوەیەکی ترسناك دەنگیان دێت .. دایکەکە بە دەنگێکی بیستراوەوە دەگیرێت ..برین پێچەکان بە سەرسامییەوە تەماشا دەکەن .. لە گوێی نزیك بوومەوە و گوتم:- بڵێ:

(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) بڵێ ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)) کەچی هیچ وەڵام ناداتەوە .. بڵێ: ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)) ئەو دەنگی من دەبیسێ ئەمجار هاتە سەر خۆی و تەماشای کردم.. ئەو هەژارە بە هەموو ئەندامەکانی هەوڵ دەدات .. فرمێسك بە چاوەکانیدا

دێتە خوارەوە .. ڕووی ڕەش هەڵگەڕا بوو .. بڵێ ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)) بڵێ ((لَـا إِلَـهَ إِلَّـا اللَّهُ)) ئەمجار بە دەنگێکی بچڕ بچڕەوە دەستی بە قسە کردن کرد:- ئاە .. ئاە .. ئازارێکی سەختە .. کەمێك ئارام بەخشم دەوێت بۆ ئازارەکانم .. ئاە.. ئاە .. ئەمجار منیش دەستم کرد بە تکا کردن و گوتم بڵێ ((لَـا إِلَـهَ إِلَّـا اللَّـهُ)) لێوەکانی دەستی بە جوڵە کرد .. خۆشحاڵ بووم .. ئەی خودایە ئەو ئێستا شایەتمان دەهێنێ .. ئێستا دەیڵێت .. بەڵام گوتی:- (I cant I cant) کوا کچە هاوڕێکەم .. کچە هاوڕێکەم دەوێت .. ناتوانم .. ناتوانم .. دایکەکە تەماشا دەکات و دەگری.. لێدانی دڵی کەم بووەوە .. بڵاو بووە وە .. خۆم پێ ڕانەگیرا .. منیش بە کوڵ دەستم بە گریان کرد .. دەستەکانیم گرت دیسان هەوڵم لە گەڵیدا دا .. تکات لێ دەکەم .. بڵێ ((لَـا إِلَـهَ إِلَّـا اللَّـهُ)) ناتوانم .. ناتوانم .. لێدانی دڵی وەستا .. ڕەنگی ڕەش داگەڕا .. ئەمجار مرد .. دایکەکە ڕووخا .. وە خۆی دا بەسەر سنگیدا و هاوار دەکات .. کاتێ ئەم دیمەنەم بینی خۆم پێ ڕانەگیرا .. هەموو عادەتە پزیشکییەکانم لە بیر چوو .. هاوارم بەسەر دایکەکەدا کرد و گوتم:- تۆ بەر پرسیاریت .. تۆ و باوکی .. ئەمانەتەکەتان بزر کرد خوا بزرتان بکات .. ئەمانەتەکەتان بزر کرد خوا بزرتان بکات ..

﴿أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاءً مَّحْيَاهُم وَمَمَاتُهُمْ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ [الجاثية: ٢١].

واتە:- ئایە ئەوانەی کە گوناهو تاوانەکانیان ئەنجامداوە، وایان زانیووە هەروەك ئەوانە حسابیان بۆ دەکەین کە ئیمانیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە؟! ژیانی دنیاو مردن و دوای مردنیان وەك یەك دەبێت؟! ئای کە بڕیاری خراپ بڕیار دەدەن.

لە كۆتاییدا ..

گەورەترین شتێك كە ڕێگر بێت بەرامبەر بە بەندە بۆ چوونە ناو بەهەشتەوە هاوەڵ دانانە بۆ خوا .. ئەوەیش گەورەترین ئەو حەرامانەیە كە خوای گەورە دیاری كردووە .. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:-

(ألا أنبئكم بأكبر الكبائر ثلاثا؟ الإشراك بالله)[٢٨] .

واتە: ئایە گەورەترین تاوانەكانتان پێ بلێم؟) سێ جار فەرمووی .. گوتیان:- بەڵێ ئەی پێغەمبەری خواﷺ.. ئەویش فەرمووی:- هاوەڵ دانانە بۆ خوای گەورە.

وە هەموو تاوانێك دەكرێ خوای گەورە لێی خۆش دەبێت تەنها هاوەڵ دانان نەبێت . هاوەڵ دانان تەوبەیەكی تایبەتی دەوێت .. خوای گەورە دەفەرموێت:-

﴿إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيداً﴾ [النساء: ١١٦] .

واتە:- بە ڕاستی خوای گەورە خۆش نابێت لەوە هاوەڵ و شەریكی بۆ بڕیار بدرێت و جگە لەو هاوبەش دانانە لە گوناهانی تر بۆ هەر كەس بیەوێت و شایستە بێت وپەشیمان بێت خۆش دەبێت، جا ئەوەی شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە بە ڕاستی گومڕا بووە بە گومڕاییەكی زۆر دوور .

وە لە دیاردەی ئەو هاوەڵ دانانە كە لە زۆربەی وڵاتانی موسڵماناندا بڵاو بووەتەوە .. پەرستنی گۆڕەكانە .. وە باوەڕ بوون بەوەی كە خۆشەویستانی خوا (ئەوانەی كە مردوون) دەتوانن كارەكان جێ بەجێ بكەن وكێشەكان لەسەر

(٢٨) (متفق عليه، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٢٩٩).

خەڵكی لادەن . وە پەنا گرتن و هاوار كردن بەوان .. لە كاتێكدا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ﴾ [الإسراء: ٢٣] .

واتە:– پەروەردگاری تۆ بڕیاری داوە كە جگە لەو كەسی تر نەپەرستن .

وە هەروەها داوا كردن نە مردووان لە پێغەمبەران(سەلات وسەلامی خوایان لەسەر بێت) وپیاو چاكان و غەیری ئەوان بە مەبەستی ئەوەی كە لە تەنگانەكان رزگاریان بكەن .. وە خوای گەورە دەفەرموێت:–

﴿أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاء الْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّـهِ قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ [النمل: ٦٢] .

واتە:– ئایا كێیە جگە لە زاتی پەروەردگار كە بێت بە هانا وهاواری لێقەوماو و بێ دەرتان و بێ دالدەوە، كاتێك نزا دەكات و لێی دەپاڕێتەوە ئەوسا بەلاو ناخۆشیەكان لادەبات و دەتانكاتە نیشتەجێ و جێنشین لە زەویدا، ئایا رەوایە لەگەڵ ئەو زاتە خوای تر هەبێت؟! كەمێك یادەوەری وەربگرن و تێفكرن و بیربكەنەوە .

وە هەندێكیان هەردەم پەنا دەگرن بە ناوی شەیخێكەوە یان خۆشەویستێك لە خۆشەویستانی خواوە .. ئەگەر هەستا یان دانیشت .. وە هەر كاتێك ئەگەر یەكێكیان توشی كێشەیەك یان بەلایەك بوو ئەوا هاوار دەكات ودەڵێت:– یا محمد.. وە ئەویتر دەڵێت:– یا علی .. یا حسین .. یا بدوی .. یا گەیلانی .. یا شاذلي .. یا رفاعی .. وە ئەوتریان داوا لە (العیدروس) دەكات .. وە ئەویتریان داوا لە سیدە زینب دەكات .. یان ابن علوان .. لە كاتێكدا خوای گەورە دەفەرموێت:–

﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ [الأعراف: ١٩٤] .

واتە:- بەڕاستی ئەوانەی ئێوە هاواریان لێ دەکەن جگە لە خواو لێیان دەپاڕێنەوە، چەند بەندەیەکی وەك ئێوەن (هیچیان بەدەست نییە) دە هاواریان لێ بکەن، بابێن بە دەمتانەوە، ئەگەر ئێوە راست دەکەن لەو داوایەتاندا.

وە هەندێ لە گۆڕ پەرستان بە دەوری گۆڕەکاندا دەسوڕێنەوە .. وە دەست لە کۆڵەکەکانی دەدەن .. یان بە دەستیان دەیسڕن .. و ماچی دەکەن و سوژدەی بۆ دەبەن .. وە لەبەر دەستیدا بە خشوع وترسەوە رادەوەستن و داوای ئەنجامدانی کارەکانیان لێ دەکەن وداوای شیفای نەخۆشەکان دەکەن و یان داوای ئەوەی لێ دەکەن کە کوڕیان ببێت .. یان کارەکانیان بۆ ئاسان بکات .. وە رەنگە هەندێ لەوانەی کە سەردانی گۆڕەکان دەکەن .. بڵێت:- ئەی گەورەم .. من لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووم بۆ لای تۆ تکایە پەشیمانم مەکەرەوە .. وە خوای گەورە دەفەرموێت:-

﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ﴾ [الأحقاف: ٥] .

واتە:- کێ لەو کەسە گومڕاترە کە دوعا و نزا و پاڕانەوە ڕوو بە کەسێك یان شتێك دەکات، جگە لە خوا، کە ئەگەر هەتا ڕۆژی قیامەتیش لێی بپاڕێتەوە بێ سوودە، نە بە هانایەوە دەچێت، نە بە پەرستنەکەش دەزانێت، لە کاتێکدا ئەوانە لە دوعا و پاڕانەوەی ئەوان بێ ئاگا و غافڵن و هەستی پێ ناکەن .

وە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت ﷺ:-

(هەرکەسێ بمرێت و هاوەڵی بۆ خوا دانابێت ئەوا دەچێتە ئاگرەوە)[٢٩] ٠

وە هەندێکیان لە نزیکی گۆڕەکان سەریان تەراش دەکەن .. وە هەندێکیان کتێبێك دەنوسێت کە هانی خەڵکی دەدات بۆ ئەو هاوەڵ دانانە وەکو:-

(مناسك حج المشاهد) (واتە: دروشمەکانی حەجی مەزارگەکان) کە مەبەستی لە (المشاهد) گۆڕ و قەبری پیاو چاکانە ..وە هەندێکیان باوەڕیان وایە کە هەندێ لە خۆشەویستانی خوا دەستێکی باڵایان هەیە لە بەڕێوەبردنی گەردووندا .. وە ئەوان زیان و قازانجیان هەیە .. وە خوای گەورە دەفەرموێت: -

﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدُيرٌ﴾ [الأنعام: ١٧]٠

واتە:- دڵنیابە لەوەی ئەگەر خوای گەورە دووچاری زیان و گرفتێکت بکات، ئەوە هەرگیز لابەری نییە جگە خۆی نەبێت، خۆ ئەگەر بیەوێت تووشی خێر و خۆشیەکت بکات، ئەوە ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ٠

وە دروست نییە نوێژ لە مزگەوتێکدا بکرێت کە لە حەوشەکەیدا یان لە ڕووەو قیبلەکەی گۆڕ هەبێت لەبەر فەرموودەیەکی پێغەمبەری خواﷺ کە دەفەرموێت:- (لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)[٣٠]٠ واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە جولەکەو گاورەکان چونکە لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانی خۆیان مزگەوتیان دروست کرد ٠

وە دەفەرموێت:- (ألا وإن من كان قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبيائهم وصالحيهم مساجد ألا فلا تتخذوا القبور مساجد إني أنهاكم عن ذلك)[٣١] ٠ واتە: ئەوانەی لە

---

(٢٩) (رواه البخاري)٠

(٣٠) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٨)٠

(٣١) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢٤٤٥، ٢٧٤٥)٠

پێش ئێوە بوون لەسەر گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکانی خۆیان مزگەوتیان دروست دەکرد، بۆیە ئێوە گۆڕەکان مەکەنە مزگەوت و من قەدەغەتان لێ دەکەم.

وە لە دیاردەکانی هاوەڵ دانان:- سەربڕین بۆ غەیری خوا، خوای گەورە دەفەرموێت:-

﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ [الكوثر: ٢] .

واتە:- کەواتە نوێژ تەنها لەبەر خواو بۆ بە دەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەرگارت ئەنجام بدە و قوربانییش بکە هەر بەو شێوەیە بۆ بە دەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارت .

وە خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت:- (لعن الله من ذبح لغير الله)(٣٢) .

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە بۆ غەیری خوا سەردەبڕێت.

وە ڕەنگە لەسەربڕاوێکدا دوو حەرام کۆ ببێتەوە .. کە ئەوانیش:- سەربڕینە بۆ غەیری خوا .. وەکو ئەوەی کەسێك شتێك سەردەبڕێت بۆ ئەوەی لە غەیری خوا نزیك ببێتەوە .. (وەکو ئەوەی کە لە خاوەن گۆڕەکە نزیك ببێتەوە یان بۆ جنییەك سەردەبڕێت کە لە خراپەی جنییەکە خۆی بپارێزێت .. هتد) وە دووەم:- سەربڕینێك کە ناوی جگە لە خوای لەسەر بهێنێت:- وەکو کەسێك ناوی کەسێکی تر (جگە لە خوا) لە کاتی سەربڕینەکە بهێنێت .. (وەکو ناوی خۆشەویستێك لە خۆشەویستانی خوا یان شەیخێك) وە ئەو دووانە دەبنە هۆ بۆ حەرام بوونی خواردنەکە .. وە هەروەها لە جۆرەکانی هاوەڵ دانان بۆ خوا نەزر کردنە بۆ غەیری خوا .. وەکو ئەوانەی کە نەزر دەکەن و مۆم و ڕوناکی دادەگیرسێنن و صەدەقە دەکەن بۆ خاوەن گۆڕەکان .. وە لە جۆرێکی تر هاوەڵ

---

(٣٢) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥١١٢).

دانان کە ئەمڕۆ بڵاوەی کردووە:- جادوو و فاڵە .. جادوو یەکێکە لە تاوانە گەورەکان .. وە خاوەنەکەی بەرەو کوفر دەبات (خوا پەنامان بدات) وە ئەویش زیانی هەیە و قازانجی نییە .. خوای گەروە دەربارەی فێربوونی دەفەرموێت:-

﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَـكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ﴾ [البقرة: ١٠٢] .

واتە:- ئاشکرایە کە هەرگیز سولەیمانﷺ کافر نەبووە، بەڵکو شەیتانەکان کافربوون بەهۆی ئەوەی کە خەڵکیان فێری سیحرو جادوو دەکرد .

وە ئەو کەسەی کە سیحر بەکار دەهێنی بە کۆڕای زانایان کافرە، خوای گەورە دەفەرموێت:-

﴿إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى ﴾ [طه: ٦٩] .

واتە:- چونکە بێگومان ئەوەی کردوویانە تەنها فێڵ و تەڵەکەی جادووگەرە، جادووگەریش بۆ هەر کوێ بچێت و هەرچی بکات سەرکەوتوو نابێت .

وە هەروەها کاهن و فاڵچی ئەوانە هەردوکیان کافرن بە خوای مەزن ئەگەر گوتیان ئێمە غەیب دەزانین، خوای گەورە دەفەرموێت:-

﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾ [النمل: ٦٥] .

واتە:- ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: جگە لە خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هیچیان ئاگادارنین لە پەنهان و غەیب نازانن .

وە زۆربەی ئەوانە سادەیی هەندێ خەڵکیان قۆستۆتەوە بۆ کۆ کردنەوەی پارە .. وە ڕێگا دەدۆزنەوە بۆ ئاشکراکردنی غەیب وەکو (هێڵکاری لم) و (ناو لەپ خوێندنەوە) و (فنجان) و .. هتد . وە ئەگەر جارێك ڕاست بکەن ئەوا سەد جار درۆ دەکەن، بەڵام گێلەکان تەنها ئەو جارەیان لە بیرە کە ئەو خراپەکارانە ڕاستیان کردووە .. بۆیە دەچن بۆ لایان بۆ زانینی داهاتوو و خۆشگوزەرانی و ناڕەحەتی لە

ژن هێنانەکەیاندا یان بازرگانییەکەی و گەڕان بۆ شتە بزر بووەکان و شتی تر ..
وە حوکمی ئەو کەسەی کە دەچێت بۆ لایان ئەوەیە ..

١- ئەگەر باوەڕی بە قسەکانی هەبوو ئەوا کافرە لەبەر فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت:-

(من أتى عرافا أو كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد ﷺ)[٣٣] .

واتە: هەر کەسێ بڕوات بۆ لای کاهینێك یان فاڵچییەك و باوەڕی بە قسەکانی کرد ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی کە دابەزیوەتە سەر محمد ﷺ.

٢- ئەگەر ئەو کەسەی کە دەچێت بۆ لایان باوەڕیان پێ نەکات و باوەڕیان بەوە نەبێت کە ئەوانە غەیب دەزانن بەڵام بۆ ئەوە دەڕوات تەنها بۆ تاقیکردنەوە و شتی وا . ئەوە کافر نابێت بەڵام تاوانێك لە تاوانە گەورەکانی ئەنجام داوە وبۆ ماوەی چل ڕۆژ نوێژەکەی لێ وەرناگیرێت .. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(من أتى عرافا فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين ليلة)[٣٤] .

واتە: هەر کەسێ بڕوات بۆ لای فاڵچییەك و پرسیاری لێ بکات ئەوا بۆ ماوەی چل شەو نوێژەکەی لێ وەرناگیرێت.

ئەمە لەگەڵ ئەوەی نوێژەکانی و تەوبەی لەسەر فەرزە.. وە لەگەڵ ئەوەیشدا پەنا بردنە بۆ بورجەکانی بەخت لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا .. ئەگەر باوەڕی هەبوو کە ئەستێرە و فەلەك کاریگەرییان هەیە لە گەردووندا ئەوا هاوەڵی بۆ خوا داناوە .. وە ئەگەر تەنها بۆ کات بەسەر بردن خوێندییەوە ئەوا تاوانبارە .. چونکە نابێت کات بەسەر ببات بە خوێندنەوەی (شیرك) وە لەگەڵ ئەوەیشدا شەیتان بەرەو

(٣٣) (رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٩٣٩).

(٣٤) (صحيح الجامع الصغير: ٥٩٤٠).

باوەڕ بوون پێی دەیبات ودەبێتە ڕێگایەك بەرەو هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە، وە لەو جۆرە هاوەڵ دانانە بچووکە کە دەبێتە هاوەڵ دانانی گەورە .. بە کار هێنانی نوشتەو میروو ئەڵقەی کانزایی .. وە دەکرێتە گەردنی منداڵی و غەیری ئەوان بۆ دوور کەوتنەوە لە چاوپیسی .. یان دەیبەستنە جەستەی خۆیانەوە .. یان بە ماڵ و ئۆتۆمبیلەکەیاندا هەڵی دەواسن .. یا خود چەند ئەنگوستیلەیەك دەکەنە دەستیان بە مەبەستی ئەوەی بەلا لەسەریان نەمێنی یان بەربەرچی بداتەوە .. وە هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد حەرامە .. لەبەر فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا ﷺکە دەفەرموێت:-

(من علق تميمة فقد أشرك)[٣٥] .

واتە: هەر کەسێ تەمیمەیەکی(میروو یاخود ناڵی گوێ درێژ یاخود هەر شتێکی تر بۆ خۆ پاراستن لە چاو) هەڵواسی ئەوا هاوبەشی بۆ خوای گەورە داناوە.

وە ئەو کەسانەی کە ئەوانە ئەنجام دەدەن، ئەگەر باوەڕیان وابێت کە ئەو شتانە سوودیان هەیە یان زیانیان هەیە جگە لە خوا ئەوا هاوبەش بڕیاردانێکی گەورەی ئەنجام داوە .. وە ئەگەر باوەڕی وابێت ئەوانە هۆیەکن بۆ سوود و زیان ئەوا هاوبەش بڕیاردانێکی بچووکی ئەنجام داوە .. چونکە خوای گەورە نەیکردووەتە هۆیەك .. وە هەروەها سوێند خواردن بە غەیری خوا .. نابێت هیچ دروستکراوێك سوێند بە غەیری خوا بخوات .. چونکە سوێند خواردن تەنها شایەنی خوای گەورەیە .. پێغەمبەری خوا ﷺفەرموویەتی:- (من حلف بغير الله فقد أشرك)[٣٦] .

---

(٣٥) (صحيح الجامع الصغير: ٦٣٩٤).

(٣٦) (صحيح الجامع الصغير: ٦٢٠٤).

واتە: هەر کەسێ سوێند بە غەیری خوا بخوات ئەوا شەریکی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە.

وە هەروەها سوێند خواردن بە کەعبە نابێت .. یان بە ئەمانەت .. یان بە شەرەف.. وە یان بە ژیانی فلان یان لەبەر خاتری پێغەمبەر ﷺ یان لەبەر خاتری خۆشەویستێك لە خۆشەویستانی خوا یان بە دایکان .. هەموو ئەوانە حەرامن .. وە هەرکەسێ توشی یەکێك لەوانە بوو ئەوا کەفارەتەکەی ئەوەیە کە بڵێت:- ﴿لا اله الا الله﴾ هەروەکو چۆن لە فەرموودەیەکی راست و دروستدا هاتووە:- (من حلف منكم فقال في حلفه واللات والعزى فليقل لا إله إلا الله)[٣٧] .

واتە: هەر کەسێ لە ئێوە سوێندی خوارد و لە سوێندەکەیدا گوتی:- سوێند بە لات و عوزا .. ئەوا کەفارەتەکەی ئەوەیە کە بڵێت .. لا اله الا الله.

وە لەو شتانەی کە مرۆڤ بەرەو شیرك دەبات .. وتەی حەرامە .. وەکو ئەوەی کەسێك بڵێ:- پەنا دەگرم بە خوا و تۆ .. یان .. ئەمە لە خوا و لە تۆوەیە .. یان.. کەسم نییە لە خوا و تۆ زیاتر .. وە راستییەکەی دەبێت وشەی (پاشان) بە کار بهێنێ وەکو ئەوەی بڵێت:- پەنام هێناوە بۆ خوا پاشان بۆ تۆ .. وە هەروەها لەو وشەکانی تردا ..وە هەروەها هەموو رستەیەك کە جوێندانی تیادا بێت بە رۆژگار .. وەکو .. ئەمە زەمانێکی خراپە .. یان .. ئەم کاتە کاتێکی بەد بەختییە.. یان .. زەمانە ستەمکارە .. وە لەو جۆرە .. چونکە جوێن دان بە رۆژگار دەگەڕێتەوە بۆ خوای رۆژگار .. کە ئەویش خوای پەروەردگارە .. وە هەروەها دەبێت پیاوان و ئافرەتانی موسڵمان خۆیان بپارێزن لە بە دیهێنانی شتی تازە لە دیندا .. وە لەو جۆرە ئاهەنگێڕانی دروستکراوە لە دیندا وەکو ئاهەنگی

---

(٣٧) (صحيح الجامع الصغير: ٦٢١٦).

یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری خوا ﷺ یان ئاهەنگ گێڕان بۆ شەوی ٢٧ ی ڕەمەزان ... یان ئاهەنگ گێڕان بۆ شەوی ئیسرا و میعراج .. وە جگە لەوانە چەندەها ئاهەنگی تر .. داوا لە خوا دەکەم کە بتپارێزیت و یارمەتیت بدات .. وە بیروباوەڕت پاك بکاتەوە لە هەموو جۆرە شیرکێك .. آمين ..

لە کۆتاییدا:- ئەی برای خۆشەویست .. ئەی خوشکی ڕێزدار .. ئەم کۆمەڵە ئامۆژگارییە لە ناخەوە دەرم هێناوە .. کە روحی خۆمم بە سەریدا ڕژاندووە .. وە هەموو قسەیەکم بە راستەوە بۆت کردووە .. دەبا بەشی من لە لای تۆوە لە نزایەك کەمتر نەبێت .. کە ڕەحم و بەزەیی خوا دابەزێتە سەرماندا وە تەنها خۆی (أرحم الراحمين) ە .. والله تعالى أعلم .. وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آلـه وصحبه أجمعين .